# کێڵگەی گەنم

# کێڵگەی گەنم

ئەزموون

دڵشاد عەبدوڵڵا

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاْوکردنەوە**

● **کێلگەی گەنم**

● بابەت: ئەزموون

● نووسینی: دلْشاد عەبدوللاْ

● نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی

● بەرگ: هۆگر سدیق

● نرخ: (٤٠٠) دینار

● تیراژ: ٥٠٠ دانە

● چاپخانە: خانی (دهۆك)

● لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن: (٥٧٨) لەسالّی (٢٠١٨)ی پێدراوە.

زنجیرەی کتێب (٩٧٦)

**مالْپەڕ**: www.mukiryani.com

**ئیمەیل**: info@mukiryani.com

# کێڵگەی گەنم

**وەک لاجانگی ڕۆژ پڕە لە شەونمی ڕووناک**
**کێڵگەی وشەکانم**

خۆڵەمێشی خۆت بردە کێو ئەی زارا!

ئەمێستا ئاگری خۆت هەڵگرتووەو دەگەڕێیەوە ناو دۆڵ، ئایا ناترسی سزای ئاگر هەڵگیرسانت بەسەردا بسەپێنن؟

بەڕستەیەکی نزیک لەمەی سەرەوە نیچە کتێبی "زەردەشت وەها دوا"ی نووسی.

دەستپێک هەمیشە خۆڵەمێش نییە، بەڵام مەرجە هەمووجار ئەنجام ئاگر بێ.

ساڵانێک بەسەر کتێبی یەکەمم تێپەڕی،

کە زەویم شۆدا بۆ ئەوەی تۆوی کتێبی تازە بچێنم، هەورێکی چڵکن باڵی بە سەر وڵاتدا گرت.

جەنگ ئەوکی گرتینەوە.

ئەم ناوچەیەی تێیدا دەژین و موڵکی ئێمە نییە!! بووە بەگوفەکی جەنگەکان، وەک مریشک چینەی تێدا دەکەین.

ئەوەی کۆکرایەوە ساڵەهای ساڵ، دەبێتە پووشوپەڵاش بە چەند ساتێک.

دیمەنەکان وەک بزمار دەچەقن لەگڵێنە، دەریشیان بێنم ئازاریان دەمینێ. گوناهی ئێمە چییە، حاکم، سەرۆک، یەزدان؟

وەکو ئەسپی عارەبانە بەرچاوی مەرگی خۆمان کراوەتە سەرمان و ڕێگای نادیار دەبڕین.

من دەمەوێ ئاوڕ لە تەنیشتی خۆم بدەمەوە! بەو کەشتییانەی لە کاغەز دروستیان دەکەم دەریای بێ ئامانی جەنگ ببڕم.

تاکە شتێک لەم جەنگەدا جیاوازە ئەوەیە، ڕەشبگیریی تێدا ڕوونادا، خەڵکی بە لێشاو ناگواسترێنەوە بۆ توونی جەنگ. لە بری ئەوە، جەنگەکان دەهێنن بۆ لامان لە ڕێی تەقینەوەکانەوە. چش لەوەی ڕوودەدا!

بە خولیای عاشقێک گراوی خۆی ببینێ و خۆی لە یاد بکا، یان سۆفییەک لە خەڵوەتدا، یان ڕاستتر وەکو بەنجکراوێک دەرەوەم لەخۆم داماڵی، داینەماڵی بەرگە ناگری.کونجی نووسینم بەرنەدا و بڕیارم دا، هەر ڕۆژە و پەرەگرافێک بنووسم، هەر ڕۆژە و قانە زەویەک بچێنم. شەونمی ئەو دەشتانەی بەسەردا بباریێنم کە دووکەڵی جەنگ نەگەیشتووە پێیان.

نووسین، پرۆسەی چاندنە لە هەوا.

هێندەی پەلکەکان گرینگن، ڕەگەکانیش گرینگن. ئەگەر پەلک شێواز بێ، ڕەگ ئەزموون و ڕۆشنبیرییە.گوڵەگەنمیش لەسەرەتای وەرزدا دەدرەوشێنەوە، بە پێچەوانەی پرۆسەی چاندنی دی، کە خەلە وخەرمان لەکۆتایی وەرزدا هەڵدەگیرێتەوە.

ئەو شوێنەی لە تەوراتەوە ناوی بە ئاخی کورد هاتووە، کوردستان (پێشنیارێکی جوان هەیە بۆ ئەوەی ناوی بکرێ بە کۆردۆنیا)، وەک دوورگەیەک، ئاکنجی لە بێکەس و پەراوێزکەوتووان. لەناو ئۆقیانووسی پڕ دز وچەتەی دەریایی حەفت سەر وحەفت زمان، کەوتە بەر شەپۆلی بێ ئامان. ئێمە لە کوێ و پێشینەی ئەم جەنگە لە کوێ؟ ئامان.

لە ڕۆژانی جەنگدا:

کێڵام، چاندم تا توانیم. چش لەبەرهەم!

ئەم عەبەسە، شکۆی ئەدەبە لەناو بێ شکۆیی جەنگدا.

دایکم هێشتا لە ژیاندایە. مادامەکی ئەویش هەناسە دەدا ترسی بارانم نییە.

جاران باوکم زەوی بۆ دەکێڵام، دایکم بارانی دەهێنا، ژنەکەم دروێنەی دەکرد.

ئەمساڵ خۆم ملم بە زەوییەوەنا و خاکی ڕەقی بێ باوکیم کێڵا.

کوڕ هەتا هەتیو نەکەوتووە خەمی زەوی کێڵانی نییە، هەتا دایکیشی مابێ خەمی بارانی نییە، هەتا ژنیشی مابێ خەمی دروێنەی نییە.

هەندێک جار،

بیر لە کرمی ئاوریشم دەکەمەوە و بەراوردی دەکەم لەگەڵ نووسین.

ئەکید تاسەر بیر لە کرم ناکەمەوە، هەڵۆ دێتە ناو ڕستەوە!

نووسین ئەگەر بەرزەفڕو دوور نەڕوانێ خەسڵەتی ئەدەبی نابێ.

لێکچوون تا دێ دیمەنی نوێ دێنێتە ناوەوە. لە نێوان گەنم و کرم و هەڵۆدا مرۆیەک هەیە، توانای نووسینی ئازارو خۆشییەکانی هەیە و

ئەفسوونی هەڵگێڕانەوەی بەدبەختی هەیە. وەک یاریکەری سێرک پەتبازی دەکا و تەشق و فەزای سیحراوی دێنێتە ئاراوە.

ژیانی هەر یەکێک سەرەتا لە شتێکەوە دەست پێدەکا، ڕەنگە ئەو شتە کرچ وکاڵیش بێ، دواتر بە ئاستی هەوڵدان و بەهرە گەشە دەکا.

نەوەی ئێمە، نەوەیەکی ماندوو، زۆری دی وکەمی چنییەوە.

دوو هەرای شۆڕش و دوو شکستی گەورە و ڕاپەڕین وکۆڕەو، سێ جەنگی گەورە و هی تریش بەڕێوە...لە هەمووشی تاریکتر ئەزەلییەتی پەرتبوون و لەتبوونیەتی، بە ئەندازەیەک یادەوەری هەر تاکێک هەڵدەیتەوە، سندوقێک وێنە ڕەشەکانی جەنگی ناوخۆ و خیانەتی تێدا هەڵگیراوە. لە ئاستی ژیانی کەسیشدا، لەکڵاشخوارێکی هیچ نەبووەوە تا فڕین بە فڕۆکە و مۆبایل و ئاپارتمانی دیڤان و پارک ڤیو و شاری جوان و ملیاردێری قارچکیی! هەموو ئەوانەش نەبوون بە مایەی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارام بۆ خۆی.

تەپوتۆزی هۆز و ئاین و خێڵ هێشتا نەبڕاوەتەوە، هێشتا ئەو پەندە پەیڕەو دەکرێ، لە کێ پسا لەوێ گرێیدە.

نەوەی ئێمە لە قەپێلکی جەهالەت هاتۆتە دەرێ، بەس وەک زەرنەقووتە لیچی جەهالەتی پێوە نووساوە. لەوەش ترسناکتر چڕنوکی داڵی لەناوچوون بە ئاسمانەوە هێشتا هەڕەشەن.

هێشتا نە خۆمان دەناسین نە دوژمن و دۆستەکان. هێشتا.....

*

ئەم کتێبە،

سەرەتا کۆمەڵە فەزایەک بوو بۆ نواندنی ئەزموون، خەسڵەتی گۆشەیەکی ڕۆژنامەنووسی هەبوو، هەر بۆ ئەم مەبەستەش لە نێوان ٢٠١١/١١/٥ تا ٢٠١٢/٨/٢٩ نووسراوە و بەشێکی لە ڕۆژنامە بڵاو

بۆتەوە. قانێک بوو هەتا هات فراوان بوو. زنجیرەیەک جۆگە و چۆم بوو هەتا هات گەورە بوو،کە ویستم وەک کتێب کۆیان بکەمەوە، هەندێک هەڵەم چاککردەوە، ئەوانەی زەفەرم پێیان برد. دەستکاری هەندێکیانم کرد لەو شوێنانەی پێویستیان پێی بوو، ئاقاری کارەکەم فراوانتر کرد. ئەو دەستکاریانە مافی نووسەرە. هەندێک بە پێچەوانەوە، نووسین وەکو منداڵ دەبینن کەگەورەبوو، هاتە بڵاوکردنەوەکەسایەتی خۆی دروست دەکا و نووسەر مافی بەسەریەوە نامێنێ. هەردوو بار شتێک لە ڕاستیان تێدایە. گرینگ ئەوەیە مۆرک و تامی یەکەمینجاری نووسینەکە نەشێوێنرێ.

به ڕێکەوت سەرەتای ئەم کتێبەم لە دەرەوەی وڵاتدا نووسی. لە دانیمارکەوە دەچووینە سوید، لەناو شەمەندەفەر بەتەک (نەهلە)وە هەندێک سەرەقەڵەمم وەک سەرەتا لە دەفتەری بەر باخەڵدا نووسی. فەزڵی ئەو ژنە زۆرە بەسەرمەوە، ئیلهامی زۆربەی نووسینەکانم بۆ بەخشندەیی و گیانی لێبووردەیی ئەو دەگەڕێتەوە. بۆنەیەکی باشە بۆ ئەوەی ئەو قەرزەی ئەو لەسەرشانم کەمێک کەم بکەمەوە.

نووسینەوەی ئەزموون کارێکی ئاسان نییە، سەلیقەی هەڵبژاردن و جیاکردنەوەی بابەتەکانی پێویستە. ئەوجا جورئەتی دەربڕینی بۆچوونی خۆت لەبارەی دیاردە و ڕووداوەکانەوە بە مەنتیقێک کە بتوانی خاڵی هاوبەش بدۆزیتەوە لە نێوان خۆت و خوێنەردا.

لەبەرئەوەی لە تەمەنی سەرووی چلەوە ئەو وڵاتانەم دیوە کە لە هەندێک شوێنی ئەم کتێبەدا باسم کردوون و شارەزاییەکی ئەوتۆشم لە بارەیانەوە نییە، بە تایبەتی وەکو پێویست تێیاندا نەژیاوم، تا زانیاری کەڵەکە بوو پەیدابکەم. بۆیە ئەوەی کە پەیوەستە بە دیاردە و شوێنەکانەوە باری سەرنج و ڕەنگدانەوەی ئەو شارەزاییەیە کە لە

ئەنجامی سەردانی کورت وخوێندنەوەوەدا گەڵاڵە بوون. باقی نووسینەکان لێکدانەوەی تایبەتی و دنیابینی خۆمە لە سنووری بابەتەکاندا هەڵچنراوە.

هەر هێندە پێشەکی بەسە. "قسەکان تێکڕا، لەمەڕ قسەیەکەوەن کە لە گوتنی داماوین" یەدوڵڵای ڕوئیایی.

گرینگ سەرمەستییە نەک ئەو جامەی بادەی پێ دەخۆینەوە.

ئەم ڕستەی چیخەف گونجاوە بۆ دەستپێک،

جا جام زیوە یان قوڕ چ قەیدی.

هەولێر. ٢٠١٧

## هیلسنیور و هاملێت

**بۆنی سروەی تاریکی لە دالانی چۆڵ**

**بۆنی سرکەی ڕابردوو لە دیواری خۆڵ**

بەتەنیا بینا و شەقام، یان کارگە و ئامێری گواستنەوە شار دروست ناکەن، بەڵکو سیستەمی بەرهەمهێنانی هێما و وێنەی هەمەجۆر و خەیاڵی داهێنەرانە شار لەشوێنێکی وشکی قابیلی مردنەوە دەگۆڕن بۆ شوێنێکی قابیلی ژیانی تا هەتایە وەکو جوناسان ڕابان ئاماژەی بۆ دەکا لەکتێبی (شاری نەرم)دا. من ئەم کتێبەم نەخوێندۆتەوە، بەڵام دێڤید هارفی لە کتێبی(دۆخی دوای تازەگەریی)دا کە توێژینەوەیە لەبارەی بنچینەی گۆڕانکاری کولتوورییەوە، ئەم کتێبەی ڕابانی وەک سەرەتا داناوە بۆ خیتابی نوێی ژیانی شار. زیندوویی ژیانی شاری مەبەستە وەکو تاکی گشتی و مقاوەلاتی بازرگانی، بە پێچەوانەی تێگەیشتنی عەقل و چینایەتی بۆ شار.

شار ئەندامێکی زیندووە گەشەدەکا. ئەندامی لەشیش هەمان ئەندامی سەرەتا و منداڵیی نییە لە گەورەیی و پیرییدا. شار ژمارەیەکی بێ سنوور ئەندامە و بە جیا و بە یەکیشەوە دەجووڵێنەوە و گەورە و ئاڵۆز دەبن.

لایەنی فەرمیی دەسەڵات نەخشەی شار دادەڕێژێ، بەڵام ئەوەی دروستی دەکا ئارەزوو و خواستی ئاکنجیانە.

ئەو هێما و وێنانەی لە شارەکاندا ڕاماندەکێشن بۆ بینینیان نەخشەکانیان نییە، بەڵکو بەرهەمی خەیاڵ و ئارەقەڕشتنی ئاکنجییانە.

هیلسنیور شارێکە کەوتووەتە ڕۆژهەڵات لە وڵاتی دانیمارکدا. دانیشتوانی نزیکەی ٤٧ هەزار کەسە. ئەوەی منی برد بۆ دیتنی، نەخشە و جوانی شارەکە نەبوو، قەڵایەک بوو کە ناوی قەڵای هاملێتە.

قەڵای پاشایەتی( تاج)کە سەردەمی هەستانەوەی ئەوروپا دروستکراوە. شوێنەوارێکی گرینگی گەشتوگوزار و کولتوورە و بە قەڵای هاملێت ناوی دەرکردووە.

دوای نیوەڕۆیەکی هاوین چووین بۆ دیتنی قەڵاکە.

هێڵی ئاسنین لە کۆبنهاگنەوە بە دەریادا دەپەڕێتەوە بۆ مالمۆی سوید ئەو شوێنەی دەمانویست بۆی بچین.

بۆ دیتنی قەڵای هاملێت بەرنامەی گەشتەکەمان گۆڕی. لەبری کۆبنهاگنەوە کردمان بە هیکسنبۆرگ(کەشارێکی سویدە و بەرانبەر هیلسنیورە) بۆ ئەوەی لە وێوە بچین بۆ مالمۆی.

پێشتر شتێکی ئەوتۆم لەبارەیەوە نەدەزانی، بە هۆی هاملێتەوە ناوم بیستبوو. شیکسپیر کردوویەتی بە ئیلسنیور ئازاد مەولوود وتی. ئازاد و سیوەی هاوژینی لە کۆبنهاگنەوە لەگەڵمان هاتبوون.

لە هۆڵ و ڕاڕەوەکاندا هێندەی دەنگدانەوەی دایالۆگەکانی هاملێتم گوێ لێ دەبوو، هێندە دەنگی پاشاکانم نە دەهاتە گوێ. نەهلە جارجارە وەسفی کەلوپەلە کۆنەکانی بۆ دەکردم و ژیانی پاشاکان سەرسامی کردبوو.

قەڵا کەوتۆتە سەر دەریای باکوور. هۆڵی گەورە و ڕاڕەوی نیمچە تاریکی، کەرەستە و کەلوپەلی پاشاکان، هەر لە فەرش و تابلۆی گەورەی دانسقە و قاپوقاچاخی فەخفووری گرانبایی تا دەگاتە

دۆشەک و بالیفی ئارمووشین هەموویان پارێزراون و بەیەکەوە زەمەنی هاملێت دێننەوە یاد. ئەم جۆرە شوێنانە ژیانی چینەکانی سەرەوەنیشان دەدەن.

شیکسپیر تاموبۆیەکی تایبەتی داوە بە قەڵاکە ومۆرکی خۆی تێدا بەرجەستە کردووە.

( تاج) ساڵی ١٥٨٤ ی زایین دروستکراوە. شیکسپیر ساڵی ١٦٠١ ی زایین دەقی هاملێتی نووسیوە و ئەم قەڵایەی هەڵبژاردووە بۆ شوێنی تراجیدیاکە.

جەبرا ئیبراهیم جەبرا کە هاملێتی وەرگێڕاوەتە سەر عارەبی، لەبارەی هاملێتەوە لەپێشەکی کتێبەکەدا دەڵێ، کەسایەتی هاملێت ئەندێشەی شاعیر خوڵقاندوویەتی، دواتر لە ئەندێشەی شارستانیەتدا بەرجەستە بووە.

هاملێت وەک بوونەوەرێک لە مێژوودا، هەروەها وەکو بنیادنەرێکی مێژوو دەرکەوتووە وکەسایەتیەکەی مایەی تێرامانی نەوەکانە و لە چەندین ئاستەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێ.

ئەگەر وەکو عاجباتیەکانی دنیا عاجباتی ئەدەبیش هەبێ، هاملێت بە دڵنیاییەوە یەکێکە لەو عاجباتیە ئەدەبیانە. دەڵێی فلیپاسی فینیقییە وێنەکەی فڕێ دەدرێتە دەریاوە بۆ دەستپێکردنی ژیانێکی نوێ، یان قەقنەس، کە لە خۆڵەمێشی خۆی نوێ دەبێتەوە. ئەم لەیەکچوونە گونجاوە بۆ هاملێت.

قەڵا بە باخچە و گۆلی بچووک دەورە دراوە. چەند تۆپێکی لوولە کورتی کۆن لەبەردەمی دانراون ڕوویان لە دەریایە، ئاماژەدەکەن بۆ ئەوەی مەترسی لە دەریاوە دێ.

ئەو وڵاتانەی سنووریان لەسەر دەریایە لەکاتی ئاڵۆزیی و جەنگدا کەنارەکان دەبنە مایەی هەڕەشە و مەترسی.

قەڵا بە تەنیا ئامرازی خۆپاراستنە لە جیهانی دەرەوە.

لەهاملێتدا قەڵا لەناوەوە دەشکێ. خیانەت کرم و خۆرکی دەسەڵاتە، هەردەم لەناوەوە تەشەنەدەکا.

ژیان بریتیە لە هەردوو دیو، ئەوانەی خیانەت دەکەن لە لایەک و ئەوانەی شمشێر هەڵدەکێشن بەرانبەر خیانەت و جەنگ بەرپادەکەن لە پێناو سەرکەوتنی ڕاستیدا. ئەو گشتبینییە دیوێکی سەرکەوتنی شیکسپیرە لە تراجیدیاکانیدا.

بۆنی شێ کە هێمایە بۆ کۆنی شوێن لە ڕاڕەوەکاندا بڵاوببووەوە.

بۆنی کەلوپەلە کۆنەکان، بۆنی گەوڕ و زیندان، بۆنی کەنیزەک و خزمەتچی و پاسەوان،

تێکەڵ بە بۆنی وشەو ڕستە بارگاویەکانی هاملێت ببوون.

بۆن بەشێکە لە شوێن کەچی لەم جۆرە شوێنانە هێمای زەمەنیش دەبەخشێ.

لەشەودا هێماکە باشتر بەرجەستە دەبێ وەک ئەوەی بە ڕۆژی ڕووناک بیبینی.

کاتی سەردانەکەی ئێمە ڕۆژ بوو، بۆیە ئەگەر کێماسیەک هەبێ لەوەسفدا بۆ کاتی بینینەکەی دەگەڕێتەوە.

لەگەڵ گەیشتنی ئێمەدا تیپێکی هونەری خەریکی پڕۆڤەبوون، ئەم نمایشە نە دوا نمایش دەبێ و نە سیحری دراماکە وا بە ئاسانی چک دەکا.

لەساڵی ١٨١٦ ەوە بەبۆنەی دووسەت ساڵەی کۆچی دوایی شیکسپیرەوە تا ئەمڕۆ هاملێت نمایش دەکرێ هەر جارە و لەهەر شوێنە بە دید و جیهانبینییەکی جیواز.

هاملێت چەند درامایەکە لەناو یەک دەقدا.

(یان کوت) وەکو دۆسیەکی مێژوویی و ڕۆمانێکی پۆلیسی و درامایەکی فەلسەفی دەیبینێ.

دیارترین ڕستەی تراجیدیاکە ئەمەیە: ببی یان نەبی؟ ئەمە پرسیارەکەیە.

ئایا شکۆمەندی ئەوەیە دان بەخۆتدا بگری بەرانبەرکرداری بێ بەزەییانەی رۆژگار و تیرەکانی،

یان شمشیر هەڵکێشی بەرانبەر زەریای ستەم؟

ئەو پرسیارە وجودیەی لە ناخی تاکەوە هەڵدەقوڵێ و بەرهەمی ئاژاوەی لێکدانەوە سۆزدارییەکانە و ئەنجام دەبێتە مایەی تێکشکاندنی مەملەکەتێک کە لەسەر پایەی خیانەت و غەدر بنیاتنراوە.

مێژووی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم لە سپارتاکۆسەوە تا گیڤارا زنجیرەیەک شۆڕش و ڕاپەڕینە،

ناو کۆشکەکانی دەسەڵاتیش هێشتا پڕن لە پیلان و دیواری زۆرداری هەتا هاتووە بە دەوریاندا هەڵچنراوە.

جۆری ئاراستە و پێکهاتەی هاملێت جودایە.

مەیدانی جەنگ لای هاملێت ناخێکی شڵەژاوی پەشۆکاوە،

بە شێوەیەکی تر جەنگ لەبەرانبەر دوژمنانی ڕووناکی بۆ لادانی پەردەیە لەڕووی ڕاستیدا.

کەسایەتی میرێکی بەجەرگ و خوێنگەرم و بەسۆز ڕووبەڕووی خیانەت و کوشتن دەبێتەوە.

هاملێت درامای هزرە نەک تۆڵەسەندنەوە.
کەسایەتییە تراجیدییەکە شەپۆلی سۆزێکی بێ ئۆقرە لە لێواری شێتی نزیکی دەکاتەوە، سۆزێکی مرۆیی بێ ئەندازەش ڕادەکێشێ بۆ لای خۆی، ئەو لایەنە سۆزدارییە لەکەسایەتییەکەدا کەفی سەر ڕووی دەریایە، دەریای ناخ.
تی. ئێس. ئیلیەت ئەم سۆزداریە وەکو خاڵی لاوازی دراماکە دەبینێ،
بەگوێرەی بۆچوونی ئەو، ئەدەب نابێ بکەوێتە ژێر کاریگەری ڕاستەوخۆی سۆزەوە.
پێم وایە شیکسپیر خۆیشی کەوتۆتە ژێر کاریگەری کەسایەتی هاملێتەوە ئەگینا ئەو سۆزدارییەی ئیلیەت باسی دەکا لە دراماکانی تریدا کەمتر دەرکەوتوون.
ناوبانگی هاملێت هێندە بڵاوە نووسەرێک لەبارەیەوە دەڵێ،
بیبلۆگرافیای ئەو توێژینەوە و نامە ئەکادیمیانەی سەبارەت هاملێت نووسراون زۆر گەورەترە لە ڕێنیشاندەری تەلفۆنی هەر پایتەختێکی گەورە.(یان کوت) بەراوردی دەکا لەگەڵ مۆنالیزا،کەچۆن زەردەخەنەکەی ئەو بۆتە دیاردەیەکی جیهانی، ئاوهاش هاملێت لەوە دەرچووە هەر لەناو دەقەکەی شیکسپیردا مابێتەوە، چۆتە دۆخێکی جیهانیەوە بۆ هەموو سەردەمێک.
جگە لە ڕەهەندی ئەدەبی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆجی و میتافیزکی و ئاکار و هەتا سیاسیشی تێدا دەدۆزرێتەوە، سەرەڕای خۆشەویستی و کوشتن و کێشە قووڵەکانی تری ژیان.
هاملێت دەقێکی تەواو نەبووە،

بەو مانایەی هەر بەهرەمەندێک دەتوانێ لەهەر شوێن و سەردەمێک ئەندێشە و توانای ئەدەبی و هونەری خۆی پێ زاخ بدا و ڕەهەندی تازەی تێدا بدۆزێتەوە، بە مەرجێک دنیای خەیاڵکردی شکسپیر تێک نەدا.

هەروەها،

وەکو ماسک بۆ کاری ئەدەبی و هونەری بەکاری بێنێ. ئەم ڕەهەندە جیهانییە لە سروشتی ئیسفەنجی کەسایەتییەکە سەرچاوە دەگرێ کە توانای هەڵمژینی دیوی تری ڕووداوەکانی هەیە.

نووسینە ڕەسەنەکەی شیکسپیر ئیلهامی ئەو هەموو شکۆیەن نەک شتێکی تر.

قەڵای تاج بۆ مەبەستی تر دروست کراوە،

هاملێت مانا و مەغزای خۆی تێدا بەرجەستە کرد و تاپۆی کرد لەسەر خۆی.

## ئەزموون

**کەتەم ڕووی دەریای داپۆشی**
**مانای ئەوە نییە دەریا دیار نییە**

ئەزموون پوختەی سەرکەوتن و نشوستییەکان نییە، بەڵکو تێگەیشتنە لە پرۆسەی بنیادنانی خود.

تێپەڕاندنی ئیشکالیەتی دەرەوە و ناوەوەیە بە ئاراستەی درەوشانەوە.

ئەزموون ئەو شتانە نییە کە لە شوێن و زەمانێکدا کۆیان دەکەیتەوە، بەڵکو سەیرووڕەیە. ئەو هەیکەلانەیە کە هەست و هۆش و نەست و خەیاڵ لە ڕێی زمانەوە بنیادیان دەنێ. دروستکردنی کوخێک نییە لەناو دارستاندا. بەڵکو دارستانە بۆ پەنادانی کوخێک.

لای شاعیر ئەزموونی ژیان و ئەزموونی ڕۆشنبیریی تێکەڵ دەبن، یەکیان سەلاسەت دەدا بە تێکست و ئەوەی تر تەکنیکی بۆ دروست دەکا.

ئەوەی ڕەوایی دەدا بە ئەزموون تێکستە، کە توانای هونەریی و دنیابینی شاعیر دەردەخا.

ئەزموون وردەکاری بنیادنانی ئەو دنیابینینەیە.

بە مانایەکی تر شەربەتی زیاد لە ژیانێکە!

ژیانی خۆی و ژیانی ناو بەرهەمەکانی و ژیانی ئەوانی تر لە واقیع و خەوندا. لەبەر ئەو مەبەستە کۆکەرەوەیە ماوەیەک شاعیر وەکو زمانحاڵی هۆز و عەشیرەت و نەتەوە سەیر دەکرا، تا ڕۆمانسییەت ئەو بارەی پێدانا.

نووسینی ئەزموون دوو سەرەیە، هەن قازانجی لێ دەکەن بۆدەرخستنی ڕەهەندی تێکست، هەشن بە نێگەتیف دەشکێتەوە بۆیان. شارەزابوون لە ژیانی کەسی شاعیر مەرج نییە بۆ تێگەیشتن لە بەرهەم، تێکست شتێک دەڵێ ڕەنگە جیاواز بێ.

چیت داوە لەوەی نالی حەبیبەی ڕاستەقینەی هەبووە یان نا، گرینگ ئەوەیە لە شیعردا حەبیبەیەک دەناسی کە هەوێنی شیعری نالی بووە. یان، چیت داوە لەوەی ئەزرا پاوەند لە ڕادیۆی نازییەکاندا کاری کردووە یان نا. ئەو ڕەوتی شیعری نوێی لە جیهاندا گۆڕی. ڕامبۆ چی لە بارەی ژیانییەوە نووسی؟ بەرهەمەکانی نەک هەر سروشتی ژیانی ئەویان پێ ناساندین، بەڵکو بوون بە بیانوویەک بۆ گۆڕینی بۆچوونمان لەبارەی کەوتنەکانییەوە.

هەڵخستنی ژیانی کەسی شاعیر لەسەر تەنافی شیعردا جۆرێک ڕەوایی پێدەدا، وەکی تر زۆر پێویست نییە. ئەوانەی مێژووی ئەدەب دەنووسنەوە دەتوانن ئەم کارە بکەن بە سەرمەشق نەک شاعیرەکان خۆیان.

ئەگەر لە ژیانی نووسەران و پێغەمبەران ورد بینەوە و خوێندنەوەی دەروونییان بۆ بکەین، هەندێک گرێ و ئاڵۆزیی دەبینرێ کە بۆ خوێنەری ئاسایی وەکو هێدمەیە، لە کاتێکدا بۆئەوان بۆتە خاڵی بە هێز.

مەسیح کوڕی باوکێکی ئاسایی بایە، بەم چەشنە دەبوو؟ هەستکردن بە گوناهو ئەو سادیزمەی لە ئەنجامی بە خێوکردنیەوەلە لایەن دایانەکانی نەبایە محەمەد بەم چەشنە دەبوو؟ بۆدلێر و ڕامبۆ باوکێکی دلّڕەقیان نەبایە ....تاد. دەبینین ئەم لایەنانە لای ئەفرێنەر بوون بە مایەی بەهێزیی. سەرچاوەی ئەم بۆچوونەشم دەقەکانە.

*

نەمام هێز لە دارستانەوە وەردەگرێ بەر لە خاک و هەوا.

ئەگەر ئەدەبی کوردی ئەزموونی کەڵەگەتی جۆراوجۆری لە خۆیدا کۆکردبایەوە، نەوەی نوێ کە دەستی پێدەکرد پشت ئەستوورتر دەبوو.

هاوشانی فرە ئەزموونی ئەگەر ڕەخنە و ئەکادیمیای زیندووش هەبوایە ئەو گەڕەلاوژەیەی هەیە دەنیشتەوە و جورئەتی خۆدەرخستنی نەدەبوو.

*

جوانترین خاک ئەو خاکەیە کە یاریمان تێدا دەکرد
جوانترین کتێب ئەو کتێبەیە کە ئەلفوبێمان لێی خوێند
جوانترین ئاو ئەو ئاوەیە کەکەشتی کاغەزمان تێ دەخست .....
جوانترین وڵات ئەو وڵاتەیە،
کە حیکایەتەکانی زۆرترن لە قەناعەتە گشتییەکانی،
شتەبچووکەکانی زۆرترن لە شتە قەبەکانی.
ژیان هەرەس دێنێ لە ژێر باری شتە قەبەکان.
هەموو شتێک بۆ ئەوەی بسەلمێنرێ قەبەدەکرێ،
شتە قەبەکانیش پڕن لە بۆشایی.

گەر بتەوێ سفت و هارمۆنی بێ، بچووکیان بکەوە وبیانخەوە دۆخی خۆیان.
کێ باسی ئەو شتە بچووکانە دەکا؟
منداڵ یاری پێ دەکا و شاعیر دەینووسێتەوە و دوورخراوە(مەنفی) هەلوەسەی پێ دەکا.
پیری کەنەفت دڵی پێ دەداتەوە و کابان پەنجەی خۆی پێ دەبڕێ و زیندانی،
دەیکا بە کەلە شقارتە و کۆشک و تەلاری لێ دروست دەکا .....
سندووقی ئێکسسوار و مۆروو و ماکیاجی جوانکردنن، وەک ژنێک پارەیەکی زۆر سەرف دەکا بۆ کڕینیان و مەبەست هەر تەنیا شاردنەوەی چرچولۆچی ڕوو نییە، دڵخۆشی و لەزەت وەرگرتنیشە.
**ئەمانە پوختەی تێگەیشتنی منە.**

*

خواو فلّچەی ددانم هەردووکیان دادان: تریستان تزارا.(دادا بەگەورە و بچووکی نییە). گونجاوترین پاڵپشت بۆ تێگەیشتنی من.

*

لە تەوراتدا سەرەتاکان یەکن، پاشان جیاوازی دروست بوو لەبابل(حیکایەتەکان دەگێڕنەوە).
سەردەمی خواوەندەکان و سەردەمی نیمچەخواوەند و سەردەمی ئادەمیزاد! (ئەم وشەی دوایی لە باری ئیتمۆلۆجییەوە ڕەگێکی ئۆلی هەیە من ئەو ڕەگەم هەر لەبەر خاتری وشەی خواوەند بەکارهێناوە، ئەگینا مرۆ، مرۆڤ،مەردم، یان ئینسان وجودیانەترە).
دەریاکان دروست بوون ئەوجا جۆگە و ڕووبارەکان
گۆی زەوی ئەوجا کیشوەر و زێدەکان

ڕووناهی ئەوجا شەو و ڕۆژ. ئەمەش گێڕانەوەیەکی ئاینیە بە شێوەیەکی تر.

*

وەکو چۆن پەیکەرتاش بەرد هەڵدەکۆڵێ بۆ بەرجەستەکردنی خەون و بیرکردنەوەی،
شاعیر زمان هەڵدەکۆڵێ بۆ دۆزینەوەی.

*

شتە قەبەکان کە کەڵەکە دەبن، دەبن بە دیاردە و جیاوازییەکانی ژیان دادەپۆشن.
دیاردە بەکەڵکی شیعر نایێ.
شەهید،خۆشەویستی، ئازادی.... لەشیعردا ئەم وشانە زۆر بەکارهاتوون، بەڵام دەبێ شیعر خۆی لەو گشتییە بپارێزێ و لە ئەزموونی تاکەکاندا و لە بۆتەقەی ئازار و خۆشی کەسەکاندا بیان توێنیتەوە.
ئەم وشانە گشتێنراون و کراون بە چەمک.کاری شیعر گشتاندن نییە.
کەسێک ژیانی خۆی بەخت دەکا لەپێناو مەبەستێک. ئەمە مانایەکی گشتییە.
جا ئەو کەسە خەیاڵی لای کچێک، ژنێک، منداڵەکەی، ماڵەکەی، یان گوندەکەی، یان قانەزەویەک بووە،گرینگ نییە.
ئەو بیری لای مانا نەبووە، جا مانا چی بووە گرینگ نەبووە، دواتر مەرگ مانای خوڵقاندووە.ئەو بیری لای مەبەستی خۆی بووە، یان ڕەنگە مەبەستێکی دیاریکراویش لەو کاتەدا دیار نەبووە.

غەدرێک، پەڵەخوێنێک، نامەیەک، چووزانم شتێک کە ڕەنگە لای کەسانی تر ئەو بایەخەی نەبێ، دەبێ بە هەوێن بۆ دۆزینەوەی خاڵی هاوبەش.

ڕەنگە خۆشەویستی وڵات، یان ئازادی، بەو چەمکە سیاسی و فەلسەفییە لە بیری شەهیددا نەبووە.

ئەو بیرکردنەوانە لای بیرمەندو سەرکردەکان هەن، ئەوانیش کەمتر شەهید دەبن.

هەن بە ڕێکەوت شەهید دەبن، یان بەبێ ئاگایی، ئەو دۆخانە هیچیان لە بایەخی شەهیدکەم ناکەنەوە.

شیعر ئەو دۆخە دەدۆزێتەوە بۆ چوونە ناو دنیای شیعرییەتەوە، واتا شیعرییەت ڕەوایەتی و نا ڕەوایەتی دەبەخشێ نەک بابەت .

چەمکەکان قابیلی گۆڕانن بەڵام ژیان ناگۆڕێ،

ئەوەی دەگۆڕێ، قەناعەتی مرۆڤەکانە.

هەست لای شاعیر لە پێش ئاوەزەوەیە،

هەموو ئەو شاعیرانەی هەستیان سەرەڕای ناسکی تیژو درەوشاوەیە، بەرهەمیان زیندووترە.

لەگەڵ ئەوەی شیعر بە تەنیا لەهەست دروست نابێ.

شۆڕشە شیعرییەکان لە دژی ئاوەز هەڵدەگیرسێن،

ئاوەز قەپێلکی دەسەڵاتە.

فەخامەتێک هەیە لە زماندا شیعرییەت دروستی کردووە، سەرچاوەکەی هەست و ئەزموون و شارەزاییە.

ئەزموون و شارەزایی خۆڕسک نییە، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە،

لەم پرۆسەیەدا، ئەوەی گرینگە زاتێکی خوڵقێنەرە.

وەک،

(تاڵە موویەکی سپی لە پێستیگایەکی ڕەشدا، یان تاڵە موویەکی ڕەش لە پێستی گایەکی سپیدا).دەشێ ئەم فەرموودەیە لە باری کەسیدا بۆ ئەو کەسانە بەکار ببرێ کە داهێنەرن.هەر کۆمەڵگەیەک ئەم جیاوازییە فەراهەم بکا فەوزایە.

شاعیران وەکو نەرگسی ناسراون، نەرگسی ئەوان لەو جیاوازییەوە دێ، ئەگینا کەس وەک شاعیر خاکی نییە لە ناخی خۆیدا. ئەو کە ئامادەبێ خۆی بکا بە قوربانی تاڵە موویەک یان، بەرانبەر پەلکێک بچەمێتەوە چ جای مرۆڤێک یان، دیمەنێکی ئینسانی.

نەرگسی هی بەهرە و زمانەکەیەتی، ئەویش ئەگەر بۆ خزمەتی ئینسان نەبێ چییە؟

کەرەستەی کاری ئەو زمانە، زمانیش چالاکییەکی هاوبەشە.

*

ڕەفزکردنەوە کاری من نییە، خوڵقاندنی جیاوازی کاری منە.

دۆزینەوەی جوانی لەناو شتە قێزەونەکانیش مەحاڵ نییە.

گرینگ دۆزینەوەی ئیکسیرە.

## تەمومژی پشت پەنجەرە

**تیر کوێرە !**
**دەیگرنە ڕووناکی**
**بەر دڵی شاعیر دەکەوێ**

بە ڕێکەوت لە دەفتەرێکی بیرەوەرییەکانمدا چاوم نیشتە سەر ڕستەیەک وموچڕکم پێداهات:

دنیا چەند زاڵم بوو بەرانبەر لۆرکا!

ئەوەشی بۆ زیاد دەکەم، جا هەر لۆرکا؟!

ئەم ڕستەم دوای خوێندنەوەی کتێبی (غەرناتەی لۆرکا)ی ئەیان جبسۆن نووسیبوو.

دنیا چۆن خێر لەخۆی دەبینێ!

دیارە من نامەوێ تۆماری غەدرەکان بکەم، ئەمجۆرە نووسینە نە کاری منە و نە هێندە ئاسانە چوونە بنج و بنەوان ودۆزینەوە و بەدواداچوونیان. چەند نموونەیەکم هەڵبژاردووە کە دوور و نزیک لە ئەزموونی خۆمدا بەرکەوتنم هەبووە لەگەڵیاندا، جا چ کاتی خوێندنەوەی بەرهەم و بایۆگرافیان، یان،خوێندنەوەی کتێبی

نووسەری تر لە بارەیانەوە. لەناو ئەوانەشدا بە ڕێکەوت و بێ هۆ ئەم چەند ناوە کەمەم هەڵبژارد( وەلی دێوانە، دلّدار، نازم حیکمەت، لۆرکا، دلّشاد مەریوانی).

پێشتر لە کتێبی تردا باسی نالی و مەولانا خالید و ئانا ئەخماتۆفا وحاجی قادرم کردووە، پێشەنگی زوڵملێکراوانیش عیسای مەسیح و لەناو سۆفی و بیرمەندانیش گالیلۆو حەللاج وسەهرەوەردی و شەمسی تەبریزی لە ڕیزی پێشەوەن.

من لایەنێکی ژیانی ئەم کەسایەتییانەم هەڵبژاردووە کە پەیوەستە بەو زوڵمەی لێیان کراوە لەلایەن قەومی خۆیانەوە، ئەگەر کەمێک ئاماژەم بۆ ئاستی ئەزموونیشیان کردبێ بۆ هەمان مەبەست بووە، ئەگینا هەریەکیان زۆر لەوە گەورەترن کە من لەچەند لاپەڕەیەکی کورتدا پێناسەیان بکەم.

زوڵم و ستەم بەرانبەر ئەدیب و بیرمەندان، لە جەهل وگەمژەیی کۆمەڵ و دەسەڵاتدارەوە دێ، ئەگینا ئەوان ئەگەر تاوانێکیان هەبێ ئەوەیە کە جیاواز و ئەفرێنەر بوون و وەک مێگەڵ بیریان نەکردووەتەوە.

ئەوانەی بەرد دەگرنە کوکوختیەکان ڕاوچی نیین، لاسارەکانن.

## (١)

# دەنگی بایەقووش لە شارەزوور

**گەردوون شێوەی شەمی گرتبوو**
**گوناحی چی بوو وەلی**

ساڵی ١٩٧٨ یەکەمین جاربوو گۆڕی وەلی دێوانە ببینم لە سەیدسادق.

هەندێک دیتن وەک خەونێکی نزیک لە ئاگایی، کە بە ئاگادێی نازانی خەونە، یان واقیع.

دیتنی گۆڕی دێوانەش ئاوەها بوو،

دۆزینەوەی ئاو بوو لە ژێر بارستایی پەلکی وەریودا

لێوانلێو لە بێکەسی وەکو خاوەنی، پڕاوپڕ لە کەس وەک شیعرەکانی.

بێکەسی نەما ئەو کاتەی شەم هات .

نە مردوو پەرستم نە باوەڕم بەگۆڕهەڵچنین هەیە،

وەک باوەڕدارێک بە هیچ! ژیان وەک ئەیقوونە دەبینم، کە بایەخی لە جوانی و لە ناکاتدایە.

ئەمجۆرە شوێنانە هێندە وابەستەن بە ژیانەوە هێندە ڕەمز نیین بۆ مەرگ،
گۆڕی شاعیر وەک نموونە.

شیعرو خۆشەویستی دوو سەرچاوەی ژیانن، بێ وەستان لە قوڵپداندان، نە سەرەتایان هەیە نە کۆتایی
شاعیر هەر ژیانێک ناژی، هەر سەردەم و ڕۆژگارێک ئەگەری لەدایک بوونەوەی بە جۆرێکی تر هەیە.
وەلی دەبێ نموونەیەکی زیندووی ئەم حەقیقەتە ئەدەبییە بێ.

شەم کە قیبلەی شیعرەکانی وەلییە لە ڕێی شیعرەوە گەیشت بە ژیانی ئەبەدی. لە هەمان کاتدا بوو بە مایەی دۆزینەوەی تەئویلێکی نوێ بۆ ژیانی وەلی خۆیشی.
شەم بوو بە پاشناوی وەلی و جێگەی ناوی باوکی گرتەوە. لەسەر ڕێڕەوی عاشقە نەمرەکان بوو بە هاوناوی عاشقەکەی. مردنیش، بە هاتنی شەم بۆ ناو ژیانی وەلی مانایەکی نوێی وەرگرت، ئەو مانا کۆنەی نەما. تخووبی نێوان مەرگ و ژیان گۆڕا،
لەهەر شوێنێک بگا بە شەم ئەوێ ژیانە با ئەو دنیاش بێ.
لەوەش زیاتر هەموو کات و شوێنەکان بوون بە هی شەم و شەم شوێنی ژیان و مەرگی گرتەوە.
وەکو زەویەک پێشتر هیچمان لە بارەیەوە نەزانیبێ کە بوو بە باغ و باغات ئەوجا بەو باغ و باغاتە بناسرێ.
بە هەمان شێوە، وەلیمان ناسی، لە ڕێی ئەو دەقانەوە کە بۆ شەمی نووسیوە.

شەم خۆیشی ئەو تێکستە شیعرەیەبووکە تەواو نادەبوو.
سەرچاوەی نەمریی هەردووکیان شیعرە، شیعر هەناسەیە.

وەلی لە دێڕیکیدا دەڵێ، "وادەی من و تۆ کەوتو قیامەت".
ئەم دێڕە، دێڕێکی شیمانەیی مەجازیە، ئەگینا وادەی قیامەتی دێوانەو شەم لە ژیاندایە نەک دوای مەرگ.
بەو واتایەی ژیانی دێوانە لە ڕێی شیعرەوە گەیشتە نەمریی. شیعر نەک هەر وەلی بەڵکو شەمیشی گواستەوە دۆخی ئەبەدی.

ئەوکاتەی وەلی لە دایک بوو ئەستێرەیەک هەڵهات لە شارەزوور
چاوساغێک سەری هەڵبڕی بۆ تەماشای ئەویش شەم بوو!

هەندێک لەوانەی مێژووی ئەدەبیان نووسیوە دەڵێن،
وەلی نەخوێندەوار بوو. هەمان وتەی نادروست سەبارەت کەسایەتی تر وتراوە.
گۆیە، هۆمیرۆس کوێر بوو، یان فلانە پێغەمبەر نەخوێندەوار بوو ....تاد.
ئەو جۆرە سیفەت پێدانە بۆ ئیعجازە و دوورە لە ڕاستیەوە.

گۆڕستانی سەید سادق گۆڕستانێکی بچووکە، ڕەنگە کەسانی دیار و خۆشەویستی گەورەشی تێدا نێژرابێ، بەڵام تازە بووە بەگۆڕستان و مەزاری وەلی دێوانە چەشنی قەڵاکەی هاملێت.

ئەگەر ئەو دووکێڵەی سەرگۆڕی دێوانەش نەبان کێ دەیناسیەوە؟ ڕەحمەت لەگۆڕت بەردتاش! بۆ خۆت وبیرکردنەوە و سەلیقەی جوانت، کە نەتهێشت گۆڕی شاعیری زمان پاک و سینە پاک ون بێ.

دێوانە لە ژیانیداو لە دوای مەرگیشیدا زۆر غەدری لێکرا،
غەدری ژیانی بۆ بەرژەوەندی شیعر شکایەوە، ئەمما غەدری مەرگی!
بێویژدانی ناوەندی ئەدەبی کوردییە بەرانبەر یەکێک لە ڕۆڵە بە وەفاکانی.
بەس ئەو چ منەتی بەو غەدرەیە مادامەکی باوەشی شەم کراوەیە.

تا ئەمڕۆ نووسینێکی شایستەم نەخوێندۆتەوە سەبارەت بە بەهرەو شیعرو تایبەتمەندی ئەم شاعیرە کەم وێنەیە.
کەدەڵێم کەم وێنە،
مەبەستم ئەوەیە لەناو بیبلۆگرافیای ئەدەبی کوردییدا شاعیرێک نادۆزیتەوە وەکو ئەو،
هەموو ژیان و بەرهەمی بۆ عەشقی ژنێک تەرخان بێ. ئەم جۆرە نموونەیە لە ئەدەبی میللەتانیشدا کەمە.

وتیان، ئەو بەرهەمانەی بە ناوی ئەو بڵاوبۆتەوە هی پیرەمێردە.
ئەگەر وایە بۆ بەرهەمی لەم چەشنە لە دیوانی پیرەمێرد خۆیدا نادۆزینەوە؟
وەلی زۆر لە پیرەمێرد شاعیر ترە.
تاکە بەرهەمێک کە خوێندبمەوە و هەقی دابێتە ئەم شاعیرە، لاواندنەوەیەکی( ڕەنجووری) ە لەگەڵ نامەیەکی کە بۆ وەلی نووسیوە.

لەم دوو بەرهەمەدا پلەوپایەی شیعریی و کەسایەتی وەلی دێوانە بە جوانی دەرخراوەو بە شاعیری هەمووان،

شاعیری وەزیروگزیرو بە قەیسی دووەم ناوی بردووە و سیفەتی بردۆتەوە سەر سەعدی شیرازی.

جگە لەمانەش ناوی تەواوی شاعیری نووسیوە،میرزا (بە واتای کاتب) محەمەد وەلی دێوانە لە عەشیرەتی گێژ. گێژە، یان کەمالی؟ گرینگ نییە،پلەی خوێندەواریشی ڕوونکردۆتەوە کە دەنووسێ:

سینەش چون سەدەف گەنجینەی دوڕ بێ    دەروونش جە کان مەعریفەت پڕ بێ

................................

...............................

شوعەرای سینە ساف گەنجینەی ئەبیات   بەیت و فەرد شیرین "شێخ سەعدی" سیفات

جا نیشین نەجای " حاجی " جەوهەر بار     جەواهیر فرۆش سەرچەشمەی ئەشعار

وەڵامی نامەکەی وەلیش بۆ ڕەنجووری،

بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەوانە دەشێ کە باسی نەخوێندەواری ئەم شاعیرە دەکەن.

لەو وەڵامەدا وەلی،

باسی کۆمەڵێک شاعیرو بیرمەند دەکاو بە بیانووی ڕەنجوورییەوە وەسفی ئەوان دەکا. لەوانە،

( نیزامی ) قیاس و (فیردەوسی) تەوسی (جامی) مەلەک جام و(سەعدی) سوخەنخوان بەحری مەعانی .... (حافزی شیراز) (سائیب)ی

سانی،(مەولانا) زەهیر(فارابی) دەور، فوزەلای فازل نادرەی دەور، غەواس موحیت دەریای علومی، شیعری مەسنەوی مەر مەولای ڕۆمی.

ئەمانە ڕستەی شیعریی بارگاوین بە تێگەیشتن لە پوختەی ئەزموونی ئەو شاعیرانەی ناویان هاتووە، ڕستەی سادە نیین.

چاوی کوندەبۆ ماددەیەکی سووری تێدایە بەرانبەر ڕووناکی هەستیارە و زیاتر دەیکاتەوە،

ئەو ماددە سوورە (شەم)ە لە شیعری (وەلی) دا،

هەستیارە بۆ دیتنی بچووکترین جووڵەی نێچیری نەمریی.

نایشارمەوە ئەگەر ئەو سەردانە نەبا ڕەنگە لە فەڕی ئیلهامی شاعیرێک بێبەش دەبووم کە یەکێک لە کچەکانم بە ناوی خۆشەویستەکەی ئەو ناو بنێم و هەموو ڕۆژێک چەندین جار لەگەڵ ناو هێنانی شەم وەلی شاعیرانم بێتەوە بیر.

منداڵێک دوو ئەستێرە دەبینێ بە تەنیشت یەکەوە لەسەر شارەزوور دەبریسکێنەوە، لە پیرێک دەپرسێ ناویان چییە؟

بە چاوی پڕ فرمێسکەوە پیرەکە دەڕوانێ. تیری ڕووناکی دڵی دەسمێ.

کوڕم ئەمە یەک ئەستێرەیە!

منداڵەکە پێدەکەنێ!

ئەوانەی کەسەکان دەبینن شتێک دەڵێن، ئەوانەی وێنەی کەسەکان دەبینن شتێکی تر دەڵێن.

## (٢)
# عەجەب دڵدار

### دارستان بە دارە گەورەکانی دەناسرێتەوە

زیاتر لە شەست ساڵ دوای مردنی،
تەرمی یونس دڵدار لە هەولێرەوە گواسترایەوە بۆ کۆیە جێی لە دایکبوونی.
مردوو دوای ئەو هەموو ساڵە بێدەنگی، دوای شەست ساڵ نەبینین، لە پڕ خۆڵی لەسەر لاببەی و لەژێر تیشکی خۆر دایبنێی، وەک ئەوە وایە تامەزرۆی چشتێکی خۆشی منداڵی پێ بدەیت و چشتەکەشی نەدەیتێ. دەبێ لە کاتی گواستنەوەی تەرمەکەی دڵداردا
چی ڕوویدابێ؟ ئێمە چشتێکی ئەوتۆ لەمبارەوە نازانین.
شوێنی گۆڕەکە لەباربوو بۆ مۆزەیەکی ئەدەبی،گواستنەوەکە ئەو خەونەی لەباربرد.
گەڕاندنەوەی ئێسک و پرووسک بۆ جێی لە دایکبوونی مافێکی سروشتی کەسوکارە و بۆ ئێمە گاڵتەجاڕییە.
برینێکی کۆنی تازە کولاوەیە لە جەستەی کولتوورماندا؛
گۆڕغەریبەکانمان لە کوێن؟
هەولێر بایەخێکی شایستەی بە گۆڕەکەی نەدا،
قەدری گۆڕ هەر لای کەسوکارە

دەوڵەت هێشتا کەمتەرخەمە. ئێمە بۆ ناتوانین ببین بەکەسوکار؟!

ئایا دڵدار شاعیرێکی غەدر لێکراوە؟
پرسیارێکە لە شێوەی بۆمبی چێنراو. سووژنێکە بە زماندا کراو!

یوونس ڕەئووف(دڵدار) بە تەمەنێکی کورتی پڕ دەردیسەری و نەبوونی و نەخۆشی، ئەزموونێکی ئەدەبی تەندروستی دوای خۆی جێ هێشت.
تێکەڵکردنی بیری نەتەوەیی و باری کۆمەڵایەتی لە شیعردا کارێکی قورسە. ئەو، لە ڕوانگەی چەپیشەوە ئەم دۆخەی تێکەڵ کرد.
ئەم ڕوانگە تازەیە لە ئەدەبی کوردییدا لە نێوان هەردوو جەنگی جیهاندا سەری هەڵدا.
دڵدار لەو شاعیرانەیە بە زەقی ئەم ئاراستەیە لە بەرهەمەکانیدا ڕەنگی دایەوە.

لە ماوەی سێزدە ساڵی ئەزموونی شیعریی خۆیدا چەندین پارچە شیعری نوێی نووسی. بریسکەی هزری نوێ و دژایەتی هزری باو بە ڕوونی دەرکەوت لە بەرهەمەکانیدا. بە گوێرەی ئەو زانیارییانەی لەبەر دەستدایە، دوای وەفایی، ئەم، یەکەم شاعیری کوردە بیرەوەری خۆی نووسیبێتەوە.
سەبارەت بە بیرەوەرییەکانی:
زیاتر وردەکاری ژیانی کەسییە وکەمتر بەلای ئەزموونی شیعرییدا چووە هەرچەند ئەوەی بڵاو بۆتەوە بەشی سەرەتای ژیانیەتی و ئەوەی تر هێشتا نەدۆزراوەتەوە یان ڕەنگە هەر هێندەی نووسیوە.

یەکەم ئاوڕدانەوەی جیدی لە بەرهەمەکانی ئەو لەلایەن ڕەفیق حیلمیەوەیە،

لەسەرەتای چلەکانی سەدەی بیستدا کە ئەوسا دڵدار سەرەتای دەرکەوتنی بوو.

حیلمی لە کتێبی " شیعرو ئەدەبیاتی کوردی " دا نوقلانەی دەرکەوتنی شاعیرێکی تازەگەری دوا ڕۆژ دیارو دابونەریت شکینی لێدا کە نووسی:

" ئێمە ناتوانین لێرەدا هەندێ شیعری دڵدار بنووسین کە زادەی بیرێکی قووڵ و ڕەوانی(تەفکیری عەسری)یە. زۆر جێی داخە کە پێوەندی گرانی تەقالید، ئیمڕۆ ڕێ نادا بە بڵاوکردنەوەیان".

لە هەمان کاتیشدا پێشبینی ئەوەی کردووە کە دڵدار شاعیری تەجەدود پەروەری دوا ڕۆژ دەبێ.

دڵدار خۆیشی درکی بەو قبوڵ نەکردنە کردووە کە حیلمی باسی دەکا لەلایەن ناوەندی دەسەڵاتداری ئاینییەوە کە دەڵێ:

گەر لە ئەفلاکا هەبایە حاکمێکی تر بەرقەرار
سا ئەچووم ئەمووت، خودای من سوودی ئینسانی نییە
ڕەنگە کەم دیدەو مەلایان هانی خەڵقی وا بدەن
کوشتنی دڵدار حەڵاڵە چونکە ئیمانی نییە

ئەگەر بەهرەمەندیی دڵدار سەرووی ئاستی ئاسایی نەبا، بەم تەمەنە کورتە ئەو شوێنە گرینگەی بۆ خۆی نەدەکردەوە لە ئەدەبی کوردییدا.

ئەزموونێکی نیوەچڵی جێهێشت، بەڵام ئەوەی جێیهێشت گەواهی دەدا بۆ سەردەمێکی دوورتر.

وەکو باخەوانێک نەمامێکی بەهێزو ڕەسەنی چاندبێ دوای خۆی گەورەبووبێ و بووبێ بە دارێکی گەورە، ئاوەها.

هێنانی ناوی وەلی دێوانەو دڵدار بێ موناسەبە نەبوو.
گێڕانەوەی دوو ڕووداوە،کاتی خۆی هیچم لە بارەیانەوە نەنووسی، دەبوو بینووسم،
لە هەمان کاتدا شتێکی سوواو پاتە بکەمەوە سەبارەت بە ئاستی بایەخدان بەکەسایەتییە ناودارەکان، هەیهوو!

شاعیر سەردەمی خۆی ڕەنگڕێژ دەکا بە پەڕەمووچەی خۆی چ پێویست بە شایەتی من و تۆیە.
ئەم ڕستەیە ڕەوایە، ئەمما لەوپەڕی نائومێدییەوە دەیڵێم.

وەلی دێوانە نەیوست شەم بخوازێ و هاوسەرگیریی لەگەڵدا بکا،
چۆن نالی ئەوەی نەویست لە حەبیبە و دانتی نەیوست لە بیاتریس.
ئەوەی پەیوەندی بە ژیانی کەسی شەم هەبووە حیکایەتێکە و ئەوەی وەلی نووسیویەتی شتێکی ترە،
شیعر لە شوێنی تر دەڕوێ.
شەم ئاگری جاویدانی شیعر بووە لە ڕوحی وەلی دا و دوور و نزیک پەیوەندی بە دنیای فیزیکیەوە نییە. وەکو چۆن هاملێت کەسێکی دەستکردی خەیاڵی ئەدەبی شیکسپیرە با لە واقیعیشدا کەسێک هەبووبێ بەو ناوە، یان بەو وەسفە.

ئەمما ئەزموونی شیعریی دڵدار جۆرێکی ترە. هزری نوێ و بناغە دارشتنە بۆ جیهانێکی نوێ.
وەلی دیوانە کڵپەیەکە چۆن هەڵگیرسا بە هەمان گەرمی مایەوە ، یەک ڕیتم و یەک جۆر شیعری نووسی.
دڵدار، لە سەرەتاوە بە هێز وگوڕ، جیاواز لەوەی بەر لەخۆی نووسراوە دەستیپێکرد. لە ئەزموونی شیعریی ئەودا بەرزی و نزمی هەیە کە دەلیلی بنیاتنانە.
دەست بردن بۆ بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دۆخەی بۆ دروست کرد، مەرج نییە هەموو کات لەو بوارانەدا سەرکەوتن هەبێ.
ئەوەی لە ئەزموونی شیعریی دڵداردا جێگەی لەسەروەستانە ئەوەیە،
ئەو دەیوست شیعری سیاسی بنووسێ بە زمانی نوێ، نەک شیعری حەماسی، هەرچەند ئەو جۆرە شیعرەشی هەیە لە وانە ئەی ڕەقیبەکەی. بەداخەوە تەمەن ڕێگای نەدا ئەزموونەکەی ببات بۆ ترۆپک.

خوێندنەوەی ئەزموونی شیعریی ئەم دوو شاعیرە، ڕێگا بۆ تێگەیشتن لە دوو سەردەمی ژیانی کورد خۆش دەکا،
یەکیان پەیوەندی خێڵەکی لەسەدەی هەژدە و دووەمیان سەردەمی نێوان هەردوو جەنگی جیهانە لەکوردستاندا.

شاعیرانیش بە تێکستەکانیان نەمر دەبن نەک بەگۆڕ هەڵێنان و کۆشک وتەلار دروستکردن لە دەوری مەزاریاندا،

بەڵام ناکرێ ئەو جۆرە وێستگانەش لە یادەوەری شارەکاندا فەرامۆش بکەین و بە شتی پڕوپووچ بیانئاخنین.

گۆڕی دڵدار بە تەک گۆڕی شێخ عەبدوڵڵای قوتبی مەداری قادرییەوە بوو کە بە شێخەڵڵا ناسراوە. تەماشای گۆڕی ئەو بکەو بەراوردی بکەی لەگەڵ گۆڕی شاعیری سروودی نەتەوەیی کورد! ئەوجا تێدەگەی کەر لەکوێ کەوتووەو کورتان لە کوێ دڕاوە.
ئەم دیمەنە تراجیکۆمیدییە لە هەڵەبجەش لە گۆڕستانی عەبابەیلێ دەبینی، گۆڕی عادیلە خانم و داوود پاشا و ئەحمەد موختار و تاهیر بەگ لەناو پووش و پەڵاشدا بزرن و بە تەکیانەوە گومبەت و هۆڵ هەڵچنراوە بۆ ئەبا عوبەیدەی ئەنساری.
ئەو دیمەنانە بەسن بۆ ئەوەی تێبگەین ئێمە چەند گەمژەین لە ئاست مێژووی خۆماندا.

## (٣)

# نازم حیکمەت

**دەرگای زیندان دادەخەن، نازانن**
**من هەتاوی پشت پەنجەرەکانم**

نازم حیکمەت شاعیری ڕیزی یەکەمی تورک لەلایەن دەسەڵاتداری تورکیاوە بە سی وپێنچ ساڵ حوکمدرا.

دوازدە ساڵ لە زیندان مایەوە و باری تەندروستی گەیشتە لێواری مەرگ ئینجا ئازاد کرا.

دەیان ساڵ بەرهەمەکانی لەناو وڵاتی خۆیدا یاساخ بوو.

نازم ئاوارەی وڵاتان بوو هەر لەوێش،

لە تەمەنی شەست ویەک ساڵیدا بە نەخۆشی دڵ سەری نایەوە کە لەزیندان تووشی ببوو.

بەشێکی زۆر لە شیعرە جوانەکانی لە زیندان وئاوارەییدا نووسی.

چل وچار ساڵ دوای ماڵئاوایی یەکجارەکی ئینجا دەسەڵاتداری تورکیا وتی:

نابێ چیتر ئەو شاعیرە گەورەیەمان گۆر غەریب بێ!

لە ئۆتۆبایۆگرافی خۆیدا نازم نووسیوویەتی:

بۆچل زمان وەرگێڕدراون شیعرەکانم، ئەسڵەکانیان لە تورکیا یاساخکراون،

قومارباز نەبووم نا هەرگیز، خەمم لەوە نەخواردووە کە نەدارم.
سەرۆکیشم نەویستووە،

هەرگیز ڕێگای شەڕوشۆڕم نەگرتووە...بە تەنیا کۆچ دەکەم دواجار ئۆخەی دەکەم، دەڵێم، ژیام وەکو مرۆڤ.

دوای ئەو هەموو دەردەسەرییەش ئەوجا دەڵێ:

نیشتمانی خۆم خۆشدەوێ، دیلانێم کردووە بە لکی دارەکانی، خەوتووم تێرتێر لە زیندانە تارەکانی...

هەرکەسێ کەس بێ وڵات دەفرۆشێ؟ نانی ئەوتان خواردو ئاوی ئەوتان نۆشی،

لە دنیادا لە وڵات زیاتر چی بە دڵ دەبەخشێ خۆشی. ئەمەیانی چەند ساڵێک بەر لەمەرگی نووسیووە.

ئۆرهان پاموک لە بارەی نازمەوە دەڵێ،

لە کتێبخانەی باوکمدا کۆی بەرهەمەکانی هەبوو ئەوانەی بەر لەگیرانی چاپ ببوون، چەند سەرسام بووم بەو دەنگە بەرزە تووڕەیەی کەپڕ لە هیواو ئیمان بوو لە شیعرەکانیدا، هێندەش ئەو چەرمەسەریانە کاریان تێکردم کە لە زیندانەکاندا چەشتبووی. لە بیرەوەرییەکانی تێگەیشتم کە ژیانی ئێمە کەمتر دەردیسەری تێدایە لە چاو هی ئەواندا.

نازمی کوڕە پاشا_ ماوەیەک باپیری پاشای حەلەب _ بەڵام هەر بە شاعیر ناسرا هاو شێوەی کوردی (مستەفا بەگی ساحێبقڕان)،
بنەماڵەکەشی تەختی شیعریان نەداوە بە تەختی پاشایی.

لەناو شاعیرانی دنیادا کەم شاعیر وەکو نازم شارەزاو عیشقی وردەکارییەکانی ناو وڵاتەکەیەتی بە دار و ئاو و هەوا خەڵکەکەیەوە.

تورکیا لەگەڵ نەفیکردنی، ڕەگەزنامەی وڵاتەکەی لە نازم سەندەوە تا ٢٠٠٩ ئەوجا بڕیاری گێڕانەوەی ڕەگەزنامەکەی دا! گەمژەیی لەوە زیاتر؟!

کێ ڕەگەزنامە دەبەخشێ بە شاعیرێک کە وڵاتی پێ جوانترە لە بەهەشت!

ئەگەر شاعیر بخەنە بەهەشتەوە، هاوار دەکا : ئای ئەی وڵاتم!
وڵاتم ئەی وڵاتم
ئەو شەپقەیەم کۆن بوو کە لە دوکانەکانی تۆ کڕیبووم
ئەو کەوشەم دڕا کە تۆزی شەقامەکانی تۆی هەڵگرتبوو
دوا کراسم کە کڕیبووم لە تورکیا
دەمێکە پارچە پارچە بووە
ئەی وڵاتم هیچ شتێکم لا نەماوە هی تۆ بێ جگە لە مووی سپی پرچم
هیچ نەماوە جگە لەو خەتانەی جەخار کەوتنە سەرووی هەنییەوە "

ئەوەی گلەییە لە ئەزموونی ئەو شاعیرە، ئاوڕ نەدانەوەیەتی لە غەدری تورکان بەرانبەر کورد، من یەک بە حاڵی خۆم ئەو گلەییەم نییە، لە هاوزمانی خۆم گوێم لێ بووە، بەڵام خامەم مکوڕ تر بەرگری دەکا لە شاعیرێک کە ژیانی لێوانلێوە لە شیعر. شیعریش لەوە زیاتری پێیە بۆ مرۆڤ لەوەی گلەییەکی نەتەوەیی بتوانێ بەر بە درەوشانەوەی بگرێ.

## (٤)

# لۆرکا
## ( ١٨٩٨- ١٩٣٦)

**ئاژەڵی دڕندە هەڕەشە دەکا**
**کەچی ڕاوچی کەروێشک و مامز دەکوژێ**

هەتا ئیسپانیا ئیسپانیایە لۆرکا- یەکی تری لێ دروست نابێ.
لۆرکا لەتەمەنێکی کورتدا،بە سی و هەشتساڵیی بوو بە شاعیری یەکەمی ئیسپانیا.
شیعرەکانی پڕن لەمانای بەرزی ئینسانی ولە ڕووی هونەری شیعریشەوە پێگەیشتوون.کەمجار هەڵکەوتووە، شاعیرێک هاوکێشەی نێوان قەزیەی سیاسی وشیعری ڕاگرتبێ، لۆرکا نموونەیە لەو ڕاگرتنەدا.
نووسەرێک نووسیویە: کارەساتی لۆرکا ئەوەبوو لەسەردەمی تۆفاندا دەرکەوت وبوو بە یەکێک لە قوربانیەکانیشی.
ئەم جۆرە کەسانە ویژدانی بەشەر هەتا ماوە دەهەژێ لەئاست کارەساتەکانیاندا.

ئیان جیبسۆن لەکتێبی(گرینادەی لۆرکا) ڕووداوی کوشتنی شاعیردەنووسێتەوە:

لەبەر دەممان‌دا دارستانێک هەیە داری بەرزی سنۆبەری لێ ڕوواوە بەرەو بنار تادەگاتە بەرزاییە بەردینەکانی شاخی (فەخار)،

قڵیشی فنساری ناوزڕاو، قوربانییەکانی دەستی ڕژێمی تێدا نێژراوە.

کەمێک زەوی هەڵدڕاوەو لاشەی کوژراوەکانی تێ فڕێدراوە،

جاران درەختی تێدا نەبوو هەمووی گومبەتە بەرد بوو، بەوگومبەتە بەردانە زانرا کەجێی گۆڕی کوژراوانە. لۆرکا لەو شوێنە لەگەڵ سێ شۆڕشگێری ترلەیەک چاڵدا بەکۆمەڵ نێژران.

ساڵانێک دواتر ئەو جێگەیە کرا بەباخچەو داری سنۆبەری لێ نێژرا. لە نۆزدەی ئابی سیو شەشدا لۆرکای مانگ بە بەرچاوی تریفەوە بەدەست بەستراوی لەگەڵ سێ هاوڕێ کە دووانیان پاڵەوانی شەڕەگا بوون درانە بەردەسترێژلەلایەن چەتەکانی فرانکۆوە.

ئەنتۆنیۆ ماشادۆ دەڵێ: فیدریکۆیان کوشت.

بکوژەکان نەیانتوانی تەماشای ناوچاوی بکەن. خوێن لەسەر هەنیەو گولله لەهەناویدا. ئەم تاوانە لەگرینادە روویدا..

باش لێت ڕوون بێ ئەی گرینادەی بەستەزمان، گرینادەکەی ئەو .

بەگوێرەی گێڕانەوەی دووسەرچاوەی بێلایەنیش لۆرکا دەمودەست نەمردووە پێویست بوو گوللەی رەحمەتیشی پێوە بنێن!

لاشەی هەرچوار قوربانی لەسەر یەکتر دانراون ئەوجا لەبن دارزەیتۆنێک کەمۆکەک خۆڵیان پێدادرا.

فاشییەکان لەوە زیاتریان بە لۆرکا ڕەوا نەدی!

سالآنی دواتر کەگۆڕەکان هەڵدرانەوە بەقەرەوێتەڕەنگکراوەکەی لۆرکایان ناسییەوە وەکو ئیان نووسیویە.

هەندێک سەرچاوەش : گۆڕی نادیارە، ڕەنگە خرابێتە بیرێکەوە، یووسفێکی تر!

لە باسی نازم حیکمەتدا نووسیبووم :شاعیر شارەزای ورد و درشتی وڵاتەکەی بوو بەو پەڕی خۆشەویستیەوە،

لۆرکاش وابوو، بگرە زۆر زیاتریش بەو تەمەنەکورتەوە،

هێندە نەژیا بەڵام گەورەو گچکەی وڵاتەکەی دەناسی بەداروبەرد و کانیەکانیەوە.

ڕامون ڕۆیس ئەلۆنسۆیەک کەپێشتر ئەندام پەرلەمان بوو لەحزبی گردبوونەوەی کاسۆلیکی ڕاستڕۆر ڕقی لێی بوو،

ڕاستەوخۆ دەستی هەبوو لەگرتنی لۆرکا هەر خۆشی چووە سەری بۆ گرتنی لەگەڵ پاسەوانەکانی.

توومەتەکەی لۆرکا:

شاعیرێکی تێکدەرەو لە باخی قەدیس بیسنتی جیهازێکی پەخشی داناوە بۆپەیوەندیکردن بە ڕووسەوە، هەروەها منداڵبازیشە وکەسێکی (سوور)ی! بەناوبانگە لە خراپیدا.

ئەو توومەتانە بۆ ئەو کەسانەهەڵبەستراون کە ڕژێمەکان حەزیان لێ نەکردوون. یەکێک لە برادەرەکانی کە لۆرکای دیوە بە کەلەپچەوە هاواری کردووە،

ئەی پیاوکوژەکان، ئێوە عەبقەرییەک دەکوژن! عەبقەریی!

سەعات پێنجی ئێوارە، مەرگ گەرای لەناو برین دانا. ئەم دێڕە شیعرە هی لۆرکایە بۆمردنی ئینیاسۆی هاوڕێی نووسیووە، نامەوێ بیبینم! نامەوێ ببینم خوێنی ئینیاسۆ بەسەر خۆڵەوە.

ئینیاسۆ بەپەیژەکاندا هەڵدەگەڕێ و مەرگی خۆی بەسەرشانەوەیە، دەگەڕێ بەدوای بەیانیدا بەیانیش لەوێ نییە.

بە دوای ئەندێشەی ڕاستەقینەی خۆی دەگەڕێ وخەون بزری دەکا.

لە لەشی جوانی خۆی دەگەڕێ و تووشی خوێنی بەربووی دەبێ.

شاعیرێک لە نیویۆرک ( دیوانێکی لۆرکایە بەم ناوە، بۆ زیاتر لە پەنجا زمان وەرگێڕدراوە. بەرهەمی ژیانی ساڵێکیەتی لە ئەمریکا، چەشتنی موعاناتی قوولەڕەشەکانی ئەوێ وەک ئەوەی موعاناتی قەرەجە مۆرسکیەکانی غەرناتە باس بکا هێندە بەسۆزە.

لە قووڵایی دۆزەخی ژیانی نیۆیۆرکەوە دەڵێ:

ئای ئەی ئەمریکای دڕندە! ئای ئەی قێزەون! ئەی دڕندەی ڕاکشاو لە لێواری بەفر.

هەموو دادەڕمێن بەسەر قوببەی گەورەدا،ئەو قوبەیەی زمانی سەربازییچەوری دەکا.

دەمانەوێ زەوی خولی خۆی تەواو بکا،
ئەوبەرەی دەیگرێ بۆهەمووان بێ،
مەملەکەتی گوڵەگەنم دەربکەوێ.

یەکەمجار ساڵی ١٩٧٢ نووسینێکی ج. ب. ترەندم لەبارەی لۆرکا و کەلەپووری شیعری ئیسپانیایی خوێندەوە کە سەعدی یوسف

وەریگێڕابوو و لە گۆڤاری ئەلئەدیب ئەلموعاسردا بڵاوببووەوە. لەوێ ئاماژە بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی شیعریی کراوە لای لۆرکا کە بە پێی لێکۆڵینەوەی ترەند بۆ ئەو سۆزە دەگەڕێتەوە کە منداڵ یەکەمجار لەو دایکانە گوێبیستی دەبێ کە کۆرپەکانیان دەلاوێننەوە بەگیانێکی تژی لە پاڵەوانییەتی میللیی بە زمانی سادەی بێ گرێ.

هەر لەوێدا باسی بالادە شیعر کراوە و ئاماژە بۆ یەکێک لەو بالادانەی لۆرکا کراوە بەناوی( سترانی ئەو کەسەی لە خەودا دەڕۆی)

کە بە وشەی کەسک.. کەسک.. چەند بە کەسکی خۆشم دەوێی. داوی خوێندنەوەی ئەم وتارە کەوتمە خوێندنەوەی دراماکانی هەر لە زەماوەندی خوێنەوە تا پینەدۆزە پیرەکە و ماڵی برنادا ئەلبا. دواتر ساڵی ١٩٧٥کتێبی لۆرکا کە ئەرمان غیبیر و لویس پارۆ بە هاوبەشی نووسیوویانە و شربل داغر کردوویەتی بە عارەبیم خوێندەوە ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام دەقی شیعریی سروودی لاواندنەوە لە پیناو ئینیاسۆ سانشیز میجیاس بوو. کە دراماییترین ڕستەی ئەمەیە، ئیناسۆس بە پەیژەکان هەڵدەگەڕێ و مەرگی خۆی بە کۆڵەوەیە، بەدوای بەیاندا دەگەڕێ و بەیان لەوێ نییە، نامەوێ بیبینم بە مانگ بڵێن با هەڵبێ! ئەوکات تەواو درکم بە لایەنی هونەری تێکستەکانی نەدەکرد. دواتر کە (شاعیرێک لە نیۆیۆرک)م خوێندەوە فەزای پان و بەرینی هەمەڕەنگی ئەو شاعیرە گرینگەم بۆ والابوو، بەداخەوە ئەگەر بە زمانی ئیسپانی بمخوێندبایەوە ئێستا شتێکی تر لەلام چەکەرەی دەکرد.

پاپلۆ نیرۆدا جگە لە چەند تێکستێکی شیعر لە بیرەوەرییەکانیدا زۆر باسی ئەو شاعیرە عەبقەرییە دەکا و بە ئەستێرەیەک دەیشوبهێنێ پڕشنگ بدا لەبەر خۆشی و بەختەوەری ژیاندا. لەئەنجامی سەرسامبوونی بە کەسێکی گەردوونی و لادێی وەسفی دەکا، کۆ کردنەوەی ئەم دوو خەسڵەتە لە کەسایەتییەکدا نیشانەی پۆزەتیڤە.

لەیادی مەرگی لۆرکادا نووسیویە :

وەرن تەماشای خوێن بکەن لەشەقامەکاندا. ئیسپانیا لەناو دڵ دایە.

نیرودا خەڵکی چیلی بوو، لۆرکاش ئیسپانی. لە ساڵی ١٩٢٧ ئەو کاتەی نیرۆدا بالیۆزی وڵاتەکەی بوو لە بۆینس ئایرسی پایتەختی ئەرجەنتین لەوێ لۆرکای ناسیوە، دواتر کە بووە بالیۆزی وڵاتەکەی لە ئیسپانیا پەیوەندیان زۆرتر بووە، کاتێک لە ١٩٧١ نۆبلی ئەدەبی پێدرا، لە بەیانی لیژنەی خەڵاتەکەدا ئاماژە بۆ بۆچوونی لۆرکا کراوە لە بارەی نیرۆداوە کە وتوویەتی، شاعیرێکە نزیکە لە خوێن لەوەی نزیک بێ لە نان.

بەدر شاکر سەیاب جگە لە سەرسامبوونی دەقی(ئەو کەسی لە خەودا دەڕۆی) وەرگێڕاوە و ناوەکەی گۆڕیوە بۆ سترانێکی قەرەجانە. لە دەقێکی شیعریدا کە بۆ لۆرکای نووسیوە دەڵێ: لە دڵیدا کوورەی ئاگر هەیە.

مەحموود دەروێش دەڵێ: گەرداو و بوومەلەرزەیە

لۆرکا خۆیشی دەڵێ: ئیسپانییەکی ڕەسەنم. برای هەمووانم .

له ئەزموونی شاعیراندا خەمێکی تەواو نەبوو دەبینی، خەمێک لە نێوان ڕەگ و گەڵادا لە دارڕژاندایە. لەنێوان پەنجە و وشەدا لە هەڵچووندایە،

له قووڵایی خاکەوە، لە دڵی دایکە بەدبەختتەکانەوە، لەزامی بێدەرەتانانەوە دێ،

دوورتر دوورتر.

لۆرکا دەبینم لە ژووری نەشتەرگەری لە فەزادا نەشتەرگەری بۆ دڵی دنیا دەکا و تیمێک لە شاعیران بە دەورییەوە.

فرانکۆ لەسەر گوفەکەکان پاشماوەکان هەڵدەداتەوە بۆ شتێک دەگەڕێ بیخوا لەگەڵ گرووپێک لەدکتاتۆرە کرمەکان .

## (٥)
## ئەرخەوانی دڵشاد مەریوانی

**باخ بە نەمام نوێ دەبێتەوە**
**ماڵ بە نەوەی نوێ، وەک دڵشاد و شیعری کوردی**

داری ئەرخەوان پەلکی گەش وگوڵی مۆر دەگرێ و لق و پۆپی بڵاوە. نازانم هۆی چییە بۆ ڕەمزی ماتەمین بەکاردێ لە شیعری کوردیدا؟ ڕەنگە هەر ئەوەبێ کە لەسەر گردی سەیوان کە گۆڕستانێکی بەناوبانگی سلێمانییە ڕوواوە. منیش هەر بۆ هەمان مەبەست کردم بە ناونیشانی ئەم بەشەی نووسینەکەم.

چەند لە یەک دەچن دکتاتۆرەکان
چەند لە یەک دەچن قوربانییەکان.

کە ژیانی لۆرکام دەنووسیەوە هەموو کات دڵشاد مەریوانیم دەهاتە بەر چاوو سەدام و فرانکۆش دەتووت بەیەک زگ لەدایکبوون.

لیستی هەردوولا دوورودرێژن، چارەنووسیشیان چەند لەیەکدەچێ، چاوچیسکۆیەکان و فرانکۆیەکان و سەدامەکان. حوکمی ئەم دنیایە لەوەتەی هەیە دەڵێی، کۆپیەویەک لەبەر ئەویتر گیراوەتەوە.

شارەزاییەکی ئەوتۆم لەبارەی دڵشاد-ەوە نەبوو هەرچەندە هاو ناووهاوپیشەین. دڵشاد مەریوانی نزیکەی دە ساڵ لەمن گەورەتر بوو، لەهەموو ژیانیشم دوو جاران ڕووبەڕوو دیبووم. جارێکیان لەهەولێر، لە کۆنگرەیەکی نووسەران و ئەوەی دووەمیش لەتوژەڵە لەکاتی کۆنفرانسی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا. ئەوکات من لەوێ دەژیام. ئەو لەشارەوە هاتبوو ماسکی پۆشیبوو. ئەوانەی لە شارەکان هاتبوون بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە ماسکێکی پەڕۆی خاکیان خستبووە سەر ڕوویان. من پەیوەندیمنەبوو بەکۆنگرەوە، بەڕێکەوت لەبەردەم خیوەتەکەمدا دڵشادم بینی وپرسیاری خیوەتی یەکێک لەهەڤاڵەکانی خۆی کرد. ئەو خۆی نەناس کردو نە دەبا منیش دەستپێشخەری بکەم، چونکە دۆخی وڵات وابوو، ئەو بە نهێنی هاتبوو.

ساڵانێکی زۆر دوای کوژرانی کەسەرلەنوێ شیعرەکانیم خوێندەوە زۆرم لا ناخۆش بوو، ئەو هەلەم لەکیس چووبوو، ئەو شاعیرە نوێخوازەو ئەو گەنجە جیوەییە لێوانلێو لە خولیا و سەرکێشەم نەناسیبوو لەبەر هەر هۆیەک بووبێ.

ئەمساڵانەی دوایی زۆر کەڕەت بەئەنقەست پرسیاریی ئەوم لەبرادەرانی سلێمانی دەکرد،

ئەوان هەندێک لەچاونەترسی و بوێریەکانی دڵشادیان بۆ دەگێرامەوە.

مەریوانی لەشوباتی ساڵی هەشتاو نۆ لەلایەن بەعسەوە گیرا پاش مانگێک لەگەڵ سێ چوار کەسی ترگوللەباران کرانلە ئەمنە سوورەکە وتەرمەکەشی بەدزی لەلایەن شارەوانییەوە لەچاڵ نرا لەدەوروبەری سلێمانی و کەسیش شوێنەکەی نازانێ.

دەڵێی کوشتنی لۆرکا دووبارە بۆتەوە!

ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵەیئازادی، هێشتا هەواڵی دروست نییە لەبارەی گۆڕە ونەکەیەوە، مخابن!!

(لەکاتێکدا بۆ یەکتری پێدەکەنین/ لەمسەری گێتی منداڵێک دادەنەوێ/ پارچە شووشەیەک لەڕێی ڕێبوارەکان لادەدا /لەو سەری گێتی..پیاوێک دادەنەوێ / بەردێک هەڵدەگرێ .. دەیگرێتە کۆترێک.)

ئەو دیمەنە زێدە ئینسانییە کامێرای چاوی دڵشاد گرتوویەتی.

ئەو دەیزانی دەکوژرێ، بۆنی مەرگی خۆی پێش وەخت کردبوو،

(من دەزانم دەکوژرێم / من دەزانم تەرمەکەم لە سارایەک فڕێ دەدرێ / وا دەشێوێ ناناسرێ) (گەر لاشەم جێگەستەی سەگ بوو / بزانن سەگی پۆلیسە / گەستەی سەگی بۆرژوایانی نەگریسە / سەگی برسی گاز لەلەشی من ناگرن / هەر ئەوەشە هێشتوومیەوەو دوژمنانم بەرگەم ناگرن).

دکتاتۆرەکان زیندان و سێدارە سەروەتیانەبۆیە وەکو جرج دەمرن.

سەگ و تانجیەکانیان لەلا خۆشەویستترە لەشاعیرەکان!

ئەدی میللەت بۆ وایە؟! کوا گۆڕی دڵشاد و کوا ناوی؟!

باستیل بۆ ئەوان دروست کراوە، نوگرە سەلمان و ئەبوغرێب و ئەمنە سوورەکە لەسەر ئەوان تاپۆ کراوە؟

دەڵێی عاشقانی ئازادی بۆ ئەوە لەدایک دەبن تا دکتاتۆرەکان بیانکەن بەسێرە بۆ تیری یاری نیشانشکاندنیان ؟!

(نرخی من نرخی میللەتە / نرخی خاک و نەتەوەیە /من ئەم خاکە جێ ناهێڵم، وەک تیا ژیام وهەرواش سەربەرز تیای دەمرم)

درێغا ! شاعیرێک ئەوە نەغمەو چریکەی بێ لەشارەکەیدا بێ گۆڕو بێ ناونیشان بێ !!

خۆزگە دڵشاد ! بیرەوەری ئەو مانگەی بەر لەمەرگیشی بنووسیبایە، تا لیمان مەعلوم دەبوو ئەو شاعیرەچۆن لە زیندان ڕووبەڕووی مەرگ بۆتەوە وچەندە کەڵ بووە لەبەرانبەریدا.

هێمنی گۆڕە بێ ناونیشانەکەی تێک مەدەن،
سلێمانی توند گرتووە لە باوەشی.
ئەو نووستنە ئەبەدیە تێک مەدەن،
دار ئەرخەوانێک نووستووە.

ئەم چەند ئەزموونەی سەرەوە دەیسەلمێنن،

- شاعیرەکان شەماڵی داهاتوو هەردەم دەیان شەکێنێتەوە.
- دەسەڵاتەکان هەتاوی داهاتوو دەیان ڕزێنێ.

شێوەی غەدرەکان جیاوازن بەڵام لە کرۆکدا لێک تێنەگەیشتنێکی ئەبەدی نێوان زاتێکی بێگەرد و کۆمەڵێکی پۆخڵ، زمانێکی پاراو و شمشێرێکی ژەنگاوی کۆیان دەکاتەوە.

# سالانی بێدەنگی

**تانووکی دەوری باخەکان**
**هەناسەی سووتاوی ئێمەن**

لە ئەدەبی کوردیدا هەندێک دیاردە هەن هێشتا توێژینەوەی لەبارەوە نەکراوە، یەکێک لەوانە سالانی دوور و درێژی بێدەنگییە لە شیعردا.

نێوان باباتاهیری هەمەدانی بۆ عەلی حەریری ومەلای جزیری پێنج سەت سالێکە، نێوانی ئەوانیش تا دەگاتە نالی دووسەت سالێکە،

لەو بەینەدا هیچ شتێک نەبووە؟ شاعیرێک دەرنەکەوتوو بووبێتە جومگە؟

لەبەرچی هەر سەردەمەو شیعر لەناوچەیەک و ئیمارەتێکدا دەرکەوتووەو پاشان لەوێ براوەتەوە؟

سەرەتاکانی شیعری کوردی لە مەڵبەندی میدیەکانەوە دەستپێدەکا لای باباتاهیر، دوای پێنجسەد سال دەپەڕێتەوە بۆ جزیرەو بۆتان، ئینجا بۆ سلێمانی و بابان. ئەوە هێمایە بۆ ئەو ڕاستییەی کە شیعری کوردی

لەسەرەتادا وەکو چالاکی مرۆیی پەیوەست بووە بەدەسەڵات و دروستبوونی ئیمارەت و بە یەکەوە گەشەیان کردووە.

ڕۆشنبیریی کوردیی لەهەر سەردەمێکدا تاموبۆی ئەو ڕۆژگارەی گرتووە کە حوکمی ئیمارەتێک تێیدا سەروەرە.

لای بەدرخانییەکان بایەخ بە ڕۆژنامە دراوە، ئەدەبیش لە دووتوێی ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراوەتەوە. لە ئیمارەتی سۆراندا هیچ جموجووڵێکی ئەدەبی دەرنەکەوتووە. لە جزیرە و بۆتان و پاشان لای بابانەکان شیعر زمانی دەربڕی خواستی دەستەبژێر بووە.

ساڵانی بێدەنگی گەورە لە کوێوە هاتووە؟ هۆی چی بووە؟

گەشەی شیعر هاوشانی دەسەڵاتی سیاسی بووە، ئاوەهاش بێدەنگی وکزبوونیشی پەیوەستە بە کزی ونەمانی ئەو دەسەڵاتەوە.

ئەو پێنجسەت ساڵەی نێوان بابا تاهیر وعەلی حەریری، سەردەمی هەرای مەغۆل و تەیمورلەنگە، تاریکستانی شەڕ و ئاشوب هەموو لایەکی تەنیبوو. ڕێی تێدەچێ ئاگری شەڕ هەموو شتێکی سووتاندبێ بە نووسین و کتێبشەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیام،

ئەگەر شتێکی ئەوتۆ لە ئارادابایە بە ئاسانی نەدەفەوتا وەکو چوون بەرهەمی باباتاهیر لە لەناوچوون رزگاری دەبوو.

ماوەیەکی زۆر دوای ئەو مێژووە کوردستان شەڕگەی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان و ململانێیەکانیان بووە. شەڕ کە لە شوێنێک دەقەومێ، پاشماوەی تا ساڵانێکی دوور درێژە دەکێشێ. ئارامیی ژینگەی گونجاوە بۆ ئەدەبیات.

ئەو ماوەیەی ئەتابەکیەکان حوکمی هەولێریان دەکرد جۆرێک لە ئارامی سیاسی هەبوو، بووژانەوەیەکی ئەدەبی ئەگەرچی بە زمانی عەرەبیش بێ لە هەولێردا هەبووە.

پەرەسەندنەی شیعریش لە سەردەمی بابانەکان و پاشان کزبوون و کپبوونی لە دوای نەمانی دەسەڵاتی ئەوان ، هەموو ئەمانە گەواهی ئەو ڕاستییەی سەرەوە دەدەن.

ڕاستیەکی شراوەی تریش هەیە کە کەم ئاماژەی بۆ کراوە ئەویش ئەوەیە، شاعیری هەر ناوچەیەک کەم تا زۆر ئاگاداری بەرهەم و شیعری ناوچەکانی تر بووە، بە هەواو نەوای یەکتر ئاشنابوون. من خۆم بیستوومە کتێبی مەم و زینی خانی لە هەندێک دیوەخان و لای خوێندەواری هەولێر هەبووە. یەکەم ژمارەی گۆڤار کە لە هەولێر چاپ بووە شیعری مەولەوی بڵاوکردووەتەوە...تاد.

ناچێتە عەقڵەوە،

نالی ئاگای لەجزیری نەبووبێ، بە تایبەتی سەرچاوەی خوێندنەوەی هەردووکیان شیعری فارسی بووە.

زۆر کەڕەت کە بەرهەمی ئەمیان دەخوێنمەوە بەدەست خۆم نییە تارمایی ئەویان دەبینم. جزیری داهێنەری کێش و ئاوازێکی شیعریی نوێیە، ئەو تخووبی نێوان شیعر و فیکری سەردەمەکەی خۆی سڕیوەتەوە، بە سەدان وشەو دەستەواژەی فیکری ئیسلامی پەڕیوەتەوە ناو دەقەکانی، لای نالیش بەهەمان شێوە، ئەوە جگە لە ئەشق و تەشقی حەبیبەو سەلماش. ئەم جۆرە ئاگاداربوونە خاڵی ئەرێنیە لە ئەزموونی نالیدا.

ناتوانم قەناعەت بە خۆم بێنم کە شیعری کوردی لە کۆندا یەک جەستە نەبووە.

دیالیکتی نووسین گۆڕاوە، بەڵام تەشق و بابەت و شێوەی نووسین گۆڕانێکی ئەوتۆی تێدا نەکراوە.

ئەڵقەی نادیار زۆرە لە ئەدەبی کوردیدا، سەرلەنوێ کردنەوەیان کارێکی ئاسان نییە بەڵام موستەحیل نییە. بەربەستی جدی،کەمی سەرچاوەیە.

ئەوەی تۆمارکراوە دڵۆپێکە لە زەریایەک، ئەو دڵۆپە زۆر ڕووکەش وسادەیە، زیاتر گێڕانەوەیەکی یەک لایەنانەیە، کوردێک بە هەوای نەفسی نەتەوەییانە گێراویەتەوە، یان غەیرە بۆ هەر مەبەستێک تۆماری کردووە!

توێژینەوەی هەمە لایەن و ڕەگاژۆیی بۆ نەکراوە.

گریمان ئەوەی هەبوو لە جەنگەکاندا لەناوچوو، ئەدی پاشان، کەس نەبوو حیکایەتی ئەو لەناوچوونە بگێڕێتەوە؟

لە هەمان کاتدا، گومانێکی مەنتیقی تر هەیە ئەویش، ناچێتە ئەقڵەوە هیچ نەبووبێ!

پرسیارەکە ئاو زۆر هەڵدەگرێ؛

ساڵانی بێدەنگی لە کوێ سەرچاوە دەگرێ؟

مێژوومان شەرمن نییە؛ چی خوا پێی ناخۆشە تێیدایە، بەڵام ئەوانەی نووسیویانەتەوە شەرمن و بێ دەسەڵات بوون.

مەولانا خالیدی نەقشبەندی کە هەزاران خەلیفەو موریدو مەنسووبی هەبوو هەر لە هیندستان وخوارووی ئاسیاوە تا مەغریب، کەچی لەوڵاتی خۆیدا لە ترسی دەسەڵاتی ئاینی و کۆمەڵایەتی ناوچەی بابان هەڵات! ئیستاش لەبەر خاتری ئەو دەسەڵاتە ڕووداوەکە دیزەبەدەرخونە کراوە.

ئەوە مێژووی زۆرنزیکی سەردەمی عوسمانی و سەفەوی،

پێشتریش، لە مێژووی کۆندا لەبەر ترس، یان لە بۆ خاتری ئیسلام! دەبێ چیمان خستبێتە ژێر گڵی شەرم و پەشیمانی؟

شەرم لە مێژووم دەکەم!

قوتابخانەکانی ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لەبارن بۆ گەڕان و پشکنین، بەڵام کە تێکست لەبەردەست دا نەبوو چی دادی ئەو سارایە دەدا.

# یەکەم ژینگەی شیعری کوردی

**ئەو ئاوازەی شاخ دەیژەنێ**
**ڕووبار بە دەم ڕێگاوە ئەو ئاوازە**
**دەڵێتەوە**

نێوانی حەسارەکان و ڤێللاکان نزیکەی نیو سەدەیە.

چەند جودایە نەخشەی حەوشە و شێوەی کارو دەستڕەنگینی وەستاکان و دیزاینی دەرگاو پەنجەرەکانیان، کەرەستەو کەلوپەلەکانی ناویان. ئەوەی کەمتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە مرۆڤەکانن، سەلیقەو ئەندێشەکانن، خەون و خولیاکانن. زەمەن چییە؟ ئەو شتانەیە کە گۆڕاون، یان چەقبەستووەکانن؟ شکست چییە؟ جیهانێک یەخسیرت بکا یان یەخسیری جیهانێک بی؟

لەگەڵ کۆتایی سەدەی بیست مێژووی ئاکارو ڕەوشتی سروشتیی گەیشتە چلەپۆپە و لەوێ کۆتایی هات. ئەو جیهانەی یەخسیری بووین

تەواوبوو. سەرەتای چاخێکی نوێی تەواو جوداو ناڕوون دەستی پێکرد، هێشتا پایەکانی تەواو دەرنەکەوتووە، بەڵام وەرچەرخانێکی تەکنۆلۆجیایی بێ هەست وسۆزی پڕ ئاڵۆزیی، گۆڕانێکی لەم سەرزەمینە بەرپاکرد نە سەری دیارە نە بنی. ئەم جیهانە سەراسیمەیە بەخۆیەوە یەخسیری کردین.

کەرەستەو ئامێری نیمچە ڕەهای بۆ خزمەتگوزاری و جەنگەکان بە دەستهێنا. ئەو جیهانی دەرەوەیە بە شێوەیەکی ناسروشتی پەنما. هەر خواستێکت گەرەکە دەتوانی لە ڕێی ئامێرێکی بچووکی بەردەمتەوە دەستەبەری بکەی! کوێت بوێ دەتوانی پێی بگەی!

زاتی ئینسان کەوتە ژێر پاڵەپەستۆی ئەو پەنمانەی دەرەوە. خەون و خواستەکانی، کبریا و تواناکانی هاتنەوە پاڵ یەک و بەسەریەکدا تێکشکان. بۆ دەربڕینی ئەو دۆخە نوێیە پێویست بە زمانێکی نوێیە.

زمان چۆن دەگۆڕێ؟ ئەگەر زمان ئامرازبێ گۆڕینی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕوودەدا، بەڵام ئەگەر ئامانج بێ گۆڕینی مەحاڵە بێ گۆڕینی تێگەیشتن لە دنیا.

ئەو ساختمانەی لە وشە ومۆرفیم و بڕگەی جەلاتینی و داوی کرداری وردی ئەندێشەو فەرمانی ئاوازی شەپۆلی نەست و چی و چییەوە هەڵچنراوە، چ تەلیسم و ئەفسوونێک گرتوویەتی و چ هێزو سیحرێک دەتوانێ نوێی بکاتەوە؟

زمانی ئێستاو زمانی چلەکان! ڕستەیەکی کۆن و یەکێکی نوێ بەراوورد بکە، بەقەد جیاوازی خانووبەرەکانمان جودان؟

بەشەر سەرچاوەو ئەفرێنەری گۆڕانکارییەکانە، کەچی بە سەرسووڕمانەوە تێیان دەڕوانێ وەک ئەوەی دەستکرد و ئەندێشەی خۆی نەبێ و هەندێکجاریش هەست بە نامۆیی دەکا لە ئاستیاندا.

ئەگەر سەیری فیلمێکی دیکۆمینتاری بکەی لە بارەی پەرەسەندنی ژیانەوە لە سەرەتای نادیارەوە تا سەردەمی گەشەی زانست و دۆزینەوە گەورەکان، دوو شت بە زەقی دەردەکەون، یەکیان، تواناو هێزی لە بن نەهاتووی بەشەرە بۆ گەڕان و پشکنینی دوورابییەکان. ئەوی تر، ئەو جیهانە بێ سنوورەیە کە لەو گەڕان و پشکنینانەیدا دروستی کردووە. کەچی من خۆم بە سەرسووڕمانێکی زۆرەوە سەیری ئەو جۆرە فیلمانە دەکەم، وەک ئەوەی بە گومان بم لە توانای ئینسان.

کەی توانیمان بە چاوێکی تر ڕووداو دیاردەکان ببینین، ئەوکات سەردەمێکی تازە لە ژیانمان دەستپێدەکا.

ئەو ژینگەیەی دروستمانکردووە هەم ئارامبەخش و هەم مایەی دڵەڕاوکێیە.

دوای ئەو هەموو هەزارەیەو دوورکەوتنەوە لە سەرەتاکان،کەچی هەوڵی دۆزینەوەی ماددەی وردیلەتر و دوورایی دوورتربەردەوامە. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا بەو ئاراستەیە، لە بری نزیک کەوتنەوە لە سوپەرمانی نیچەیی،کەچی مرۆڤ خۆی دەبێتە گەردیلەیەکی وردتر!

مرۆڤ خۆی گەورەیی خواوەندی بەخشی بە کەرەستەو ئامێرەکان.

ئەوەی ئامێرێکی بچووک ئەنجامی دەدا وا دێتە پێشچاو لە توانای داهێنەری ئامێرەکە زیاترە. نموونە ڕۆکێتێک کە هەڵدەدرێ بۆ فەزا، یان کۆمپیوتەرەکەی بەردەمت. ئەوە بەشێکە لەو هەژموونەی هزری مرۆڤ تێی کەوتووە.

دوورایی کەم بۆتەوە، جیهان بە ستوونیی هەڵدەچێ بەرەو داهاتوو.

گەرەکە زمان ستوونیی دابڕژێ وەک زمانی شیعر، کەچی ڕەوتی ئاسۆیی زمانی گێرانەوە پەرەیسەندووە و ڕۆمان بەشی شێری ئەو پەرەسەندنە دەبا. پێدەچێ مرۆڤ بیەوێ ڕاستەوخۆ لە ڕێی زمانی پەخشانەوە تەعبیر لەخۆی و ئەو جیهانە پانوپۆڕە بکا کە لە فەوزادا دروستی کردووە بۆ ئەوەی لەو دڵەڕاوکێیە خۆی ڕزگار بکا.

هەر لەبارەی زمانی شیعرییەوە ئەوەم بە خەیاڵدا دێ کە زمانی شیعری کوردی لە نیو سەدەی ڕابردوو چەند گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە ناخی شاعیر بە ئاڵۆزییەکانییەوە زیاتر دەردەکەوێ بەڵام هێشتا لە شاڕێی جارانی دەرنەچووە و وردەکاری کەمتر پێیەوە دیارە، بۆ نموونە لەوەسفی جوانی ژندا هێشتا هەر دەم خونچە و ڕوو مانگ و ئیتر ئەو هەموو وەسفە زاڵە. جگە لەمانە ئەوەی جێگەی سەرنجە زمانی شیعر کە تێکەڵ دنیای سیاسەت و بەرەنگاری بووە هاوشێوەی ئەو توونودتیژی لەخۆیدا هەڵگرتووە بە تایبەتی لە حەفتاکانەوە بە پێچەوانەی چل و پەنجاکان کە زمانی شیعر تا ئەندازەیەک بێ لایەنی یان، لایەندارییەکی ئینسانی پێوە دیارە.

زمان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە گەشەی هزر و ڕۆشنبیرییەوە هەیە و دەربڕی ڕاستەقینەیەتی.

سەردەمی چالاکی سیاسی و دامەزراندنی ریکخراوەیی لە چلەکاندا دەبینین زمانی ئاسۆیی پەخشان گەشە دەکا تا هاوتەریب لەگەڵ ڕووداوەکاندا تەعبیر لە ویستە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بکا. کە شۆڕش بەرپادەبێ، زمانی ڕاچەنین دەبێتە شیعر وەکو زمانحاڵی نەتەوە. لەکاتی دەسەڵاتی میرنشینەکاندا هەمدیسان شیعر

زمانحاڵە.ئەمە خوێندنەوەیەکی گشتییە و توێژینەوەی وردتری گەرەکە.

نیوەی تۆپۆگرافی وڵاتم کێوە.

میرنشینەکان لە ناوچە شاخاوییەکان دامەزراون، یەکەم ژینگەی شیعری کوردیش ئەو کێوانەیەو سروشتی ئەو ژینگە شاخاوییەی وەرگرتووە بە تەشقی ئەفسانەیی و ئاوازە توندەکانییەوە.

شیعر لە زمان دەخوڵقێنرێ، زمانیش بوونەوەرێکی وجودیی، کۆمەڵایەتیی، مێژووییە.

کێو فەزایەکی داخراوە، بەڵام تەڕو بەهەڕمێنە.خاسییەتی کێو ئەوەیە لە دوورەوە وەکو بارستاییەک لە شاخ دەردەکەوێ و تا لێی نزیک دەبیتەوە هەیبەتی زیاترە و کە دەچییە ناویەوە سیحرئامێزە و لە لووتکەشدا بڵند، کە دەگەیتە ترۆپک هەست دەکەی لە زەوی زۆر دوور کەوتوویتەوە. بە پێچەوانەوە دەشت هەتا تەماشادەکەی دیارەو پان و پۆڕە، ئەو دیاربوونەی خاسییەتی فراوانی نیشان دەدا.

چیایی لە ڕووی بیرکردنەوەو تەبعدا توندو داخراوە. ئەو جۆرە توندیی و داخرانە لە بەرهەمەکانیدا، لەفۆرم و ناوەڕۆکی نیمچە ماتیدا دەردەکەوێ، ڕەنگە نەبوونی بزووتنەوەی تازە لە ئەدەبی کوردی لە کۆندا بۆ ئەو سروشتە شاخییەی بگەڕێتەوە.

ئاوو خاک وهەوا هەر بە تەنیا دەمارو ماسولکەیان بەهێز نەکرد ڕوحی پیاوەتیشیان(ڕجولەت) بەهێز کرد تێیدا.

زمان کێوی و خۆڕسک بوو. ئێستا دوای ئەو هەموو چەرخە، شیعر پەڕیوەتەوە بۆ شارو نووساوە بە مرۆڤەوە، بە تاریکستانی ڕوحییەوە، تا بڵندترین ترۆپک کە پێیگەیشتووە، بەڵام لە چاو

دەوروبەر ئەو فرەیی و دوورکەوتنەوەو وەرچەرخانە کەمتر دیارە بە شیعری کوردییەوە.

ئایا نەیویستووە لەو منداڵدانە سروشتییەی دوورکەوێتەوە، یان، ترسی لەو ژینگە نوێیە هەیەو نامۆیە بەرامبەری؟

یان، ئەوە ئەفسوونی شاخە نیشتووەتە سەر ڕۆحی و ئاوێزانی بووەو لێی نابێتەوە؟ مەبەستم کەڵەییە.

چیاکانمان بەزۆری ڕوویان لە باکووری ڕۆژئاوا بەرەو باشووری ڕۆژهەڵاتە، بۆ لای چەپی خۆیان چەماونەتەوە.

لە ٥٠٠ مەترەوە تا ٥٠٠٠ مەتر بڵندن. قاتی هەرەکۆنی چیا لەسەر لووتکەکانن.

چیاکان باڵندەو ڕوەک و گژوگیای تایبەتیان تێدا دەژی. هەر بە تەنیا بەرزایی نین، شیوی قووڵ وخۆڵ و بەستەڵەک و بازڵتن.

شیعری مەلحەمی و دواتر لیریکی کوردی فریای وەسفی ئەو سروشتە کەوتووە، نموونە مەم وزینی خانی و شیعرەکانی بێسارانی و مەولەوی و گۆرانن. باقی سەردەمەکانی تر ڕوحی کێویی زاڵە نەک وەسف.

بەشێکی شیعری کۆن پشت بە بیروباوەڕی ئاین دەبەستێ، ململانێی خێر و شەڕ و سەرکەوتنی خێر!

میترایی و زەردەشتی و ئێزدی ویارسان هەر هەموویان ئاینی سروشتپارێز بوون و ئیلهامیان لێی وەرگرتووە.

سۆفییەت بەشێکی گرینگی ئەدەبی کۆنی داگیرکردووە دوای هاتنی ئیسلام، ئەو ئاراستەیە گۆڕانێکی مەزنە بەرەو ناخ. کەواتە سۆفیزم تاکە ئاوڕدانەوەی جیدییە لە مێژووی داهێنانی شیعری کوردییدا.

ئاگر ڕەمزی ژیان و پیرۆزییە لای چیانشینە کۆنەکان. بەشێکی شیعری کوردی بەرهەمی بەر ئاگردانە، کەمتر ڕووحی موغامەرەی پێوە دیارە. بۆ نموونە،

چاوەڕوانی هاتنی یار، تەنیایی، شەوچراغ وسووتان و گێڕانەوەی حیکایەت، و ئەسرین، ...تاد.

ژیانی باخۆسی کەمتر دەرکەوتووە، کەچی لە فۆلکلۆردا ڕوونترە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەشی زۆری شاعیران مەلا و کەسایەتی کۆمەڵایەتی بوون. ئەگەر فەقێیەکیش شیعری نووسیبێ لە ترسی مەلا نەیوێراوە باسی ژیانی ڕاستەقینەی خۆی بکا.

شیعرو ئایین هاوبەشن لەوەی کە هەردووکیان باسی دنیایەکی نادیار دەکەن.

ئایین دەیەوێ بیسەلمێنێ و شیعر دەیەوێ خوێنەر بەدرەوشانەوەی سەرسام بکا.

بەهەشتی ئاین یەکە، هی شیعر بەقەدەر خوێنەرەکانییەتی، ئەم تایبەتمەندییە نابێ لە شیعر دامالڕێ.

جاران شیعر ژیانی دەڕازاندەوە ئارایشتی دەکرد بۆیە ئیشکالییەتی نەبوو، بەڵام کە بوو بە موغامەرەی چوونە ناو گریمانەی بوون و دۆزینەوەی نادیار ئیشکالییەتی بۆ دروستبوو. ئیشکالییەتی گوماناوی و بارگاوی بەگیانی فاوستیانەی تخووببڕ.

ئەو کاتەی شیعر ڕزگاری بوو لە هەژموونی ئایین توانی لەو تخوبە فاوستیانە نزیک بێتەوە.

شیعری داستان و مەلحەمەی کوردی زادەی ئەو گیانە شاخاوییەیە لەلایەک و زادەی ئەو ئەو هێزە غەیبیانەیە کە کورد لە هەناویدا هەڵیگرتووە، وەلێ ئەوەی تۆمارە و کراوە بە کتێب بەشێکی کەمییەتی.

شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی ٥٥٢٦ بەیتە و مەم وزین ٢٧٠٠و قسوور بەیتە...

کەچی ماهابهارتا ٢٠٠ هەزار بەیتە و کۆمیدیای دانتی ١٥ هەزار بەیتە.

## بەرگی ناوەوەی جیهان

**جلی زەوی تەسک بوو ، ئاسمانی لە خۆی ئالآند**
**کە ئاسمانیش تەسک بوو ، خۆی ڕووت کردەوە**
**کە من دەمرم بەرگی ناوەوەی جیهان دەبینم،**

ئەم ڕستە هی شاعیری پۆڵەندی گیسواف میووشە. ڕستەیەکی لەم چەشنەی ڕیلکەش نووسیوویەتی.

فەزای ناوەوەی جیهان Weltinnenraum، وێنە بینراوەکان کەڵەکە دەبن و لە ناخی شاعیردا دەبن بە گەنجینەی نەبینراو. پوختەی ئەزموونی شیعریی ڕیلکە لەم بارەوە لەم ڕستە شیعرییەدا دەردەکەوێ:

**ئێمە هەنگە نەبینراوەکانین، بە هەموو پەرۆشییەکەوە هەنگوینی بینراو کۆدەکەینەوە و دەیڕێژینە شانەی ئاڵتوونیی گەورەو نەبینراوەوە .**

فریشتەکان ئاسانتر لەو کارە حاڵی دەبن. ئەوانیش بوونەوەری نەبینراون.

بەرگ، یان بەری ناوەوە، یان ناواخنی جیهان، مەبەستێکی قووڵە. دەکاتە ئەو شتانەی چاوی ئاسایی و تەماشای تەقلیدی ناتوانێ بیانبینێ. دەکاتە ئەودیوی باڵندە و چیا و خۆرئاوابوون وەکو خۆی نووسیویە.

ئەو مانا سیمبۆلییە چییە کە لە دیوی ناوەوەی ئەم جیهانەدا پەنهانە؟

بەرگی ناوەوە شێوەیەکی نیمچە جێگیری هەیە، ئەوەی دەگۆڕێ وێناکردنی بەرگە.

هەموو وەرچەرخان و بزاوتە ئەدەبییەکان کاریان لەناو وێناکردنە نەک گۆڕینی بەرگی ناوەوە.

بەرگی ناوەوە دەکاتە پەردەی هەرە تەنکی دەوری جەوهەر، یان، بە دەوری عەدەمدا.

جۆن بێرگەر کە باشترین کتێبی لەبارەی بیکاسۆوە نووسیوە، تایبەتمەندی داوە بەو قۆناغەی کە لەگەڵ براک دا تەکعیبییان هێنایە ناو هونەرەوە و نیشانیاندا کە تەنیا یەک سووچ نییە بۆ بینین بەڵکو سووچ و گۆشەنیگا زۆرن، بەمەش ئەو چەقەیان شکاند کە بەرانبەر سروشت هەبوو. هەڵکڕاندنی دیمەنێک، یان، هەر سروشتێکی تر بۆ دەرخستنی ناواخنی شاراوە.

وابەستەبوون  بە هەندێک کلێشەی وشک و گینگڵدان پێیەوە لە ئەدەبدا مەجازەن پێی دەوترێ مەرگی نووسەر.

ئاویش کە دەمێنێتەوە لینج دەبێ و قەوزە دەگرێ.

زمان بوونەوەرێکی زیندووە لەو جۆرە زۆنانەدا دەخنکێ.

خاڵێک کە ببوو بە مایەی سەرنج سەبارەت بە تەکعیبیەکان ئەوەبوو، هەموو شتەکانی بوونیان کورت کردبووەوە لە شەش پاڵوو لوولەییدا، کەچی ژیان خاڵ و بازنە وسێگۆشەو هێما و دۆخی تریشە. بە واتایەکی تر تەوژمی هونەر و مۆدە هەردەم لە نوێبوونەوەو گۆڕاندایە، کە بوو بە قاڵب، ئیتر قاڵبێکی نوێتر شوێنی دەگرێتەوە. ئەوەی گرینگە ڕوحییەتی هونەرییە، بەرگی ناوەوە.

دیارە مەبەست لێرەدا ژیان و بوونی وجودییە و مەرگ نییە هەرچەند ئەو دنیاش کەس نەدیوەو کەس لەوێ نەهاتۆتەوە.

مردوویەک زیندوو نەبۆتەوە تا حیکایەتی خۆیمان بۆ بگێڕێتەوە. بەلام لە دنیای خەیاڵ ونووسیندا حەقیقییە و ڕوویداوە.

لە(هەزارویەک شەوە)دا خەیاڵ وسیحر بەو دنیایەدا دەمانگێڕێ. مەعەڕیی لەگەشتێکی ئەدەبییدا چووە بۆ مەملەکەتی دۆستان! دانتی لەکۆمیدیادا ئەو مەرزەی بڕیوە. ئایا ئەوانە ویستوویانە ئەو دنیامان نیشان بدەن، یان، مەبەستی شیعر ئەم دنیایەیە؟

گێڕانەوە ئاسان نەبوو بۆ دانتی، ئەو ویستویەتی جیهانێکی تر بەرانبەر ئەوەی هەیە دروست بکا. بە پێوانەی بەشەر کردەوەی بەشەری هەڵسەنگاندو نەچووە ناو غەیبانییەتەوە.

کردەوەکانی بەشەری بە تەرازووی خۆشەویستی بۆ عیسای مەسیح هەڵسەنگاند، هی پێغەمبەرەکانی بەرایش.

گەشتی کۆمیدیا بۆدۆزەخ و پاکژگەو بەهەشت، گەشتی ژیانە لەمسەرەوە بۆ ئەو سەری. بە واتایەکی تر، دیووەکانی تری بوونی نیشاندا، بەلام نەک بەو تێگەیشتنەی(میووش).

نوستالجیا ناچێتە خانەی دیوی ناوەوە بەڵکو مانەوەیە لەڕووی دیوی دەرەوەدا. نالی لە قەسیدە شامیەکەیدا لە ڕێی نۆستالجیای شوێنەوە، شتێکی نزیک لەوەی کردووە، بە تایبەتی بەشی دووەمی قەسیدەکەی، لەو بەیتەوە کە دەڵێ،

داخۆ دەروونی شەق نەبووە (پردی سەرشەقام)؟...تادەگاتە بەیتی (زارم وەکو هیلال و نەحیفم وەکو خەیاڵ).

لەگەڕانەوەدا بۆشوێنەکان بەراوردێکی شاعیرانەی کردووە، نەچۆتە ناو خەیاڵێکی موجەڕەدەوەو زیاتر بە ڕۆخی واقیعەوەیە.

لەم گەڕانەوەیەدا بۆ شوێنە پاکەکان دژی داگیرکاریی ڕۆمییەکانە کە بوونەتە مایەی شێواندنی ئەو پاکییە و لەهەمان کاتیشدا نارەزاییە لەبەرانبەر ئەوەی دەگوزەرێ. نزیکترین دەقی نالییە لە واقیعی ڕۆژانەوە.

شێرکۆ بێکەس لە (گۆڕستانی چراکان) دا سەفەرێکی خەیاڵی کردووە بۆ مەملەکەتی ئەنفال و گێڕانەوە زاڵە تێیدا. وەکو نالی بە تەک واقیعەوە کارەساتێکی واقیعی دەگێڕێتەوە و دەڵێی ڕیپۆرتاجێکە بە زمانی شیعر، وەک خۆیشی نووسیویە (ڕۆژگار کاوێژ کردنەوەیە)و مانا و مەغزای تازەی لێ هەڵنەهێنجراوە. ئەو جۆرە دەقانە وەک دەقی ئەخلاقی دژی زوڵم و ناعەدالەتی نووسراون، کەچی

بەرگی ناوەوەی جیهان لەڕێی زمانێکی بارگاوییەوە وێنادەکرێ، زمانێک کە پەردەی خوداوەندیی هەڵدەداتەوە. زمانێک دەیان پردی هاوبەش لە نێوان ئەزەل و ئەبەدییەتدا دەیهێنێ و دەیبا و بێ ئەوەی هیچی لێ بکەوێتە ناو ئاوی واقیعێکی دیاری کراوەوە.

## دەستپێک و تیراوە

**لە هەر کوێوە دەستم پێکرد ئەوێ سەرەتا بوو**
**کە گەڕامەوە ئەو شوێنە، هیچ شتێک نەمابوو**

ئەگەر سەدەی نۆزدە لە هەموو دنیادا چاخی هەژان بێت بۆ لەدایکبوونی سەدەی بیست و گەڕی تازە، بۆ کوردی ناو تەپوتۆزی

جەنگەکان و دواکەوتووی دەستی جەهالەت ونەخوێندەواریی سەدەی دەستپێکردن بوو، دەستپێکردنی وەکو نەتەوە.

شیعرەکانی حاجی قادری کۆیی گەواهی ئەو ڕاستییەن. حاجی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە لە ئیستەنبول ژیاوە.

بەر لەو سەدەیە، کتێبخانەمان هەبووە ( کتێب) مان نەبووە،مەتەڵەکە ئەمەیە.

ئەلفوبێمان هەبووە! لەبن تەپۆڵکی ئاخدا ونە. بە ئەلفوبێی بێگانە دەنووسین.

زۆر ڕووداوی وڵاتەکەم وەکو مەتەڵ ماوەتەوە، دەتوانم ناوی بنێم مەتەڵی ڕەش لەسەر شێوەی کۆمیدیای ڕەش، کە جۆرە گاڵتەجاڕییەکی تێدایە کە تراجیدیاش دەگرێتەوە. ئەم دوو نموونەی سەرەوە بەشێکن لەو مەتەڵە ڕەشانە.

گورجییەکان شانازیی دەکەن کە ئەو هەموو داگیرکەرە هاتوون و رۆیشتوون، ئەوان، یەک لەو ستوونانەی دەستیان پێوەگرتووە ئەلفوبێی خۆیان بووە کە تا ئەمڕۆ پێی دەنووسن.

کە شراوەکانی شوێنەواری (شمشارە)کە چەند کیلۆمەترێک لە خواروری ڕۆژهەڵاتی ناوچەی بتوێنە دۆزراوە و زیاتر لە سەدوپەنجا تەختە قوڕی سەردەمی ئاشووری کۆنی تێدابوو بە خەتی بزماری، مەسعوود محەمەد پرسیارێکی ڕەوای کرد کاتێک وتی،

تاقەگردێک ئەو هەموو ئامانجە بە دەستەوەبدا ئەدی پشکنینی ئارکیولۆجی هەموو ئاخی کوردستان چیمان بۆ پەیدا دەکا؟

پرسیارێکی مەنتیقیی لەهامان کاتدا بێ هوودەیە.

ئەگەر ئەلفوبێی خۆمان هەبوو بۆ ئەدەبی کوردیی کە لە سەدەی شازدە دەستپێدەکا - ئەگەر (جزیری) بکەین بە سەرەتا- ئەی بۆ ئەو شیعری‌کوردی بە ئەلفوبێی عارەبی - لە بنچینەدا ئارامییە – نووسی و هەندێکجار سەروبۆری بۆ پیتەکان کرد؟

یەکەم رۆژنامەی کوردیش هەر بە هەمان ئەلفوبێ چاپ بووە.

یەکەم کتێبی کوردی کە لەم دەستوورە دەرچوو (عاداتو رسوماتنامەئی اکراد)ی مەلا مەحموودی بایەزیدییە کە ئەلفوبێیەکەی لەگەڵ تایبەتمەندیی زمانی کوردی گونجاند. لەبری(فەتحە)ی عارەبی(ە)ی داناوە، هەروەها حەرفە کوردییەکانیشی نووسیوە وەکو

( گ ، ڤ ، پ ، چ ، ژ ) بەڵام ئەویش لەسەر بنچینەی هەمان ئەلفوبێی عارەبی.

کەواتا، گومان هێشتا لەبارەی بوونی ئەلفوبێیەکی تایبەتی کورد نە ڕەویتەوە.

ساڵی ١٩١٩ یەکەمجار کە ئینجیل بەکوردیی لە نیۆیۆرک چاپ کرا، (ڵ)ی قەڵەو بە حەفتەکەی سەرییەوە نووسرا.

تۆفیق وەهبی ساڵی ١٩٢٩ دەستووری زمانی کوردی نووسی و حەفتی لەسەر واو، هەروەها( ی) لە بری (کسرە)دانا.

کوردیی و مەریوانیی کە دیوانی شاعیرانی کلاسیکیان چاپکرد ڕەچاوی ئەم ڕێنووسەیان کرد لە سییەکاندا. هەر ئەوانیش حەفتیان خستۆتە ژێر ڕێی قەڵەو.

لەحەفتاکاندا کە خوێندن بە زمانی کوردی دەستپێکردگرفتی ڕێنووس بەربەستی جیددی بوو، هەندێکی لەلایەن بەڕێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی و ئەوی تری لەلایەن کۆڕی زانیارییەوە چارەی بۆ پێشنیازکرا.

لە کۆتایی هەشتاکاندا زنجیرە کۆڕێک لە بەغداد بەسترا. دوا هەوڵیش کۆڕانەی کۆڕی ئەکادیمیای ٢٠٠١ی هەولێرە بۆ ڕێنووسی یەکگرتوو. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ هیچ بڕیاری کۆنکرێتی نەدرا کە هەموو لایەک پێیەوە پابەندبن.

هەتا دێ زمان گەشە دەکاو گرفتی نوێ دروست دەبێ، ئێستا زمانی کوردی جگە لە قۆناخەکانی خوێندن، لە فەرمانگەو لە دادگاو یاسادا بەکاردەبرێ، کەچی کێشەی ڕێنووس هێشتا کۆدەنگی لەسەر نییە،گەڕەلاوژەی واو و یێ (و، ی) نەبڕاوەتەوە.

راستتر ئەوەیە ناوەندێکی خاوەن دەسەڵاتی یاسایی وفەرمیی نییە بڕیارێک بدا  هەموو پابەندبن پێیەوە. هەر رۆژنامەو گۆڤارێک چۆنی بووێ وا دەنووسێ.

ئەم جۆرە گرفتانە یەکلایی نەکرایەوە، ناشکرێ هەتا ساڵی سەی چاوەڕێ بکەین .

کورد دەڵێ، باخەوانی باشترە لە چاوەڕوانی.

کێشەی زمان و کێشەی ڕێنووس دوو کێشەی جیان.

زۆربەی نووسەران ڕێنووسیان نە کردووە بە خەمی خۆیان. من دوای چڵ ساڵ نووسین ئێستاشی لەگەڵ دابێ بەرهەمم دەدەم بە شارەزایەک تا بۆمی پاک بکاتەوە لە هەڵەی ڕێنووس. شەرمە تۆ خۆت بە نووسەر بزانی و نەتوانی بە ڕێنووسێک بنووسی هەڵەی تێدا نەبێ.

فرناندۆ بیسوا لە کتێبی( نا ئارامیی) دا ڕستەیەکی مەیلە و درێژی لەم بارەیەوە هەیە، دەڵێ،

من هیچ هەست و تێگەیینێکم نییە بۆ سیاسەت و دۆخی کۆمەڵایەتی، بەڵام تێگەیینێکی نیشتمانی باڵام هەیە بۆ زمانی پورتوگالی کە نیشتمانی منە. ڕقێکی ڕاستەقینەم هەیە، نەک بەرانبەر ئەوانەی بە زمانێکی خراپ دەنووسن و ڕێزمان خراپ بەکاردێنن، بەڵکو بەرانبەر ئەو پەڕەیەش کە بە شێوەیەکی خراپ نووسراوە. ڕقم لە ڕێزمانی بە هەڵە بەکار هێنراوە، ڕقم لە ڕێنووسی ناڕاست نووسینە، ئەوانەی وا دەنووسن دەبێ تێیان هەڵدرێ! چونکە بنەماکانی ئیملا بوونەوەری بەشەریین، وشە بوونەوەرێکی کامڵی بینراو و بیستراوە. بەو حوکمە ڕەوایەی بیسوا بێ، دەبێ زۆربەی نووسینی نووسەرانی کورد بەر شەق بدرێ! چ قەیدی؟

# سروشت وشوێن کوێن؟

**باخچەکەمان هێشتا گوڵی نەگرتووە**
**کەی دێی، ئەو گرفتە لە کۆڵی من دەکەیتەوە**

دوو برادەرم لە ڕۆژنامەی چاودێر ناویان بڕوا و پێشەوایە. دڵم پێیان خۆشە، یەکەمیان ئێستا لە دەرەوە دەژی و خەریکی توێژینەوەیە لە بارەی هەڕەشەکانی سەر هزری نویێ، ئەوی تریان لە بواری بەرنامەی ئەدەبی لە کاناڵەکاندا کاردەکا. چەند جارێک گفتوگۆیان لەگەڵ کردووم و هەموو جارێکیش پرسیاری شوێن و سروشتیان کردووە لە بەرهەمەکانمدا. بەڵێنم پێدان دید و ڕوانینی خۆم لەم بارەوە بنووسم، نووسیم و بۆیانم ناردو بڵاویان کردەوە. پوختەی ئەمەی خوارەوەیە بە کەمێک دەستکارییەوە. ئەم ڕۆژنامەیە زۆر خزمەتی منی کردووە، زۆریش بایەخی بە شیعری نوێی کوردی داوە، فەزلەکە بۆ ڕەوتی ڕۆژنامەکەو ئەو برادەرە دڵسۆزانە دەگەڕێتەوە.

لە نێوان من و شوێندا پەردە نییە.

لە نووسیندا شوێن بە تەنیا دەنووسرێ کە زەمەنی دەچێتەپاڵ دەبێتە شوێنکات، وشەیەکی لێکدراوە بەڵام لە بنچینەدا یەک وشەیە.

شوێنی بێ زەمەن نییە، زەمەنی زیهنیش پانتایی هەیە وەکو بەهەشت زەمەنێکی هەیە با ئەبەدیش بێ.

لە شیعری کوردیدا دیوێکی شوێن بە ڕوونی دەرکەوتووە، ئەویش دیوی پەیوەست بە سروشت و جوانییە. قووڵایی شوێن زمانە نەک سروشت.

سروشت وەکو هێزی مەزنی گەردوون شتێک غەیبی تێدا بەرجەستەیە کە سەرچاوەکەی بۆ نادیاری ئەو هێزە دەگەڕێتەوە، وەکو هێزی باو بۆران و لافاوە گەورەکان و نغرۆبوونی زەوی و بوومەلەرزە و چی و چی. ئەگەر وەکو جەنگەڵیش بێ، هێزی دێو و تاریکی و بێدەنگی گەورە هەناوی گرتووە.

پێداچوونەوەیەکی خێرا بەشیعری کۆن بۆمان دەردەکەوێ دووانەی سروشت و شوێن بەئاراستەی ئاسۆیی ڕووبەرێکی فراوانیان تێداگرتووە، وەکو وێنەو لێکچوون، نەک موعانات و بیرکردنەوە.کەمتر لا لە هەڕەشەکانی سروشت کراوەتەوە، پێچەوانەی حیکایەتی میللی و ئایینەکانی.

مرۆڤ و دێو هەردووکیان لە ئەشکەوت ژیاون، یەکیان ڕاستەقینە ئەوەی تر خەیاڵیی.

خوا کە تووڕە بووە لە مرۆڤ لە ڕێی سروشتەوە هەڕەشەی لێکردووە، لافاو وبورکانی بە سەرباراندووە. نموونەی ناو حیکایەتەکان زۆرن نووح یەکێکیانە. سروشت قامچییەک بووە بە دەستی خواوە،

نووح ئەو کاتەی شوێنێکی دۆزییەوە هەستی بە ئارامی کرد، هەموو ئەوانەی لە توخمی مرۆڤن و لەناو ئاودان بە دوای کەناردا دەگەڕێن، کەچی ئاو شوێنی حەوانەوەو ژیانی بوونەوەری ئاوییە.

مووسا کەویستی میللەتەکەی ڕزگاربکا دەریای شەق کرد.
سروشت و شوێن یەکیان بەرهەستە وئەوی تر دەرهەست.

سروشت ئەگەر دەستکردی خوا بێ شوێن دەستکردی ئینسانە، نووح وەکو نموونە.

شیعر و سیحر هەوڵی ڕکێفکردنی سروشتی داوە، یەکیان لە ڕێی تەوهین و ئەوی تر لە ڕێی زمانەوە.

سروشت سەرەتای دنیایە. تەقینەوە گەورەکان و بەریەککەوتنی هەسارەکان و لافاوی گەورەو زەوی لەرزین و بورکان و....تاد. ئەو ڕووداوە کیمیایی فیزیاییانە گەرماو سەرمای هەناوی گەردوونن، جووڵەی هێزە گەورەکانن بە ئاراستەی جێگیربوون، شتێک لە حیکمەتی سروشتی تێدایە لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئینساندا، بەڵام ئینسان بە ماشای خۆی شرۆڤەی کردووە.

کاری هونەر بریتی بووە لە دەرخستنی ئەو هەموو جوانییە بێ ئەندازەیەی لە سروشتدایە، بەڵام تا هاتووە ئەفراندن ئەو سنوورەی تێپەڕاندووە و هەوڵی داوە شتێکی تایبەتی بنیاتبنێ.

(پەری دەریا) خەیاڵی هونەرە، لەکاتێکدا ماسی و کچ دوو بەرهەمی سروشتن. تێکەڵکردنی ئەم دووانە و دروستکردنی پێکهاتەی (پەری دەریا) کردەیەکی هونەرییە.

سروشت چۆن بۆتە خەیاڵدانی ئەدەب، ئاوەهاش لە ڕێی ئەدەبەوە ڕەهەندی ڕەمزی و تەسەوفی وەرگرتووە.

لە سروشتەوە ئەحواڵی دنیا دەزانم، ( گەڵایەک بە دەستی بچووکی لە دەرگا دەدا، دیارە خەوی لێ زڕاوە )

( ئەوەی لەودیو لەسەر خەتە، ڕەنگە خۆخێک بێ دڵی گوشرابێ و لەوسەری دنیاوە تەلەفۆن دەکا ).

لەگەڵا تێدەگەم دنیا چ باسە! لەخۆخ دەپرسم هەواڵی باغ! بەشێکی ئەم قەناعەتەم لە باپیرمەوە وەرگرتووە ئەوەی تر مەولەوی.

گەرما وسەرما هەر تەنیا لەشی من هەستی پێ ناکا، گەڵاش هەستی پێ دەکا بە جەستەی ناسکی دەیپێوێ.

هەستی هەیە بەڵام چونکە هۆش و لێکدانەوەی نییە.

گەڵا هەستی هەیە کە هەستیشی هەبوو شتێک لە ئارەزووشی هەیە، دەنگ و ئاوازیشی هەیە، بەڵام توانای دانایی نییە. واتا هێزی دانان "تالیف"ی زمانیی نییە بۆیە شاعیر دەکا بە وەکیلی بۆ ئەوەی حەز و ئارەزووی لە پرۆسەیەکی شیعرییدا بکا بە خۆراکی گشت.

کە دەچمە ناو دارستانێک گوێم لە سەمفۆنیای لق و پەلکەکان دەبێ، دڵنیام شنەیەکی ڕوحی دەجووڵێ تێیاندا بۆ دەرخستنی ئەو ئاوازانە. ئێمە ئەو هەموو ساڵە لە لێک تێنەگەیشتنێکی نابەرپرسانە دەژین لەگەڵیاندا. هێندەمان کۆشیوە تاکەمێک شارەزاییمان دەست کەوتووە.

نازانرێ ئەوان چلۆن تەماشای ئێمەدەکەن؟

کلۆرۆفیل ئەو ئیکسیرەیە کەکەسکایی بەرهەم دێنێ، بەڵام کلۆرۆفیل خۆی چییە؟ بۆ تەنیا لە ڕووەکدا هەیە؟ ئەو ماددە هەر تەنیا ڕەنگی کەسک نییە بەڵکو هێزی سەوزبوونە لە ڕەنگی کەسکدا.

ئەو ناوە یۆنانییە لە هەردوو وشەی کلۆرۆس واتا سەوز وفیلۆن واتا پەلک پێک هاتووە، ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەکی ئاڵۆزی هەڵمژینی

وزەی خۆر لەلایەن پەلکەوە. تا ئێستا زانایان بە تەواوی نهێنی ئەو پرۆسەیان بۆ ڕوون نەبۆتەوە، هەر هێندە زانراوە کە تیشکی خۆر هەناوی گەڵای سەوز دەبڕێ و لەگەڵ دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و ئاوی ناوگەڵا ئاوێتە دەبێ لە ئەنجامی ئەو بەریەککەوتنە پەلکی ڕووەک وزەی خۆر هەڵدەمژێ وئۆکسجین بەرهەم دێنێ کەگرینگترین گازە بۆ ژیان. گەڵا لەو حاڵەتەدا گەنجینەیەکە وزەی خۆر لەسەر شێوەی وزەیەکی کیمیاوی هەڵدەگرێ وپێشکەشی مرۆڤ و ئاژەڵی دەکا بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرن.

بەپێی ئەم سەرەتایە،کلۆرۆفیل هێزێکی بنچینەییە لەسەر زەویدا، ئەو هێزە هاوشان لەگەڵ هێزی( ئاوەزو ئەندێشە)ی مرۆڤ ژیانیان لەسەر گۆی زەوی بەرەو پێش بردووە.

کەواتا، سروشت هەر تەنیا دیمەنی دڵڕفێن و جووڵەو سەرچاوەی جوانی نییە، داینەمۆی گەشە و پێشڤەچوونیشە. ئاو وهەواش دوو جەستەی ناسکی ئەم گەردوونەن، کار لە هەموو دیاردەیەک دەکەن و هەموو دیاردەیەکیش کاریان تێ دەکا.

پەیوەندی من لەگەڵ سروشت لەو هەموو گشتییەوە سەرچاوە ناگرێ، بریتیی نییە لەو حاڵەتانەی سروشت دروستیکردوون لە بنیادنانی وێنە و خەیاڵ و زمان دا،کە زۆرجار دەبێتە مایەی دڵنیایی و هەندێک جاریش سەرسوڕهێنەرە بە بێدەنگییە گەورەکانییەوە، بەڵکو ئیزافەو دیتنی دیوەکانی تری دەرکەوتنی لە ئەستۆی من دایە، ئەوەش دەچێتە چوارچێوەی ئەفراندنەوە.

شیعر کلۆرۆفیلە بۆ بەرهەمهێنانی کەسکایی ڕوح، وشە خۆرە و گەڵاش شاعیر!

له منداڵییەوە لە ڕێی باوکمەوە پەیوەندیم لەگەڵ زەوی بە هێزبووە.

باوکم باخچەوان بوو. پیشەی باغچەوانی ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە خاک و ئاو و هەواوە هەیە کە سێ توخمی سروشتن، جگە لەمە، خۆشم لە منداڵییەوە زۆر لەو توخمانە نزیک بووم، هەر لە دیواری ماڵەکامانەوە کەگڵ بوو تاکۆڵان وگۆڕەپانی یاریی. هەولێریش کەوتۆتە دەشتایی بۆیە هەتا چاوهەڵبڕی هەر خاکت لێ دیارە. خەیاڵی منداڵیش لەوێ بوەستێ. هەندێک جار ،

بیرم لەوە دەکردەوە لەبن ئەوچینەی خاکدا چی هەیە؟

دواتر هەر ئەو هەستەبوو گەڕاندمیەتیەوە بۆ دیرۆکی سروشت.

زەوی چەند ملیار ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دروست بووە، ئەو کۆنییە چاوی ئاسایی نایبینێ، پێویستیمان بەچاوی ئەدەبە وەک دووربینێکی سیحراوی.

زەوی بە تەنیا ئەو مێژووەی خۆی دروست نەکرددوە، بەڵکو هەواو پەردەی ئاسمان شانبەشانی چالاکی مرۆڤ هاوکار بووە لە دروستکردنی.

پرسیارێکی جیدی دێتە پێشەوە: مرۆڤ کە ئەوەندە نزیکە لە سروشت و زادەی یەکترن، ئەی بۆ هەتا هاتووە لێی دوور کەوتۆتەوە، بە ڕادەیەک لە شیعریشدا ئەگەر شاعیر باسی سروشت بکا بە کۆن و ڕۆمانسی وەسف دەکرێ؟

هۆیەکەی ئەوەیە پەیوەندی نێوانیان لە جیهانی تازەدا لە ڕاستەوخۆوە گۆڕاوە بۆ ناڕاستەوخۆ، لە ڕێی تەکنۆلۆجیاوە؟ یان، کەموکورتی لە تێگەیشتنی مرۆڤ و بەرفراوانبوونی تەنیاییەکەیەتی؟

دوو مێژوومان لەبەر دەستە، یەکیان هی سروشت و ئەوەی تر هی مرۆڤ، لەکاتێکدا دەبوو ئەو جیابوونەوەیە مەحاڵ بێ.

هەر لەبارەی نامەعقوولییەوە، ئەوەم بە خەیاڵدا دێ، جاران مرۆڤ بۆ خۆ گەرمکردنەوە پێویستی بە درەخت بڕینەوە بوو، بۆ سک تێرکردن پێویستی بە ڕاو بوو، .....تاد. کەچی لە ڕێی تەکنۆلۆجیاوە، ئێستا کارەبا و خۆراک بەرهەم دێنێ وخۆی لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ دزیوەتەوە. تەمەڵیی زۆر جۆر هێزی لە مرۆڤدا خەفە کردووە.

ژیانی مۆدرن وا دێتە بەرچاو کە سروشت تووڕهەڵدرابێ،کەچی لەکاتی نائارامی و بێزارییدا پێویستیمان بە سروشت دەبێتەوە، وەکو ئەوەی باوەشی دایک بێ.

یەکەم هەنگاوی ئەو جیابوونەوەیە لە ئایینەوە دەستی پێکرد. سیحر و ئەفسانە هیندە دوور نەبوون لە سروشت و پاڵەوانی ناو ئەفسانەکان هەردەم لەگەڵ سروشت لە جەنگدا بوون بۆ بەدەستهێنانی ئامانجێک. لە دەقی سۆمەری وبابلیەکان و لە حکایەتی میللی خۆشماندا دەیان پاڵەوان لەگەڵ با و تاریکی و لافاو جەنگاون، کەچی لە دەقە ئاینیەکاندا کەمتر سروشت دەبینرێ، وەکو ئەوەی کردار و ڕەفتاری و ناخی ئاڵۆزی و ململانێی خێر و شەڕ پەیوەندی بە سروشتەوە نەبێ.

لە هەندێکی دەقی شیعری خۆمدا هەوڵم داوە ئەو داوە ئاوریشمینەی نێوان خۆم وسروشت بەیەکەوە گرێ بدەمەوە، بەم کارەشم هەم بێزاربوونی خۆم لە ئاست ئەو هەمەجییەتەی تەکنۆلۆجیا دەرببڕم و بگەڕێمەوە بۆ تەنیایی خۆم، ئەو تەنیاییەی هەوێنی دۆزینەوەی خواوەندە بە دیدی سۆفیانە.

خەڵکی دەشت بە حوکمی خاکەکەی پەیوەندیان لەگەڵ سروشتدا یەک ڕەهەندییە وگریَ وگۆڵی کەمترە، ئاسۆی دوورترە،
چیانشین لەبەر ڕەقی وفرەجۆری خاک و ئاووهەوای شاخ، جگە لەوەی پشتیان قایمە لە هەمان کاتدا ترسێکی نادیاریشان هەیە، ترسێکی میتافیزکی کە خۆی لەناو دەنگی گەورە وبڵندی زریان و بەفری ئەستوور و ئاژەڵی دڕندەو بێدەنگی گەورەدا مەڵاس داوە .
شار ئەو یەک ئاراستییەی دەشت و ترسە گەورەیەی شاخی لە ڕێی ئەندازەی بیناو تەکنۆلۆجیاوە دوور خستۆتەوە لەخۆی.

لەباخچەی باوکمدا خاک شتێکی تری پێدەبەخشیم، جگە لەوەی سەرچاوەی داهاتمان بوو، شوێنی بینینی دیمەنی سەرسوڕهێنەریش بوو، بە تایبەتی کاتی هەڵتۆقینی تۆو لە خاکدا وکاتی کردنەوەی ڕێڕەو وجۆگا و دێراوەکان کە ڕەنگی جیاواز دەردەکەوت، ئەو ڕەنگانە مایەی سەرسامیم بوون. هەندێکجار زەویم هەڵدەکۆڵی بۆئەوەی نهێنی خەیاڵی منداڵیمی پیَ ئاوبدەم.
خاک تەنیا هی ئێمە نییە هی مار و مێروو وزیندەوەرەکانی تریشە.
سروشت گشتییە دەکەسێنریَ بەڵام شوێن کەسییە و دەگشتێنریَ.
شوێن بەر لەوەی فیزیک وجوگرافیابیَ، ناخە. پەیوەندیی بە ئاوەز ونەستەوە هەیە. یەکەم ئاشنابوونی ئێمە بە شوێن لە ڕێی پزدانەوەیە. ئەویَ یەکەم بەرکەوتنی هەستی ئێمەیە بە شوێن. ئەو شوێنە شێدارە لیچە هیچ لەیادنەماوە، یەکەم فەزای هەڵواسینی ئێمەبووەوە بە هەوای بوونەوە. هەموو شوێنەکانی تر گێرانەوەی مەحاڵی ئەو بە هەشتە ونبووەیە. دەرچوون لەوشوێنە تەسکەوە بۆفەزای بەرین یەکەم حاڵەتی غوربەتی مرۆڤە، گەڕانەوە بۆبەهەشتی ونبوو گەڕانەوەیە بۆ

پزدانیکی گەورەتری مەحاڵ، ئەو پرۆسەیە لەجیاتی ئەوەی بمانگێڕێتەوە دەمانبا بۆپزدانی گەردوونی بێ پایانی نامۆبوون.
منداڵیی ئەو وڵداشەیە کەپێمانەوە نووساوەو دواتر بە پرۆسەیەکی نەخوازراوی بێئاگایانە لیمان ون دەبێ، ئەم ونبوونە بەشێکە لە حاڵەتە دەروونییەکانی خۆمان وکارێکی دەرەکی نییە.
شوێن شتێکە لە شێوەی قەدەر، دەربازبوون لێی کارێکی ئەستەمە، کەسیشم نەدیوە لە سیحری شوێنێک ڕزگاری بووبێ، دواتر دڵی لێی نەدابێتەوە بۆی، بە یەکجاریی ئەو شوێنەی بیرچووبێتەوە.
شوێن لە دووحاڵەتدا قەدەرە، یەکیان وەکو پزدان،
پزدانێک بۆپزدانێکی تر دەگۆڕێ، هیچ بەماقووڵی نازانم هەموو پزدانەکان وەک یەک بن! هەرگیز ناتوانم قەناعەت بکەم کە هەموومان لە یەک جۆری پزدانەوە بێینەدەرێ. ئەویتریان حاڵەتی نیشتمانە، ئەویش بەگوێرەی دیرۆک و جوگرافیا دەگۆڕێ.
هەڵاتن لەم دوو قەدەرە یاخیبوونە.
پزدان و نیشتمان هەردەم بۆلای خۆیان ڕاماندەکێشن، نایانەوێ لێیان ببینەوە، ئێ ئەوان بە هی خۆیانمان دەزانن.
ژمارەیان کەمە ئەوانەی بە شێوەیەکی دراماتیکی و لە ڕێی فراوانکرنی فەزای دنیابینییەوە قەوارەی ئەم دووانەیە هەڵدەوەشێننەوە . مەسیح نموونەیەکی سەرکەوتووی ئەوجۆرە کەسایەتیانەیە کەتێکەیشتنی گۆڕی لەبارەی وڵات و دایکەوە. پزدانی مریەمی پاکیزە لە پزدانی هیچ ژنێکی ئەم گێتییە ناچێ، لە ڕێی وتەی پیرۆزی خوداوە گرنگترین مەردمی تێدا خوڵقا، دواتر ئەو مەردمە سنووری جەستەی خۆی وسنووری وڵاتیشی تێپەڕاند. وڵات بوو بە ئاینەکەی وخۆیشی بوو بەکاسایەتییەکی گەردوونی.

بەمجۆرە دەبینین نیشتمان هەر تەنیا ئەوتێگەیشتنە نییە کەکەسی ئاسایی تێیدەگا، ئەم تێگەیشتنە هەرلای کەسایەتی ئاینی وئەدەبی وهونەری نییە، سەرمایەداری زلیش باوەڕی وایە کە بازار نیشتمانی نییە.

چ. گیڤارا وەکو شۆڕشگێر، دانتی ئەلیجیری وەکو ئەدیب....ئەو جۆرە کەسایەتییانە سنووری نیشتمانیان تێکەڵکرد لەگەڵ تواناوکارامەیی خۆیان، نموونەی تر زۆرن، هەریەکەیان سنوور تێپەڕاندنەکەی دەگۆڕێ بەگوێرەی تواناوکارامەیی کەسیی. کەواتا ئاستی تەوژمی ئەفراندن دەبێتە سنوور نەک نیشتمان. لە شوێنی تردا باسی سەلاحەدینی ئەیوبیم کردووە یان مەولانا خالیدی نەقشبەندی ئەمانیش دوونموونەی ترن.

شوێن هەرتەنیا ڕووبەرێکی دیاریکراو نییە بەڵکو شەپۆلی ئەفراندن شوێن هەڵدڕە بەرەو ناشوێن، بە واتایەکی تر سڕینەوەی شوێنە.

پرسیارێک هەیە زۆرجار بەرۆکم دەگرێ، ئایا پشتی پاپۆڕ و سەر فڕۆکە شوێنە؟

ئەوانیش شوێنی نیشتەجێن بۆ مەبەست و کاتێکی دیاریکراو، شوێنی فرە ئاست و فرە مانان، شوێنی لێکدراون لە نێوان زەوی و هەوادا.

شوێن هەیە تێیدا دەحەوێینەوە وەکو ماڵ و ئوتێل.

شوێن هەیە تێیدا ئازار دەچێژین وەکو زیندان و ئۆردووگا دوورخراوەکان.

شوێن هەیە تێیدا ئارام دەگرین وەکو گۆڕ. هەیە تێیدا تەنیاین وەکو بیابان، هەیە بۆ تێکەڵبوون وەکو هۆڵی سینەما و چایخانە.

چڕبوونەوەی چەند شوێنێک لە ڕووبەرێکدا شوێنی خەیاڵییە وەکو ناو فارگۆنی شەمەندەفەر.
مەیدانی جەنگ شوێنی ناشوێنە ئەو کاتەی دەبێتە وێرانەی پڕ لاشەی کوژراو.
شوێن بە گوێرەی بیرکردنەوە و تەمەن دەگۆڕێ وەکو شوێنی یاری و قوتابخانەو گۆڕستان. هەتا منداڵین بیر لە شوێنێک دەکەینەوە کە پیر دەبین بیر لە شوێنی تر دەکەینەوە، بۆیە دەبینین ئەو کەسانەی بیر لە کڕینی شوێنی گۆڕ دەکەنەوە بەساڵاچوون.
کەواتا ژیان لە کۆتاییدا بریتییە لە گۆڕینی شوێنێک بۆ شوێنێکی تر، جۆرە گەڕانەوەیەکە لە بێدەنگییەکەوە بۆ بێدەنگییەکی تر.
جگە لەوانەی کە باهۆزی کەسایەتیان نانیشێتەوە دیسان باشترین نموونە مەسیحە کە لە یزدانێکی قەلەقەوە هات و لە فەزای ئەبەدیدا مایەوە، هەروەها ئەوانەی ڕووحیان بەر لە مەرگ دۆناودۆنی ناو زمان کرد، زمانیش لە گەنجینەی گەورەی خۆیدا پاراستوونی بۆ نەوەکان.
زمان لەسەرووی شوێنەوە سوپەرشوێنە.

# پاریس  ڕستەیەکی درێژە

**ئۆرغۆنێک هەمیشە ئاواز دەژەنێ**
**دنیا بەو ئاوازەوە کەوتۆتە سەما**

پێش ئەوەی بچمە پاریس لەڕێی سەفەری خەیاڵ و خوێندنەوەی کتێبەوە دیبووم. بە سالۆنە ئەدەبی وقاوەخانەکانی ئاشنابووم.
ماوەیەک پایتەختی تازەگەری و مۆدەی ئەدەبی بوو، هەروەها مەئوای شۆڕشگێڕو ڕاونراو و هەڵاتووەکان و عەشقی تەریوی ئێمە بوو.
هەلێکی ئاوەها بۆ ئەدیبی کورد نەڕەخساوە ( بە هۆی هەژاری ئەدەبەکەیەوە )تا بتوانێ ڕاستەوخۆ تێکەڵی ئەدیبانی دنیا و فەزایان بێ یان، لەم وڵات و ئەو وڵاتدا بژی وەکو چۆن ئەدیبانی ئەمریکای لاتین کردیان . وڵات زیندانێک بوو ئێمە تێیدا بۆ ئەبەد حوکم درابووین.
پێش چەند ساڵێک لاواندنەوەیەکم بۆ پاریس نووسی بەر لەوەی بیبینم، تەنیا پشتم بەو خوێندنەوە و زانیاریانە بەستبوو کە لە بارەیەوە هەمبوو. ئەوکات فەرەنسا کێشەی لەگەڵ جیهانگیریی هەبوو لە سەردەمی شیراکدا.

نووسیبووم، [ وادێته بەرچاو پاریس له دەرەوەی مێژووی خۆیدا بژی، بۆیه به زەحمەت له پردی عەولەمەدا دەپەڕێتەوە!

جیهان لای رامبۆ تەنیا فرانکفۆنی نەبوو، یەک جیهان بوو هەر له تۆفانەوە تا بەهەشت. لای پرۆست و مالارمێ، لای ڤۆلتێرو سارتەر].

شۆڕشی فەرەنسا له نیشتمانێکدا قەتیس نەبوو بەهۆی شەپۆلی باوەڕەکانییەوە گەیشتە گشت جیهان.

فەرەنسییەکان زۆر شانازی به فەرەنسی بوونی خۆیانەوە دەکەن، هەموو ئەو شوێنانەی کۆلۆنیالی ئەوان بوون دەبوو به زمانی ئەوان قسه بکەن. له سەردەمی شیراکدا خەونی فەرەنسا زیندەبەچاڵ دەکرا به پەیوەندی لەگەڵ هەندێک دکتاتۆری عارەب کەگەیشتبووە ئاستی هەڵگەڕانەوە له مێژووی خۆی و پشتگیری کردن لەو سیستمه تۆتالیتاریانه.

خەونه گەورەکان لەوێ لەگۆڕستانی مەزنەکاندا دەژیان.

بەر لەسەفەرم بۆ پاریس شیعرێکی ترم هەمدیسان بۆ پاریس نووسیی، سەرەتاکەی ئاوەها بوو:

[ دەمەوێ بچمه پاریس عاشقەکان ببینم

دەمەوێ شاعیرەکان ببینم. ئەو پیانۆیه ببینم که ئاواز بۆ دنیا دادەنێ

دەمەوێ سالۆنەکان ببینم، کێیان لێیه؟ ]

حەزم دەکرد یەکەمجار له ڕێی زەمینییەوە بچمه پاریس، بۆ ئەوەی له دوورەوە بۆنی بکەم. ئەو هەسته لەچییەوە سەرچاوەی گرتبوو؟ حەزم دەکرد سییەکانم پڕ بێ له بۆنی شانێلی تێکەڵی لیمۆو مسک وگەڵا، گوچی بۆن پرتەقاڵ و یاسەمین، هەر ئەو هەستی

بۆنخوازییە بوو وایکردبوو هەستی بۆنکردن پێش هەستەکانی ترم بکەوێ، دەموویست لووت دابڕژێ بە بۆنی پاریس بەر لەوەی چاو بکەوێتە سەما لە ئاست بینینیدا.

بەداخەوە یەکەم سەفەرم لە ڕێی فرۆکەوە بوو. لەفڕگەی شارل دیگۆل دابەزیم. لە ئاسمانەوە یەکسەر خۆم خستە باوەشییەوە .

هەر شارە و پەنهانی خۆی هەیە، هەر شارە و سیحری خۆی، وا بە سانایی خۆی نادا بە دەستەوە.

پاریس ژنێکی ناسکی پێست تەنکە و هەموو جوانییەکەی بە دەرەوەیە، بەڵام هەرچەندی تەماشای ئەو جوانییە دەکەی لێی تێر نابی، جوانییەکی چەند چینە و لەپشت هەر چینێکەوە چینی تر هەیە. وەک تابلۆیەکی شەشپاڵوی تەکعیبییەکان فرەجوانییە. یان، وەک تابلۆیەکی (شاگال)ە پەلت بە دەست هەوری جوانییەکیەوە لە ئاسمانی خەونەکاندا لە فڕینی بەردەوام دایە.

وەکو عاشقێک لەعەشقی خۆی دڵنیابێ، بەڵام لە عەشیقەی خۆی دڵنیا نەبێ ئەوها بووم .

ئێوارەیەکیان لە باخچەکانی دەوری ئیڤل، بەدیار ژمارەیەک سەماکەرەوە، دەتووت، پەپوولەن لەناو هەوادا دەرەقسان، مەست بووبووم. ئەم جۆرە تەشقە لەوێ زۆرە. لە ناکاو پرسیارێک خۆی کرد بە مێشکمدا: کتێبە ئاینییەکان کە وەسفی بەهەشتیان کردووە کوێیان لە خەیاڵ بووە؟

ڕۆژهەڵات پڕە لە شوێنی گونجاو بۆ ئەو وەسفە. جوانی چ شوێنێکە پێوانەی بەهەشتیان پێکردووە؟ پاریس ئەو پرسیارەی ورووژاند. جوانییەکانی ڕۆژهەڵاتی هێنایەوە یاد.

بەهەشت تەنیا شوێنێکی ڕووت نییە، ژیانێکی ترە. زۆر شارو شوێن دەشێ هەڵبژێردرێ بۆ بەهەشتی مرۆیی.

لای ئێمە قسەیەک هەیە، کە شوێنێکی خۆش دەبینی لە کوردستان، دەڵێن، وەکو بەهەشتە! ئەگەر ئیمانداریش بی، دەڵێی، تەشبیە نەبی!!

بەهەشت بە هەموو پێوانەیەک لێگەڕێ،

بەڵام کام شوێن ئێوارەی وا درێژ و شیرینی هەیە ؟ ئێوارە بە پێوەری شارێک کە ژاوەژاوی کەمترە لە هێمنی، لەش ولاری ژنەکانی شیرینترە لە فریشتە، شەرابی پڕ نەشئەترە لە هی گشت جێ، بۆنی ئارامترە لە مێرگێکی بەهاریی.... سەردەمەکان بە خەستی دەردەکەون لە پاریس.

لە قاوەخانەی دیفلۆر بە دەم ئێوارەوە، بۆنی ئەدیب و هونەرمەند و سیاسییە ڕاونراوەکانی دنیام کرد، هەوار خاڵی بوو! لەگەڕەکی لاتینی هەر بەدەم ئێوارەوە سەرم لەگەلەرییەکان دا تابلۆکان مات! چاوم حوکمی دیتنی کەم ببوو، پێویستی بە وەرزشی ڕووحی بوو بۆ لابردنی تەمبەڵی، یان ڕەنگ و فیگەرەکان چووبوونە پشت پەردەی ئاڵۆزەوە بواری گەیشتن پێیان کەم بوو؟! سەعات نزیکی دوازدە تازە شەو دا دەهات .

دەمێکە ئێوارەی وا درێژم نەدیوە، کەچی خۆشم بە شاعیری ئێوارەکان دەزانم! ئاوەها سەرزەنشتی خۆم کرد.

ئەو جۆرە ئێوارانە لە وڵاتی مندا دەمێکە نەماون، نووسان بە باڵی قومرییەکانەوە و ئەوانیش ڕۆیشتوون.

ئێوارەی کشمیریی، ئێوارەی شاعیران و عاشقان!

ئەوەی بە دڵ دەبینرێ سەت بەرانبەری ئەوەیە کەچاو دەیبینێ. من بەدڵ پاریس دەبینم.

له یەکەم نووسینمدا له بارەی پاریسەوه نووسیبووم،[مەئوای شۆڕشگێڕو ئەنارشیزم و بوهیمییەکان بوو. شۆڕشگێڕ سەردەمی بەسەرچوو، بوهیمیی مەغزای له دەستچوو، ئەنارشیزم بێدەنگ بوو، ئەوەی ماوه کێیه؟]

جیۆکاندا! تکایه زەردەخەنەیەکی سیحراوی تازەمان پێ ببەخشه له پشت شووشەی گوللەنەبڕەوه. ئاوڕێک له ڕابردوو بدەوه به ئاراستەی داهاتوو.

جیۆکاندا تابلۆ بەناوبانگەکەی لیۆناردۆ دافنشی ئیتاڵییه که به مۆنالیزاش ناسراوه، به شازده ساڵ دروست کراوه. دافنشی که چووەتەفەرەنسا لەگەڵ خۆی بردووه، کەس نازانێ چۆن کەوتۆته دەست پاشای فەرەنسا، له کاتی شۆڕشی فەرەنسادا له کۆشکی فرسای گواستراوەتەوه بۆ مۆزەی لۆڤەر.

هێنری میللەر که خۆی ئەمریکاییه و ماوەیەک له پاریس ژیاوه وەسفی فەرەنسا دەکاو دەڵێ، " به ژنێک دەچێ گومڕات بکا. لەو جۆره ژنانەش نییه که له یەکەم سەرنجەوه جوان دەرکەوێ، بەڵکو لەسەرخۆ و به پارێزەوه ڕووت دەبێتەوه. وەک قەحپەیەک خۆی ناخزێنێته باوەشت، ڕووحی فەرەنسا پاک و پاکیزەیه وەک گوڵ. "

ئەگەر ژیان کورت بکەینەوه له ڕستەیەکدا سیحری بەتاڵ دەکەین. شارەکانیش ئاوەهان . ئاوێنەی فره ڕوون.

پاریس ڕستەیەکی درێژی تەواو نەبووه، کەس نەیتوانیوه خاڵی کۆتایی بۆ دابنێ.

# لایەنێکی خوێناوی مێژوو

**ئەوانە خوێی خاک بوان**
**تامیان دەدا بە هەموو جێ هەتا دەریاش**

لە قوتابخانە شتێکی ئەوتۆم لە بارەی ناپلیۆن پۆناپارتەوە نەخوێندبوو. هێندەم دەزانی فەرماندەیەکی بە ناوبانگی جەنگ بوو.

کاتێک چوومە ڕووسیا زۆرم لە بارەیەوە گوێ لێ بوو، پیاوی وا دوژمنیش ناتوانێ پشت گوێی بخا.

ناپلیۆن یەکەم ئیمپراتۆری فەرەنسای دوای شۆڕش، بەشێکی زۆری ئەورووپای لە ڕێی جەنگەوە گرت، ویستی بگاتە ڕووسیاش، بەڵام لەوێ شکا. سوپاکەی گەیشتبووە قەراخ مۆسکۆ. پەندەکەی ئەوە بووە، ئەگەر مۆسکۆ بگرم دڵی رووسیام بە دەستەوەیە.

لە بەرانبەردا کۆتۆزۆف(سەرکردەیەکی سوپای ڕووس) وتویە،

ئەگەر مۆسکۆ لە دەست بدەین هەموو رووسیامان لە دەست چووە.

ئەم دوو مەنتیقەی جەنگ لە خۆرئاوای شاری مۆسکۆ بەرەنگاری یەکتر بوونەوە، ئەنجام ناپلیون و سوپا دوازدە زمانییەکەی شکان.

لەوشوێنەی شەڕەکەی تێدا قەوماوە پانۆرامایەک دروستکراوە، بارستاییەکی هونەری بەرزە، گێڕانەوەی ڕووداوەکەش ڕووسییە!

پۆناپارت ماوەی دوای شۆڕشی فەرەنسا ببووە جێگای ئیعجابی گشت بە تایبەت گەنجان، نووسەرانیش لەو ئیعجابە بێبەش نیین، هیدرلین یەکێک لە تێکستە جوانەکانی بۆ نووسیوە، بە ڕووحی سروشت ناوی بردووە و لە شیعرێکیدا بە ناوی پۆناپارت دەڵێ،

با شاعیر وازی لێبێنێ و لێی نزیک نەبێتەوە، ئەو ڕووحی سروشتە ناتوانێ لەناو چامەدا بژی، لە ناو جیهاندا دەژی و دەمینێتەوە.

گۆتێ لە شوێنێکدا باسی ئەو دیدارەی خۆی دەکا لەگەڵ پۆناپارت کاتێک دەست دەگرێ بەسەر ئەڵمانیا. گۆتێ دەگێڕێتەوە،

کە ناردی بە دوامدا ترسام بمکوژێ، کەچی باسی نووسین و (ئازارەکانی فارتەر)ی لەگەڵ کردم، ئەو پێش ئەوەی ببێ بەو سەرکردەیە عاشق بووە.

ناپلیۆن کە لە واترلۆ شکا پەنای بردە بەر ئینگلیزەکان بۆ ئەوەی ڕزگاری بکەن ئەوانیش دووریان خستەوە بۆ دوورگەی سانت هێلانە

کە پاشماوەی بوورکانەکان دروستیان کردبوو لەکەنارەکانی ئەفریقیا. هەوای شێدار و ناخۆش نەخۆشی خست وفەرماندەی مەزن لە تەنیاییدا سەری نایەوە. بۆیە دەوترێ، ناپلیۆن لە دوورگەیەکدا هاتە دنیاو هەر لە دوورگەیەکیشدا مرد.

دوای مردنی، فەرەنسییەکان پەشیمان بوونەوە لەو بڕیارەی بەرانبەر ڕۆڵەکەی خۆی دابوویان، ئیعتبارییان بۆ گەڕاندەوە و سەرحێکی نایابیان بۆدروستکرد لە پاریس.

هەندێک لەو یاسایانەی ناپلیۆن لە سەردەمی حوکمڕانیدا دایڕشتبوون تا ئەمڕۆش یاسای کارپێکراون، لەوانە یاسای مەدەنی کە بۆتە سەرچاوە بۆ یاسای زۆر لە وڵاتان، هەروەها دامەزراندنی دادگای ژمێریاریی و چاودێری...تاد.

*

لە(بێجین)ی پایتەختی چین، لەگۆڕەپانێکی گەورەدا، بەرانبەر سەرکردەی مۆمیاکراو( ماوتسی تۆنگ) وەستام، بەو جلوبەرگەی پێی دەناسرایەوە، لە پشت شووشەبەندی بەتاڵکراو لە هەوا دانیشتبوو! نە چۆکی شل دەبوو، نەچاوی دەنوقاند بەرانبەر چینییەکان.

ملیۆنان لەعنەتی لێ دەکەن، ملیۆنانیش تا ئاستی پەرستن خۆشیان دەوێ.

لە مێردمنداڵێکی چینییم پرسی کە لە ڕیزێکی دووروودرێژدا نۆرەی گرتبوو بۆ سەردانی مۆمیاکە. وتم، هەستت چییە بەرانبەری؟ بە سادەیی وتی، ئەو، وڵاتی منی دروستکردووە! ڕستەیەکی بێ گرێ، نە زیادەی تێدایە نە پێچ و پەنا لە خۆ دەگرێ.

ئەگەرچی سەردەمێک بە ناوی ئەوان تۆمارکراوە، بەڵام مەرج نییە ئەو جۆرە کەسانە هەتاسەر مایەی خۆشەویستی بن، چونکە چەند شکۆیان بۆ وڵات دروستکردووە دوو ئەوەندە شکۆیان شکاندووە بە خوێن ڕشتن.

مێژوو دیوێکی دیاری لە لایەن دەسەڵاتە خوێڕێژەکانەوە بونیادنراوە،کە میللەتان بە زەحمەت دەتوانن لێی بێ بەری بن.

پاشای کۆرە نموونەیەکی کوردانەی ناپلیۆنە لە خوێنڕشتن و خەونی فراوانکردنی دەسەڵات بەڵام لە فەزایەکی بەرتەسکتردا.

## داوود بدویٚ

### مردم هەتا ئەو فریشتەیەم لە دەست بەرد دەرهێنا
### بەرد نەیدەدا

دۆزینەوەی ئەفسوونی شوێن کارێکی ئاسان نییە. بەردێک بۆ نموونە، هەر یەکە و بە چاوێک دەیبینیٚ. لە گوندێکدا، بەردێک بە قەدی چیاوە سەرنجی ڕاکێشام، بۆ پیرەمێردێکی گوندەکەم باسکرد وتی، ئەم بەردە پێی دەڵێن، بەردی مانگ! مانگ لە پشت ئەو بەردەوە هەڵدیٚ و تریفەی دەنەخشێتە سەر گوندەکەمان. لە هەندێک ناوچەدا هەر پارچە عاردە و ناوێکی هەیە، هەر کانی و ئاوێک ناوێک. یادەوەریی خەڵکە بەرجەستە بووە لە شوێندا. ئەوەی سەرنجم داوە زۆربەی ناوی شوێنەکان کۆنن، وەکو ئەوەی نەوەی نویٚ یادەوەریی نەبیٚ لەگەڵ شوێندا!

هەر کەسە و قەدەری لە شوێنێکدایە. لە سەفەر وگەڕاندا ئەو شوێنە دەدۆزێتەوە. خەون و خەیاڵی نوێی لیٚ بەرهەم دێنیٚ.کەسیش

ناتوانێ مەزندە بکا لەکوێ خەونی خۆی دەدۆزێتەوە. مەلا نەسرەدین لە شتێک دەگەڕا ونی کردبوو، لێیان پرسی، وتی، کلیلی ماڵەکەم ون کردووە. وتیان، لێرە. وتی، نا لای ماڵی خۆمان، بەڵام ئێرە ڕووناک بوو!

ئەوەی ونیشی دەکەین لە شوێنێک، دەبێ لە شوێنێکی تردا بۆی بگەڕێین! ئەگەرچی قەسدی دڵ هەر لەوێیە، لەو شوێنەی کە تێیدا یەکەم ڕیشاڵی ڕەگمان دەرکرد.

سەفەر تۆزی تەمبەڵی سەر دەماری چاو لادەبا، ئامادەیی لە هەستەکاندا دروست دەکا بۆ جووڵە بە ئاراستەی دنیایەکی نوێ تر. جۆرێکی تری سەفەریش هی ڕۆحە. ئەم سەفەرە کەرەستە و تەدارەکی جودایە، ئەوەی دەدۆزرێتەوە تێیدا لە سەرووی هەستەوەیە. جزیری و خانی و مەولەوی سەفەریان بۆ کوێ کردووە؟ شتێکی ئەوتۆ لەم بارەوە نازانین، لای حاجی قادر و پیرەمێرد کاریگەری سەفەر بە ڕوونی دیارە، ئەوان لەسەفەری ئیستەنبوولدا دنیای مۆدێرنیان بینی و پێی سەرسام بوون و لەژێر کاریگەری ئەو بینینەدا بەرهەمی ئەدەبی خۆیان گەشەپێدا. بابایەکی وەک بەدیع باباجان ئەگەر بیتوانیبا وەک جەوادسەلیم بچێتە ئیتاڵیا بەدیعێکی تر دەردەچوو!

مەرج نییە دیتنی شوێنی زۆر هەموو شتێک بێ لە دنیای نووسیندا.کەسانێک هەن لە کوێرە دێیەکدا دەژین، بەڵام ئەوەی دەینووسن بۆ هەموو دنیا دەشێ. لای ئەو جۆرە کەسانە شوێن گۆڕین نزیکبوونەوەیە لە مەرگ.

نیمچە ڕێکەوتێک لە فەرەنساوە بردمی بۆ ئیتاڵیا. لە نێوان هەڵبژاردنی ئیسپانیا و ئیتاڵیا لە دڵەڕاوکێدا بووم کامیان هەڵبژێرم بۆ

سەفەری ئەمجارەم؟ ئازاد مەولوودی برادەرم بووە خدری زیندە و ئێمەی برد بۆ فلۆرەنسا پاش ئەوەی شەوێک لەپاڵ ئالپ ماینەوە.

زنجیرە هۆتێلی ibs لە زۆر شوینی ئەوروپا هەیە، شەوێک،دوای هیلاکی سەفەر، لە بناری ئالْپ لە یەکێک لەوزنجیرە هوتێلە ماینەوە. ئەو شەوەو بەیانییەکەی دواتری بۆ ماوەی چەند سەعاتێک لەو شوێنە ئیسراحەتمان کرد. سیحری ئەو شوێنە وای لێکردم دواتر لە سەفەرەکاندا بە یادی ئەو خۆشییە سۆراخی هەمان ئۆتێل بکەم، ئەگەرچی زۆریش خۆش نیین بۆ حەوانەوە .

کە گەیشتینە فلۆرەنس ئێوارە بوو. ئێوارەیەکی پڕ لە هیلاکی سەفەر، من و نەهلە لە شوقەیەکی کۆنی گەورە کە شوێنی خێزانێکی گەورەی تێدا دەبووەوە دابەزین، بەڵام ماتۆڕسکیلە لەعنەتییەکان بە دەنگی تڕەتڕەکانیان لە شەقامی بەردەمی شوقەکە هەراسانیان کردین، هەرچەند پەنجەرەکانمان باشیش کلۆم دابوو. شەو بەرنامەمان دانا بۆ سبەی.

دەبوو بەیانی زوو بچینە ئەکادیمیای هونەر بۆ بینینی پەیکەرەکەی داوود. ئەکادیمیا پڕە لەکاری هونەری دانسقەی هونەریی سەرتۆپیان پەیکەرەکەی داودە.

داوود دووەم پاشای ئیسرائیلە و لە نەوەی ئیبراهیمە، مەسیح خۆیشی لە نەوەی داوودە. دامەزرێنەری مەملەکەتی جووە، ئۆرشەلیم ئەو کردوویەتی بە پایتەختی سیاسی. جگە لەوەی خاوەنی کتێبی زەبوور یان، مەزموورەکانە. جەنگاوەرو مۆسیقارو ئەندازیارو شاعیریش بوو. دەنگی هێندە خۆش بوو، دەڵێن، خودا رۆژی حەشر دەیهێنێتە لای خۆی وداوای لێ دەکا، بە دەنگە خۆشەکەی پێیدا هەڵبڵێ وەک چۆن لە ژیانیدا دەیکرد.

له سەرەتای ژیانیدا داوود بە بەردەقانییەکەی بەردێک لە جالووت دەدا و دەیکوژێ و میللەتەکەی لە زوڵمی ئەو زاڵمە رزگاردەکا. هەندێک دەڵێن ئەو جالووتە کورد بووە! یان قیبتی، من کارم بەو مێژووەوە نییە، بەڵام ڕێی تێ ناچێ کورد زاڵمی وای هەبووبێ لە مێژوودا، ئەگەر هەیبا خاوەنی دەوڵەتی خۆی دەبوو!!

مایکل ئەنجیلۆ ئەو جووڵە و ساتەی هەڵبژاردووەکە جالووتی کوشتووە و پەیکەرەکەی وا دروست کردووە کە شڵەژان بە دیمەنی داودەوە دیارە. لە بەرانبەریدا، هەست بە هەمان شلەژان دەکەی بێ ئەوەی سەرچاوەی شڵەژانەکەش بزانی.

هونەری ڕاستەقینە دەتباتە ناو هەمان دۆخەوە کە پاڵەوانەکەی تێدا دەژی.

ئەنجیلۆ بۆ ماوەی چوار ساڵ لە پارچە مەڕمەڕێکی بێکەڵک! داوودی دروستکردووە لە ١٥٠١ تا ١٥٠٤ . هێندە توانای هونەریی و بەهرەی پێوە دیارە هەست بە دەماری ژێر پێستی داوود دەکەی، مووی درشت و وردی سەردەست و ڕانی دەبینی لەسەر مەڕمەڕ.

داوود بەو لە ش ولارە رێک و پێکەوە، ڕووت وقووت، هەموو ئەندامی لەشی بە دەرەوەیە. هەندێک خەڵک بۆحەنەک دەسکارییان کردووە شێوەی سەیرو سەمەرەیان لێ دروستکردووە،کەسیش نەهاتووە بیکا بە هەرا بۆ ئەم دەستکاری کردنە!

ئەگەر سووکە بەراوردێک بکەم، دەبێ لە نێوان تێڕوانینی ئیسلام و باقی ئایینەکاندا بێ بۆ هونەری پەیکەرتاشی. چونکە نە وڵاتی من فلۆرەنسایەو نە مایکل ئەنجلۆمان هەیەو نە سەرکردەمان فریدریک و لویسن. ئیسلام ڕێگای بەوجۆرە هونەرە نەداوە و حەرامیشی کردووە. ئەگینا مزگەوتەکان پەیکەری محەمەدی لێ دەبوو، بەمەش

هونەری پەیکەرتاشی کە ڕەگێکی کۆنی هەیە بە پێی ئەو هەیکەلانەی لە قەدی شاخەکاندا ماون لە تاقوسان وبێستوون وکێلەشین وحەسەنکێف وهەزارمێرد وخنس و قەرەداغ و شوێنی تر، باشتر گەشەی دەکرد.

پێ ناچێ ئیماراتی کوردەکانیش بایەخیان بە پەیکەرتاشی دابێ، جا لەبەر هۆی ئایین، یان لاوازی کولتوور، یان هەر هۆیەکی تر پەیوەست بە ناسەقامگیریی دەسەڵاتەوە.

نوسخەی ئەسڵی پەیکەرەکەی داوود لە فلۆرەنسا لەناو بینای ئەکادیمای هونەردایە. کۆپی لە زۆر شوێندا هەیەو لەشوێنی گشتی دانراون.

بەراوردێکی گاڵتەجاڕییانە: لە ناوچەی ئیسلام با، ئەگەر فەتوای شکاندنیان نەدابا داوایاندەکرد پارچە پەڕۆیەک بە ئەندامی نێرینەیدا بدرێ!

# سەرنجێکی خێرا لەبارەی کۆمیدیاوە

**وڵات ئەو جێیە نییە کە دەژی تێیدا**
**ئەو جێیەیە کە دڵ گرفتارە پێیەوە**

لە ماڵە چۆڵەکەی دانتی دا دیواربەندێک سەرنجی ڕاکێشام کە هەموو کۆمیدیا بە دێڕە کورتەکانی و بە وشەی زۆر بچووک نەخشکرابوون. د.حەسەن عوسمان بە شێوەی پەخشان وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی، کەچی دیاربوو لە بنچینەدا دێڕە شیعرەکان کورتن. عەزیز گەردی لە وەرگێڕانی بۆ کوردی شیعرییەتی پاراستووە بە زمانێکی جووڵاو. کازم جیهادیش کە ئەم ساڵانەی دوایی وەریگێڕاوە بۆ عەرەبی چۆتەوە سەر شێوە نووسینی دانتی خۆی وەک شیعر . وەرگێڕانی کۆمیدیا کارێکی قورسە. کۆمیدیا بریتییە لە ١٠٠ سرووود ( ٣٤ سرووود دۆزەخ و ٣٣ سرووود بەرزەک، یان پاکژگە و ٣٣ سرووود بەهەشت ) . دانتی لە ماوەی ١٣ ساڵدا لە تاراوگە نووسیویەتی. ناوی کۆمیدیاشی لێناوە لەبەر ئەوەی لە ناخۆشی دۆزەخەوە گەشتەکەی دەست پێدەکا تا دەگا بە خۆشی لە بەهەشتدا . ئەویش وەکو نالی تەنیا چەند جارێک پیاتریسی شۆخی دیوە و عیشقێکی ئیلاهی پێ بەخشیوە و ئەم تێکستە دانسقە شیعرییەی بۆ نووسیوە.

# مۆسکۆی جوان !

**لە مەیخانەکۆبووینەوە بۆنی وڵات دەهات**
**کە گەڕاینەوە وڵات،هەر بۆنی مەیخانە دەهات**

بەیانیەکی پایزی ١٩٩٨ لە ئوتێل ماڵداقیا لە مۆسکۆ نانی بەیانیمان دەخوارد، پەنیری کوڵاو وماستێکی خەست لە شێوەی تۆرغان.
ئێمە چارکەس بووین، دوومان (فەلەکەدین کاکەیی و ناسیح غەفوور) لە هەولێرەوە بەڕێی ئەستەنبووڵ، دووش( مستەفا ساڵح کەریم و دڵشاد عەبدوڵڵا) لە سلێمانییەوە بە تاراندا چووبووین بۆ یادی ڕۆژنامەگەریی کوردی. کوردەکانی ئەوێ تێدەگەیشتن بۆ پێکەوە نەچووبووین، کەچی بۆ ڕووسەکان مایەی سووڕمان بوو.
هەر چوارمان پەساپۆرتی عیراقیمان پێ بێ و ئاوەها پەراگەندە بووبین، هەردوو کەسەو بە جیا لە پایتەختی وڵاتێکی بێگانەوە فڕیبین!
بەینی(براکان!) تازە خۆش ببوو، هێشتا بە پارێز بوون لەگەڵ یەکتری.
نانی ڕەش و تۆرغانی ڕووسیا ئارامیی بەخشی پێمان. تەگبیرەکە وابوو بچینە سەنتەری لێکۆڵینەوەی کورد لە مۆسکۆ، لەوێ ڕووحی

شیرین و پڕ لە خۆشەویستیی ونیشتمانپەروەریی پڕۆفیسۆر شەکرۆی محۆ(دیکتاتۆری دیموکراتی،وەکوخۆی لە بارەی خۆیەوە دەیووت ) دانیشتنێکی کوردانەی بۆ رێکخستبووین. کوردی هەموو پارچەکان لەوێ بوون، لە هەمووشیان بێ غەل وغەشتر ئەوانەی ئەوێ بوون،

کوردەکانی سۆڤیەتی جاران، کەدەتوت هی سەردەمی دروست بوونی یەکەمین هەڵتۆقینی دوای تۆفانن، هێندە پاک و بێگەرد بوون.

ژیلیاخانم کارمەندێکی سەنتەرەکە بوو میوانداری دەکردین، ئەمما میواندارییەکی کوردانە. چەندین جۆر مەزەی ئامادەکردبوو، هەموویان بەتاموبۆی کوردی، لە ئاوی گوێز و شیرینیی مێوژ و هەنار.خۆیشی گیانێکی باریکی کوردانەی لێ دەچۆڕا.

ئەو ڕۆژەم هەرگیز لە یاد ناچێتەوە. ئای چەندی لێی دەوەشاوە ئەو خان ومانییە.

ئێمە لە کوردستانی بەشەڕهاتوو چووبووین. لەو تەشقە کوردانەیە بەهرەمەند بووین، لەناو کەسوکاری خۆمان دڵنیا، ئەگەرچی زۆربەمان پێشتر یەکمان نەدیبوو، بەڵام هەموو قسەو گوفتەکان دۆستانە بوون لە سایەی ئەو میهرەبانییەی ئەوان.

ئەوەی جێگەی سوڕمان بوو هەموویان یەک دەنگ بوون لەسەر ئەوەی دەبێ کورد لە دوژمنەکانی زیرەکتر بێ، چۆن؟ زیرەکبوون هەوەنتە نییە، دوژمنەکانیش هێندە گەمژە نین.

ژیلیا دەگێڕێتەوە،

باوکی لە جۆرجیاوە هاتۆتە مۆسکۆو دایکی لە ئێرانەوە، یەکەمین ئامۆژگاری باوکی بۆ منداڵەکانی ئەوەبووە کە زمانی خۆیان لە یاد نەکەن، ئەوە مەرجی مانەوە بوو جاران. زمان مەشخەڵی کوردایەتی بوو، هەتا ئەمڕۆ زمان ئەو بایەخەی لەدەست نەداوە.

باوەشی گەرمی ئەو کوردانەی ئەوێ نەبایە ئەو دڵنیاییە بۆ ئێمە بە ئاسانی فەراهەم نەدەبوو، کورد لە هەر پارچەیەک دەبێ ببێتە مایەی ئارامی بۆ ئەوانی تر لە هاوخاک و هاوزمانی، نەک ببێتە مایەی نەگبەتی و پەرێشانی!

ساڵانێک بەسەر ئەو ڕۆژە و ئەو سەفەرە تێپەڕیوە، هێشتا مەغزاو مانای ماوە. لە ناو زاردا تامی شیرینی دەدا. هێشتا ئەو ئارامییە نەپەڕیوەتەوە بۆگشت لا، هێشتا دڵنیانین لە یەکتر. براکان! زۆرلە یەک دوورکەوتوونەوە، بەرژەوەندی هەریەکەیان چۆتە پێش بەرژەوەندی گشتییەوە، دیمەنەکە وادەنوێنێ بەرژەوەندی گشتی نەمابێ. لافاویش کەدێ ناپرسێ ئەم ماڵە هی کێیە؟!

بەرژەوەندی کەس لەپێش ئەوی تردا نییە، بەڵام بەرژەوەندی گشتی لەپێش هەموویانەوەیە، کارەسات ئەوەیە گوێ لەو گشتییە نەگیرێ. ئێستا باسی گردبوونەوەی نەتەوە دەکرێ، دەپرسم،گردبوونەوە چۆن دەکرێ ئەگەر بەرژەوەندی گشتی نەبێ؟ ئەگەر ئەوەشمان هەبوو ئەو هەموو ساڵ و زەمانە ئەم میللەتە گەورەیە بۆ پەرتەوازەبوو؟

- ناونیشانەکە هی شیعرێکی گۆران – ە
- لە کۆتایی کتێبی بەفرەلۆک – دا بابەتێکم لەبارەی سەفەرەکە بڵاوکردبووەوە.

# ئێوارەیەک لە فلۆرەنس

**کەللەسەرێک بە دەست شمشێر بە دەستێکەوە**
**لە کۆنەوە هەر خوێنی لێ دەڕژێ**

ئێوارەیەکی شین !

ئەوجۆرە ئێوارانە سروشتی دەریایان هەیە هەتا چاو هەتەردەکا هەر شینایی و وردە لەرینەوەیە.

مەست و پڕ لە خولیا بەناو شارە کۆنەکەی فلۆرەنسە دەگەڕام. تێر نەدەبووم لە ئەفسوونی دۆمۆ و لەجێ پەنجەی هونەر بەسەر دارو دیوارەوە. شاری وا وەک خوێندەوەی دەیان کتێبە بەسەر یەکەوە.

پەیکەرەکەی داوود یان داڤید بەری خەیاڵی گرتبووم. سیحری هونەر بەزەحمەت بەرتدەدا.

کاتێک گەیشتمە بەردەم پەیکەری پیرسە و میدۆزە شاگەشکەبووم بە جوانییە ترسناکەکەی.

چیللینی هونەرمەندی هەڵکۆلین و پەیکەرتاشی سەردەمی بووژانەوەی ئیتاڵیایە. ئەم پەیکەرەی لە مس دروست کردووە و دەستی رۆژگار بە ڕەش وکەسکێکی تاریک دەریدەخا. ئەو جۆرە ڕەنگە بەسەر

پەیکەری مسەوە دەبێتە بەشێک لە جوانی و هەیبەتی زەمەن دەخاتە سەر کاری هونەرییەوە.

میدۆزە کچێکی جوانە، ئەفسانەکە وا دەڵێ. لە کڵێسای ئەسینا لەگەڵ پیاوێکدا جووتبووە، دوای ئەو کردارە سێکسییە، بە هۆی پیرۆزیی شوێنەکە شێوەی گۆڕاوە، لە ژنێکی جوانەوە بۆتە ژنێکی ئێسک قورس و پرچی بۆتە مار، بە شان وملیدا هاتۆتە خوار، هەر ئەوەش نا، تەماشای هەر شتێک بکا ئەو شتە دەبێ بە بەرد. لە ئەفسانەکەدا ئاوەها سزا دراوە.

لەناو ئەفسانەکاندا بە خواوەندی مارو حیکمەت ناسراوە.

بیرسیۆس سەری دەبڕێ وکەللەکەی دەنێرێ بۆ ئەسینا، ئەوە پوختەی ئەفسانەکەیە.

پیرسیۆس شمشێرەکەی بە دەستی ڕاستییەوە وسەری میدۆزەش بە دەستی چەپییەوە. ئەگەرچی چیللینی هەوەسی بە کڵێسا نەهاتووەو دژیشی بووە، لەگەڵ ئەوەشدا تۆڵەسەندنەوەکە مانای ئاینیش هەڵدەگرێ.

ژیانی ئەو هونەرمەندە توونودتیژی تێدابووە وگیانێکی شەڕانگێزی نادیاریش لە پشت پەیکەرەکەوە دەرکەوتووە.

ئەوتوندو تیژییەی هەیبووە بەشێکی دیاری پەڕیوەتەوە ناو تۆڵەسەندنەوەکەی لە میدۆزە.

ئێوارە چەند شین بوو زیاتر شین داگەڕا، شینێکی مەیلەو تار. دوای بینینی ئەم پەیکەرە ئیتر چەشەی هونەرییم لێوانلێو بوو لێی دەڕژا. حەزم دەکرد هەفتەی جارێک ئەم کارەی چیللینی ببینم.

هەندێک کاری هونەری بە جارێک و دوان لێی تێر نابی، هەرجارەو بە شێوەیەک خۆیت نیشان دەدا .

*

ستۆدیۆکەی ئازاد نانەکەلی نزیک ماڵی دانتی بوو. پێشنیازم کرد بچینە ئەوێ و هەردەبێ ماڵی ئەو(دۆستە دێرینە) ببینم. ئەو چونکە زۆرجاران دیبووی، وتی هیچی وای تێدا نییە. بەڵام دەمزانی بۆ منێکی عەشقی کۆمیدیاکەی و سەرسام بە ژیانی، پڕاوپڕە.

پارەیەکی کەممان داو چووینە ژوورەوە. هەرواش دەرچوو! دانتی چونکە هێندە لە شارەکەی خۆی نەژیاوەو کەوتۆتە بەر پەلاماری کڵێساو ئیمپراتۆرو ململانێی ناوەخۆوە، ناچار تەریوی وڵاتان بووە. لەبەرئەوەی حوکمی لە سێدارەدانیش دەرهەقی هەبووە نەیتوانیوە بگەڕێتەوە، تا لە تەمەنی پەنجاوشەش ساڵیدا بە نەخۆشی گرانەتا گیانی لە دەستدا لە ئاوەرەییدا.

دانتی ئەلیگیری شاعیری فلۆرەنسەو داڕێژەری بناخەی زمانی نوێی ئیتاڵیا و یەکێک لە سەرچاوە گەورەکانی شیعر لەهەموو گێتیدا بەم شێوە تراجیدییە ماڵئاوایی کرد. بۆیە ئاسایی بوو کە ماڵەکەی پڕنەبوو لە کەلوپەلەکانی، هەر تەنیا تەختەیەکی نووستن و مێزێکی نووسین کە ئەوپەڕی سادەییان پێوە دیاربوو، یەک دوو پارچە جلوبەرگی، هەندێک کەرەستەی نووسین وکارکردن وهی جەنگیش وکۆمیدیاکەشی بە خەتێکی ورد لەسەر لای یەکێک لە دیوارەکان نووسرابووەوە. دانتی لەوێ هەرهێندەی جێهێشتبوو.

تارمایی ئەو هەمووغەدرە، ئێوارەی تاریک داهێناو پەیکەرەکەی میدۆزەو کەللەسەرەکەی بە دەستی پیرسەوە بوو لەبەر چاوم گۆڕا، هەندێک کەڕەت دەبوو بە کەللەی شەم و حەبیبەو سەلما!

حوکمی ئاین وئیمپراتۆرەکان، شەرع ویاسای دڵڕەقیان، کەی ڕەوایە؟

# ڕۆخ دەریای بەڵتیق

**مەستیی لەوە زیاتر**
**هەموو گیانی لەتر دەدا دەریا**

لە ڕۆخ باڵتیک وەستابووم و چارۆکەی هزرم بە بای ڕووی دەریا دەلەرییەوە.

جوگرافیا هەر تەنیا ئەو بارستاییانە نییە کە چاو دەیبینێ، ئەوانەشن هەستەکانی تر هەستیان پێدەکا.

ئەو تامەی ترێیەکی خۆشناوەتی جیا دەکاتەوە لە هی شارەزوور دەچێتە خانەی جوگرافیاوە؟ گوێزی فلان شوێن و هەناری فلانە شوێن، هەوای ئەوێ و ئاوی ئێرە، ژنێک لە شارێک دەناسی ئیتر وابەستە دەبی بەو شارەوە، ئەوانە هەر تەنیا هەستی ڕووتن ؟ یان، کاریگەری شعوورن لە دروستکردنی شوێنی نموونەییدا. ئەو گەشەیەی بواری بینین و بیستن بەخۆیەوە دیوە بە هۆی تەکنۆلۆجیاوە زۆرترە . لە دوورایی هەزاران میلەوە دەتوانن وێنەیەک ببینن یا دەنگێک ببیستن وەکی ئەوەی لەبن پاڵماندا بێ،

نە زار ئەوەی بۆ دەلوێ نە دەست، نە کەپوو.

ئەوەی شوێن پێمانی بەخشیوە، لە ژماردن نایێ، هەرچەند فراوان و گەورەش بێ، هەرچەندی چڕو هەمەجۆر بێ، بەخشندەییەکەی زێترە. هەر ئەوەشە وای کردووە کە لادێ و شار جودابن. بەڵام خەیاڵ و سەلیقەو بەهرەمەندی لەو جۆرە تخووبانە بە گوژمترە و ئەدەب دەتوانێ پارچەیەک شوێنی بچووک بکاتە سەرزەمینی پانوپۆڕ وەکو ئەوەی لە ژوورێکی زینداندا نووسەرێک یان، سەرکردەیەک دەیکا.

گۆران و هەڵەبجە ، سەیاب و بویەب.

قسە لەپان و پۆڕی دەریاوە هات. ئەو جۆرە شوێنانە چ کاریگەریان هەیە بەسەر هزری مەردمەوە؟

چیا هەمیشە گیانی متمانەیی و باوەڕ بەخۆبوون دەبەخشێ، دەریا ناخ لە بنوبۆتکەوە دەهەژێنێ و قەناعەتەکان هەڵدەتەکێنێ بە شەپۆلەکانی، مرۆ لەناو پنچک و بن بەردان دەردێنێ و هەتا چاو هەتەر دەکا سەما بە ڕوح دەکا و ڕامان بۆ دوور دەفڕێنێ.

لە ڕۆخی دەریا بەڵتیقدا هزرم دەڕژێتە قووڵایی، لە خۆم دەپرسم ، ئەو ئەفسانەو حیکایەتانە تا چەند دەتوانن لەگەڵماندا بژین؟

ئەوانەی ئەسڵ ونەسلمان دەبەنەوە سەر کرم و مەیموون، یا قابیل وهابیل. ئەو بوونە لێوانلێو لە لوغز و پەنهانییە کورت دەکەنەوە بۆ چەند گێڕانەوە. قەدەری مەردم وایە، ئەو گرێ ونهێنیانە یەک دوای یەک هەڵبێنێ و بیان تەکێنێ. حیکایەتەکان لە هەموو ئاینەکاندا وەکی یەکن، لە ئەفسانەدا جیاوازن، چونکە کەرەستەو هزری دوو سەردەمی جیان. ئەوەی جێگەی سەرنجە هەندێک ئەڵقەی نادیاری مێژووی پەیدا بوونی مەردم خۆیەتی، پرسیارە بێ وەڵامەکان لەوێدان. حیکایەتی ئاینیەکان ئەو ئەڵقانەیان وەکی خۆی جێهێشتوە. دەڵێن، بەر لە حەوا ئافرەتێکی تر دروستکرا ناوی (لیلیت)

بوو، سەرکێش و یاخی بوو بە بەهەشت ڕازی نەبوو دەرکرا. بەڵام چووە کوێ؟ بۆ هەر نەوەی حەوا ماوە، ئەی لیلیت نەزۆک بوو؟

ئاینەکان هەندێک ڕووداو دەگێڕێتەوە پڕن لەکەلێنی گەورە خەیاڵیش فریای پڕکردنەوەیان ناکەوێ. ئەو فرە ڕەنگ و فرە زمانە هی یەک داک و باب نیین.

کتێبی پیرۆز دەڵێ، مار چووە بن کلێشەی حەوا و بەری داری خێرو شەڕی ناسی، کە دیتی بە تام و نەشئەیە بۆ ئادەمی برد. بە جۆرێکیتر ئەم حیکایەتە تێمان دەگەینێ کە ژن سەرچاوەی مەعریفەتە، کەچی لە بنچینەدا لە پەراسووی پیاوەوە دروست بووە،

ئەو پێچ وگرێیە جەوهەری مەسەلەکەیە. ئەدی پیاو ئەو مەعریفەتەی بۆ بە دەست نەهێنا ؟

کتێبی مەسحەفی موعجەمی کوردی، کەلامی یارسان دەڵێ: حەوا لە ئادەم بیست زگی زایی هەموویان دووانە بوون، ئادەم کۆیانی کردەوە و لقی ئەمیانی بۆ ئەو برد، قابیل و ئەقلیم خوشک و برا بوون بە یەک زگ ببوون، هابیل و غەیساش بە یەک زگ. دەبوو قابیل غەیسا بێنێ و ئەقلیمیش بۆ هابیل بێ، کەچی قابیل ڕازی نەبوو ئەقلیمی دەویست، پرسیارەکە مەنتیقی بوو، ئەو دەیووت ئەگەر مەسەلە خوشک و براییە ئەوە هەمووومان لە زگی حەواوە هاتووین، کەوابوو جیاوازیی چییە؟ ئەو گرفتە دەبوو چارە بکرابا بۆیە ئادەم وتی، هەردووکیان قوربانی بدەن هی کێیان قەبووڵ کرا ئەقلیم بۆ ئەوە، هی هابیل قەبووڵکرا و قابیلیش لە تۆڵەی ئەوەدا هابیلی کوشت. پرسیارەکان دەگەنە لێواری کوفرو لە هەر سەردەم و زەمانێک گرفتی تر دروست دەکەن! گوناهەکە لە سەرەتاوە هی کێیە؟! بۆ دەبوو تاوان ڕووبدا تاسزای بە دوادابێ و قابیل دوو منداڵی ببێ کوێرو لاڵ، ئەوان باوک ودایکیان بکوژن؟!

له هەر سەردەمێکدا مرۆ بە دوای ئەفسانەی خۆیدا دەگەڕێ،

ئەو هێلکەیە هەر هەڵنایێ، لەبەر ئەوەنا کە ڕەنگە پیس بووبێ بەڵکو لەبەر ئەوەی مەردم پێچەوانەی خۆی دەجوولێ .

ئەگەر دوای ئەو هەموو هەزاران سەتەیەی تەمەنی بیەوێ ئەفسانەی دروستبوون بنووسێتەوە دۆش دادەمێنێ.

زمانی ئەوڕۆ جیاوازە، کێشەکە هەر لە بنەڕەتدا زمانە، زمانی مرۆش کە بەرزەفڕە جودایە لەهی خشۆکێ!

ڕووی دەریا هەر دەلەرێتەوە و ئەندێشەی تر دەردەکەوێ .

ئاگر لە کوێوە هاتووە؟ وەکی کردەیەکی فیزیایی.

ئاگر خۆی، هێندە دوور نەکەوتۆتەوە لە دیمەنی سەرەتای، کەچی گیانلەبەرێکی قسەکەری ئەشکەوتەکانی بەرایی و مەردمێکی سەدەی بیست ویەک خوداشیان جودایە. ئەوجا حیکمەتەکە لە ئاگر نییە لە کەسی بەردەم ئاگرە!

لە ناوشەپۆلی ئەو بیرکردنەوانەدا پڕووشەی دەریا بە ئاگای هێنام.

باڵتیک ڕەش دەچووەوە لەناو ئێوارەدا منیش لەناو پرسیاری ئەبەدی بێ وەڵامدا.

بەخۆمم وت،

ئەفسانەکە بە چەند جۆری تر دەگێڕنەوە هێشتا سەت هێندەشی ماوە هێشتا نەگێڕدراوەتەوە؟ گومانی زانست زیاترە لە ئەفسانە، بەڵام مەردم توانای گێڕانەوەی نەماوە زۆر لەو بەراییەی خۆی دوورکەوتۆتەوە.

کێ دێ و لە هەموو ئەو گێڕانەوانە یاخی دەبێ و شتێک دەڵێ نەوتراوە؟

## سارای پڕ ئەندێشە

**هەر کەسەو بە دوای شتێکەوە وێڵە**
**کافر بەحاڵی ئەوەی بە دوای خۆییەوە وێڵە**

هەژاریی کەی دەگەڕێیتەوە؟ کەی لەگەڵ خۆمان ئاشتمان دەکەیتەوە؟

کەی کۆڵانە ساردوسڕەکان ئاوەدان دەکەیتەوە؟ کەی حیکایەتی پیاوەتیمان دەگێڕیتەوە؟

ئەی تۆ! ئەفلاتوون و گالینۆسی مە. ( مەولانا بە مەبەستێکی تر وتوویەتی).

هەژاریی لەڕووی فەرهەنگییەوە نەداریی و بێچارەییە، لەڕووی مەغزاوە بەرگی پێغەمبەرایەتییە!

ئەوانەی لەو پەڕی هەژاریی و بێکەسییەوە دێن هیچ ڕێیان لەبەردەم دا نییە جگە لەسەرکەوتن.

*

هەژاریی کەی دەگەڕێیتەوە ؟ خواوەندە تۆراوەکان لەگەڵ خۆتدا دێنیتەوە

دڵمان پڕ دەکەیتەوە لە میهر، جەستەمان پڕدەکەیتەوە لە سۆز،
ژیانمان پڕ دەکەیتەوە لە چریکە و گۆڕیشمان پڕدەکەی لە نوور؟
مژدەمان پێ بدە موژدە،کە
تاجی سەرمان بی

❊

یاسامان بە
کاروانی نەپساومان بە
ئاسمانی بەزەییمان بە
کەشتی دەریای ئازارمان بە
بەرگی کتێبی شەوگارمان بە
تەرازووی حوکم و دادمان بە
هەوای ساردی دۆزەخمان بە
تامی میوەی ژیانی کولەمەرگمان بە
گەرمای ناو سینەی پڕ حەسرەتمان بە
خاکی تەڕی خەیاڵ و گۆرانی زاری تفتوتاڵمان بە
ئایینی دڵنەوایی و خودای بێکەسیمان بە، ئەی هەژاریی!

❊

سیپاڵی ئاگرە جلی هەژاریی
مردنی بێدەنگە هەژاریی
غەریبی وڵاتە هەژاریی، ژەهری مارە
هەرچی تاڵە، شیرینترە لە هەژاریی
چەهرەی نەگریسییە
ئەمما،

مەدالیای سەربەرزییە.

*

جەنگی ڕەوا ئەو جەنگەیە کە مرۆڤایەتی بە درێژایی مێژوو بەرپای کردووە لە دژی هەژاریی

هەژاریی زەل و قامیشی جەنگەڵە، هەرچەندی دەیبڕیتەوە، لە بنەوە لقی نوێ دەردەکا

ئەدی لە پای چییە، خۆم داوەتە بەرەی زەل وقامیشەوە؟!

دەزانم ئەو ڕۆژە جەژنمە کە ئەو دوژمنە لە شوێنێکدا دەشکێ، لە لەشێکدا وشک دەبێ، لە ناوچەیەکدا هەڵدەقەنرێ، لە کەلی هەبوونیدا گل دەبێتەوە، خۆزگە ملی دەشکا وچاک نەدەبووەوە!

ئەدی بۆ چییە ئەو شینەی من؟!

دەزانم هەژاریی حەزیای حەوت سەرە. سەرێکی پان بێتەوە، هێشتا چەند سەری زیندووی دەمێنێ، ترس وخەتەری زوو نابڕێتەوە.

ئەدی سەنای من بۆ حەزیای حەوت سەر لە پای چییە؟!

هەژاریی جەنگەڵە

ئەوەی جەنگەڵ دەبڕێ پاڵەوانە

گیانی ئەو پاڵەوانەم مەبەستە

هێزی ئەوم خواستە

ئەو مانا سیمبولییەم گەرەکە کە هەژاریی دەیبەخشی بە ژیانمان.

ئەو ڕاستگۆییەم گەرەکە کە دەیدا بە وتەکانمان.

هەرچەندی وەڕس دەبووین، ئارامتر و هەرچەندی تووڕە دەبووین، لێبووردەتر

( نان بەس نییە بۆ ژیان ) سۆز و هاودڵیم مەبەستە

هەژاریی! کەی دەگەڕێیتەوە؟

لە نان شیرینترمان پێ دەدەیتەوە.

❊

دنیا لەنگە تەرازووی، بێ سەلیقەو ئەندێشەی تۆ!
زیندانێکی بێ دەرگایە، بێ ڕووناکی دەم ئاسۆی تۆ!
دەریایەکی بێ ئامانە، بێ چرای مینارەی کەناری تۆ!
کۆڵانێکی داخراوی پڕ دزو جەردەیە!
ماڵێکی بێ دایکە!
لانکێکی بێ دەسرازەیە!

❊

هەژارییەک دەلاوێنمەوە بێ فیز
هەژارییەک دەگێڕمەوە بە زمانی دایکم
کە دەیلاواندمەوە، ڕۆڵە بنوو
جەرگم بنوو سبەینێ دێ .....
بە زگی برسی چەند گەرم و شیرین بوو زمانی
چەند دڵگیربوو دنیای پەنهانییەکانی
هەموو نووستنێک بە ئاگاهاتنەوەی هەیە
هەموو کۆڵانێک ئەوسەری هەیە
هەموو ژیانێک تەلیسمی خۆی هەیە
تەلیسمی هەژاریی هەستانەوەیە.

# دامێن وفەڕی هەڵە

**ئاهوویەک پێدەکەنی و باسی هەڵەی ڕاوچی دەکرد**
**گوڵێک دەگریا وباسی هەڵەی باخەوانی دەکرد**

هەڵە زڕدایکی حەقیقەتەکانە( دەڵێی ئەم ڕستەیە گوناهبارێک نووسیوویەتی).

هەڵە هەمیشە بە مرۆڤەوە نووساوە.

هەڵە لە پارێزدایە، تەڵەو تەپکەیە لەبەردەم ڕێی هەڵکشاندا بەرەو کامڵبوون.

ژینگەی شین بوونی هەڵە زمانە یان، هزر و ئاوەز ؟

هەڵە شین دەبێ ودەژییێتەوە، نەژیابایەوە دەبڕایەوە ونەدەما.

هەڵە ئەو کاتە جێگەی مەترسیە کە پاتە دەبێتەوە، هەر ئەوەشە ئەنشتاین ناوی ناوە گەمژەیی.

مەردم کە دڵ بزردەکا، هەڵەدەکا.

هەڵە هەیە بە ئاوی دەستنوێژ دەڕوا هەشە ئاوی دەریا ناتوانێ بیشواتەوە.

قابیل وەرزێر بوو هابیل شوان، دەبوو شوان هەڵە بکا. ئەو دڵی بزر نەکرد بۆیە هەڵەی نەکرد.

هەن هەورازتر هەڵدەکشێن: هەڵە نەبوایە خوامان نە دەدۆزیەوە!

هەڵەو گوناح لە زمانی عارەبیدا تەنیا حەرفێکیان جیایە.

لە زمانی کوردییدا دوو وشەی لە یەک دوورن. ئەو بەراوردە ئەوەمان پێ دەڵێ، ڕەگی ئایین لە زمانی کوردی لاوازە.

هەڵە ڕابردووە، ئەزموون کەشفی دەکا. سەرچیغچوونی بیرکردنەوەیە، نادیاری تەواو ڕوون نەبووەوەیە، کامڵنەبوونی هزرە.

مرۆ ماوەیەکی دەوێ تا هەڵە دەدۆزێتەوە، ماوەیەکیشی دەوێ تادەزانێ چۆنی چارەی بکا، چارەکردنیشی وەخت دەبا .

ئەم پرۆسەیە ئەزموون دەخوڵقێنێ و ژیان درێژ دەکاتەوە.

مادامەکی هەڵە حەتمییەو بەشێکە لەکێماسی دروستبوون، نابێ بیشارینەوە. داوای لێبووردن جوانترین داهێنانی مرۆڤە بۆ چارەسەری هەڵە.

هەڵەکە بوو بە تاوان چارەسەری دەچێتە حوکمی یاساوە، کە بوو بەگوناح دەچێتە خانەی ئایینەوە.

لەقۆناغی سیحردا تاوان دەبوو بە مایەی تووڕەکردنی سروشت. لە سەردەمی پێغەمبەرەکاندا دەبوو بە مایەی سزای ئیلاهی، لەسەردەمی مۆدێرنەدا چۆتە ناو جغزی ئاساییەوە، مادامەکی کردەی بەشەرە دەبێ حوکمی بەشەری بەسەردا بسەپێ.

هەڵەی گەورە و بچووک چییە؟

له کۆندا خواوەندەکان هەڵەیان دەکرد، ئەگەر هەڵەیان نەبوو ئەی بۆ بتەکانیان دەدرانە بەر تەور و چەکووشی یاخیان؟

گرفتەکە لە بنچینەدا گرفتی بیرکردنەوەی مرۆڤ خۆیەتی.

مێژووی هەڵە بەستراوەتەوە بە مێژووی هزری مرۆڤەوە.

ئایا بولبول هەڵە دەکا لە چریکاندندا ؟ ئاژەڵ و باقی پەلەوەرەکان هەڵە دەکەن؟ لەناو گشت بوونەوەران تەنیا مرۆ هەست بە هەڵە دەکا.

ئایا سروشتیش هەڵە دەکا؟ هەور کە لەشوێنێکدا دەبارێ و ئەو شوێنە پێویستی بە باران نییە و لە شوێنی تر نابارێ کە شۆڕەکاتە هەڵە نییە؟ دەبێ بڵێین هەور هەڵەی کرد، یان، ئەو جۆرە هەڵەیە دەبێتە حیکمەت و دەدرێتە پاڵ خوداوە؟

بڕۆ بەدەم خەیاڵەوە و پرسیار هەڵێنجە و ناگەی بە هیچ کوێ. ناچار دێیتەوە لای مرۆ و لە ئەودا چڕی دەکەیتەوە.

زاهیر ئەلجیزانی شاعیرێکی عیراقییە و بە ڕەچەڵەک کوردە تێکستێکی جوانی لە واڵی خۆی لە فێسبووک بڵاوکردەوەتەوە بە ناوی هەڵەوە. تێیدا بە گوللەی ساردەوە بووی دەشوبهێنێ لە جەستەدا کە دەبێتە مایەی بە هێزبوونی بەرگریی و دواتر بەو شەیتانە قۆزە ناوی دەبا کە دنیای گرتووە، ئەگەر بەری بدا هەرەس دێنێ.

هەڵەکان ئەگەرچی چەهرەی مەردمیان پڕ کردووە لە لۆچ ودەمار، بەڵام مەردم بە هەڵەوە مەردمەو باخچەش بە گوڵ ودڕکەوە باخچەیە، چوون دڕک هەڵەش دەمانپارێزێ لە ئافات.

داستانەکانی بەرایی پڕبوون لە پاڵەوانی نیمچە خواوەند کە هەڵەیان نەدەبینرا، دواتر مرۆڤ پێیزانی کە خۆی سەنتەری ڕووداوەکانە، هەڵە دەکاو هەر خۆشییەتی چارەیان دەکا. ئەوەی لە

دۆزەخدایە مەردمەو ئەوەی لە بەهەشتیشە هەر مەردمە، هەر ئەو خۆی نییە ئەدی؟

ئەقڵ و ئاوەز بەهرەمەندە بەوەی کە پێشبینی دەکاو داهاتوو دەچنێ، لە هەمان کاتیشدا قەدری ڕابردوو دەگرێ.

ئەو هەستکردنە بە زەمەن، خەسڵەتی مەردمە. لە هەمان کاتیشدا مایەی گاڵتەجاڕییە، چونکە هەر لەگیلگامیشەوە جەنگی ئەو لە گەڵ زەمەنە بۆ بە دەست هێنانی نەمریی کەچی چی نەکردووە بەچی. هەڵەکە لەکوێ دایە؟ نەمریی نییە یان، ڕێی هەڵەمان هەڵبژاردووە بۆ گەڕان بە دوایدا؟

هەڵە شکۆ وفەزیڵەیە. لەناو هەموو بوونەوەرەکاندا تەنیا بەشەر بە دەستی هێناوە، کەوایە بۆ لێی دەترسێ؛ غرووری دەشکێنێ؟

ئەو بڕە هەڵەیەی لەناو واقیعدایە بەشێکن لە هەڵەکان، چونکە واقیع هەر ئەوە نییەکە هەیە، ئەوەشە، کە لە پشت هەست و ئاگاییشدایە، ئەوانەی بە چاو نابینرێن، مرۆ دەتوانێ بیانگاتێ، گەیشتن بەو هەڵانە پێویستی بە بەردەوامبوونە.

دنیای دەرەوە بە فشۆڵی تەشەنەی کردووە، ڕووکاری واقیع هێندە ڕەق و بێ هەستە، ناوەوە لە یاد کراوە، شێوێنراوە، هەموو چاوەکان لە دەرەوەن، دەرەوەی مەردم و دەرەوەی شتەکانیش! کەچی هەڵە هەمیشە لە ناوەوەدایە.

مەردم لە هەڵە دەترسێ، ئەگەر هەڵەیەکیش ببینێ دەیخاتە ئەستۆی بەرانبەرەکەیەوە، گۆیە هەڵە خەسڵەتی بەرانبەرەو ئێمەش قوربانی دەستی هەڵەکانی ئەوانین.

هەڵەم هێناو لەگۆڕەپانێکی گشتییدا لە دارم دا، کەس نەبووە خاوەنی، هەر بە تەنیا مرۆڤ هات و وەک دایکێک هەڵیگرتەوە.

هەڵەم هێناو کردم بەگۆمێک پڕ بوو لە بۆق
کەس بێزار نییە لە دەنگ و قیڕەیان.

هەڵە ناژمێردرێ دەبژێردرێ وەکو بژار لە نێو کێڵگەدا،ئەم بژارکردنە ئەزموونە.

هێلکەی پیس نییە لەناو هێلکەکاندا. هەوێنی ژیانە! ئا هەوێن، بێ ئەو ژیان نایێتە مەیین و پێگەیین.

فەزیلەیەکی تری هەڵەش هەیە نابێ لە یادی بکەین ئەویش ئەوەیە،

ڕاوچی بە هەڵە سێرەی نەگرتبا مامز و باڵندە نەدەمان!

## هەڵکشانی وێنە

**ناو چاو دیارە بە نووقاوی؟**
**لە چاوی نووقاودا دیارە،**
**داهاتووم**

کە یەکەمجار وێنەی عومەری خاوەرم دی،

تاسەیەکی زۆری ویست تا ئەوساتە بێنمە بەرچاو، کە هێزی باوکایەتی و مرۆڤایەتی لە پاڵ یەکتردا چۆن شڵەژابوون و لە پەناگەیەک دەگەڕان بۆ ڕزگارکردنی کۆرپەیەک. ئەو خەیاڵە بردمییە ناو جیهانێکی بێ وێنە، بۆ پەناگەیەک کە مردن نەیگاتێ. کەچی مردن هات و کاری بێ ڕەحمانەی خۆی کرد.

ئای لەبەر ئەو هەموو بەهرەیەی لەبنهۆشدا خەفەیە! عومەر نەیدەزانی، مەرگ ئەو پەناگەیەیە،

ڕەمەزان ئۆزتورک نەیدەزانی، جێ مەبەستی ئەو لای ئەوعومەرەیە.

کارەسات هەردووکیانی برد بۆلای یەکتری. چاوی کامیرا شایەت بوو لە بەیندا.

دەمێک بوو ناوی ڕەمەزانم بیستبوو، بەڵام نەمدیبوو. شەوێکیان لە شاشەی تەلەفزیۆنەوە چاوم پێی کەوت، دەتووت گوڵەگەنمە لەبەر پڕی ملی لارکردووەتەوە، شیلەی تامی لێ دەچۆڕا.

ئەو جۆرەکەسانە شیعرەکەی موتەنەبییم دێننەوە یاد کە دەڵێ:

( ملأ السنابل تنحنی بتواضع

والفارغات روؤسهن شوامخ ).

لەگێڕانەوەی رەمەزاندا تێگەیشتم ژووانێک چاوەڕێی هەردووکیانی دەکرد،

لە پشت پەردەی کارەساتەوە، لە پشت نادیاریی رووداوەوە، بەڵام کەس نەیدەزانی جێ ژووان هەڵەبجەیە.

کارەسات نەقەومێ کە قەوما دەبێ بە هێما و بەگشتی. عومەری خاوەر بوو بە هێما بۆ کارەساتێک، قوربانییەکان هەردەم هێمان بۆ نادپەروەرییەکی باڵاتر.

ڕەمەزان ئۆزتورک سەروەریی تۆماری ئەو هێما و ڕەمزەی بۆ مایەوە.

داهێنان هێزی هەتاهەتایە، ترسی فەوتان و توانەوە هەر لە ئەودا کۆتایە.

میللەتان دەتوانن بەو ڕێیە مەترسی بتەکێنین. هەتا ئەبەد بمێنین.

ئەدەب و هونەر تاقی بەرزن، قۆزاخەی پاراستنن، گەنجینەی مانەوەن. حیکایەتی ڕەمەزان ئەو قەناعەتە دەسەلمێنێتەوە، دامێنی خەیاڵ تەڕدەکاتەوە.

ڕەمەزان دەگێڕێتەوە، کە عومەرم دی، وتم دۆزیمەوە.

ئەمێ بوو چەقی کارەسات. ئەمێ بوو دڵی هەڵەبجە کە خوێنی تائەبەد لێ دەڕژا.

وێنەی گرت و وێنەی گرت و وێنەی گرت، هەتا دڵ بوو بە ئاو. لە ناخیدا هەر وێنەیەک بوو بەهەزار،

شاوێنە بوو بە پێناسەی میللەتەکەی.

ئێستا دۆخەکە گۆڕاوە،

بەڵام حیکمەتەکە هەمان حیکمەتە، مانەوەمان لەچی دایە؟ لەوەی ڕوودەدا یا ئەوەی تۆمارە و دەمێنێ؟

دەروونی پڕگێژاو ئۆقرە لێبڕاو، کەس ئاگای لە تۆمار نەماوە. مانەوە مانای نەماوە!

مانەوەی چی، هی بوونی کلۆرمان، هی خەیاڵی کرچ وکاڵ وچۆڵ وهۆڵمان؟ هزر و خەونی بێ بنەما، چی هەوێنە؟

فۆتۆگراف هونەری نیگارکێشانی ڕووناکییە، تۆماری وێنە و دیمەن و هەستەکانە. ڕاستە تەکنۆلۆجیای تێدا بەکاردێ وەلێ ئەوەی وێنەکان دەگرێ مرۆ خۆیەتی لە ڕێی ئەزموون و هەڵبژاردنی سووچ و ئاستی ڕووناکییەوە.

ڕەمەزان ئوزتورک ئەگەر وێنەگرێکی شارەزا و هەست بەرز نەبایە و کامیرایەکی پێشکەوتووی بە دەستەوە نەبا نەیدەتوانی ئەو سەروەرییە بە ئاسانی بە دەست بێنێ. بەڵام جورئەت و موغامەرە ڕێگایەکی کورتە بۆ گەیشتن بە سەروەریی.

ڕەمەزان لە دایکبووی ١٩٥٦کوردێکی باکوورە و لە ڕۆژنامەیەکی ناوداری ئەوروپایی کاری وێنەگرتنی دەکرد . عومەر خاوەر لە دایکبووی ١٩٣٤ بە ئەسڵ خەڵکی گەرمیان بوو نیشتەجێی هەڵەبجە بوو، لە ژنی دووەمیدا ١٠ منداڵی هەبوو دوو منداڵی دواییان جمکبوون بەناوی ئەحمەد و محەمەد، کەس نازانێ ئەو کۆرپەی بە باوەشییەوە ڕەق بۆتەوە کامەیانە.

پەیوەندی نێوان ئەم دووانە لە ڕێی وێنەوە دروست بوو پاشان ڕەهەندێکی فراوان و تا هەتایەی وەرگرت.
بە هەمان چەشن عومەر لەڕێی ڕەمەزانەوە کە پێشتر یەکیان نەدیبوو توانی بگاتە جیهان.
عومەریش نمایشی مەرگی لە هەموو نمایشەکان خۆڕسک تر ئەنجامدا بەو پێیەی پێشتر لە بواری شانۆدا کاری دەکرد.
دەبێ هەموو کات کارەساتێک لە ئارادابێ بۆ ئەوەی ببێتە مایەی مانەوە؟
پرسیارێک، هەموو جارێکیش هەمان وەڵاممان دەست دەکەوێ.
هەمووومان ئیدمانیین بە هەڵەبجە .
ئادەم لەسەر سێو لەبەهەشت دەرکرا
لە هەڵەبجە بە بۆنی سێو گەڕایەوە بۆ بەهەشت !

# لەبارەی لادێوە

**لە شوێنێک پیاوەتی نەما دەستی لێ بشۆ**
**دەست بشۆ ە پیاوەتی، شوێنێک نەما !**

نووسەرێک ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا دەژی، رۆژێکیان لە لادێیەکدا گوێدرێژێک دەبینێ، دەست دەکاتە ملی و دەکەوێتە لاواندنەوەی: ئەوە لەکوێی برادەر؟! هەڵسوکوتەکە لە هی فەرهاد پیربالْ دەچێ.

ئەم ڕووداوە راستەقینە بێ یان دروستکراو، دەلالەتی خۆی هەیە. مرۆ تاسە و خولیای بۆ ژیانی سادە و سروشتی هەمیشەییە.

کەر لەو ڕووداوەدا دالی ئەو مەدلولەیە. شار کە گەورە وجەنجاڵتر بێ تاسە بۆسادەیی زێتر دەبێ.

لادێ هەر تەنیا مەڵبەندی سادەیی نییە،

هەر تەنیا ئەو ڕووبەرە زەوییە نییە کۆمەڵێکی کەم بەشەری تێدا دەژی کە زۆربەیان خەریکی کاری مەڕداری و وەرزێریین.

که دەوترێ دنیا گوندێکی گەورەیە، لەبەر ئەوەیە گوند سیستمێکی ئاکار وبەهای نزیک لە یەکتری تێدایە. شێوەی ژیان وکولتووریان لە یەکتر نزیکە.

لادێ هەرهێندە نییە، بەڵکو کانگەی فۆلکلۆرو ئەفسانەو پەڵەوانییەتیشە. جێی ئولفەتە لەگەڵ ڕەنگ و ئاواز، سرووشی رۆمانسییە، ئەو رۆمانسییەتەی هەتابەشەر هەیە پێویستی پێی هەیە وگیانی یاخیبوون و تەحەدا و نەگونجانیش دروست دەکا بە تایبەت کاتێک تێکەڵ پەیوەندییەکانی شار دەبێ.

یەکێک لەکێماسییەکانی وڵاتی ئێمە بزربوونی لادێیە، وەکو ڕووحی رۆمانسی وتەحەدا. ئەوکێماسییە لە ئەدەبیشدایە. ئەگەرچی زمان وئاوەزی لادێ زاڵە، بەڵام ئەوهێزەی رووحی لادێ دەیخوڵقێنێ بۆ نەگونجان و تەحەدا بزرە. ئەو هۆکارانەی بوونەتە مایەی ئەو بزربوونەشەڕوشۆڕ و ساڵانی دووورودرێژی شۆڕش و تێکدانی وڵات بووە لە لایەن دوژمنانەوە، پاشان کەمتەرخەمی دەسەڵات لە ئاست پاراستی سامان و سەروەتی لادێشی هاتۆتە سەر.

ئەدەبی کوردی زۆرشتی تێدایە لە بارەی لادێوە، بەڵام کەمتر داهێنانی تێدا کراوە. لادێ بەو تێگەیشتنە تازەیە نەماوە، زۆربەی هەرە زۆری کەرەستەکانی فەوتاون. شاری بێ بناخە و بنەما باڵی کێشاوە، بێ ئاوەزی و تەکنۆلۆجیا، بێباکی و کەس بەکەس نەبوو شیرازەی تێکداوە. گەرداوی نە کۆنمان کۆن و نە تازەمان تازە رایدەپێچێ، نە جڵەو بە دەست خۆمانەو نە هەنگاو بە دڵی خۆمانە.

لەو ماوەیەدا کتێبێکی خالیدە سەعیدم خوێندەوە لە بارەی بەیرووتەوە.

مێژووی ئەو شارەی لەچەند وێستگەی ئەدەبی و فیکرییەوە سەرلەنویَ خوێندۆتەوە.

یەکێک لە وێستگە گرینگەکان، هونەری فەیرووز و برایانی رەحبانییە.

لە شاری رۆشنبیرییدا فەیرووز و رەحبانییەکان دەوڵەمەندیی ئاواز و هونەری شاریان تێکەڵ بێگەردیی لادێ کرد بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی نێوان خێر و شەڕ.

گوند و شار لەناو تریفەی هونەر و ڕووحدا تێکەڵن. ئەوان چەند شاریی بوون هێندەش هەڵگری حەنین بوون بۆ جوانی لادێ.

بە بیانووی ئەم کتێبەوە :

تیپی هونەری سلێمانی چ پەیوەندییەکی لەگەڵ شارو ڕووداوەکانی حەفتاکان هەبوو؟

چ هەواو ئاوازی بێگەردی لادێیان دەدا بە گوێچکەی هەوادارەکانی ترانی کوردییدا؟

کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لە هەولێر چی....تاد.

خۆم تاسەر ئێسقان شارییم بە هەست و بە حەزو بە خولیا، بەڵام دەوڵەمەندیی ئێمە لە لادێیەکانماندایە،کە ئەومان دۆڕاند چیمان دەست دەکەویَ لە شارەکان؟

شارمان بۆنی لادێی لیَدیَ وگوندیشمان نییە!

خەڵکانێک بە ڕیتم وئاوازی لادیَ دەژین و گوندییش نیین.

توانای گێڕانەوە لە چییە کە حیکایەتخوانمان نییە؟

تەماشای هەر شوێنێک دەکەم شتێک دیارنییە، شتێک لە هەموو شتەکان زەقتر و لە هەمووشیان نادیارتر!

شتێک لە نێوان هەناسەماندا دیارنییە، لە نێوان ئێمەو پیاوەتیماندا، لە نێوان خۆمان وخۆماندا ،ئەویش تەحەدای لادێییە!

## دنیای کتێب

**لەئوستوورەی گیلگامێشدا گیای نەمریی هەیە**
**لەسەردەمی نوێشدا کتێب**

ئەو شوێنانەی لە دەرەوەی ژینگەی باوەوە دەیانبینی نامۆن،کە شتێک یادەوەریت نەجوولێ لەگەڵیدا زەحمەتە بیکەی بە هی خۆت. ئەوانەی کێونشینن هیچ شتێک لەبارەی بیابانەوە نازانن، شاریی و لادێی زۆرجار نامۆن بە یەکتر لەسنووری یەک وڵاتدا، چ جای ئەوەی وڵات و کیشوەریان جودابێ. ژیاناندنی هەر گرووپ وکۆمەڵ وکەسێکیش جیاوازە. فەزلی کتێب ئەوەیە ئاشنات دەکا بە هەستی ئینسانەکان و بیرکردنەوەیان و خەیاڵت دەجووڵێنێ بۆ وێناکردنی ژینگەی جیاواز.

کتێب هێندەی دۆزینەوەی ئەوانی ترە دوو هێندە دۆزینەوەی خۆتە. کە ئۆدیب دەخوێنیتەوە بۆ ئەوەنییە بزانی ئایا سۆفۆکلیس هەستی چی بووە بەرانبەر دایکی هێندەی گەڕانە بەناو ناخی تاریکی خۆتدا بۆ ئەوەی شلەژانی ئەو هەستە لای خۆت بدۆزیتەوە، یان هاملێت هەر ئەوەت پێ ناڵێ کە تۆڵەسەندنەوەی پیلان چۆنە بەڵکو ئەو گۆمەی

ناخت دەجولێنێ لەبەرانبەر پیلانی غەدرێک و هەڵکێشانی شمشێری ڕاستی بۆ تۆڵەسەندنەوە ...ناسینی خۆت سەرەتای ناسینی جیهانە.

ماوەیەکی زۆری تەمەنم بەسەرچوو ئینجا دەرەوەی وڵاتی خۆم دی. سەفەر و دیتن سنووری بیر و هوشیاری فراوان دەکەن، بەڵام ئینتیما وا ئاسان دروست نایێ. یادەوەری نووساوە بە وردەکارییەکانی ناو ژیانەوە، شوێنێک ئەگەر ژیاندنت تێیدا نەکردبێ زەحمەتە ئینتیما دروست بێ.

بەهرەی جووڵاندنی ئاوەز و هەست جیاوازە، هەندێک کەس و دۆخیش هەن لەم ڕووەوە  توانایان بێ سنوورە. ئەدیب نموونەی ئەم توانایەیە. هەست و ئاوەز توانای شکاندنی تخووبی هەیە. هەر ئەوەشە وای کردووە مێژووی بەشەرییەت لەم کەنارەوە بۆ ئەو کەنار بە ئاسانی بپەڕێتەوە .

یەکەم کتێب کەی نووسرا و یەکەم چاپ کەی بوو؟ نێوانی نووسین و چاپ ماوەیەکی زۆرە. سۆمەری و بابلیەکان لەسەر قوڕی سوورەوەکراو نزا و پاڕانەوەکانیان دەنووسی، پاشان چینی و میسری لەسەر کاغەز نووسیان، گۆتێنبێرگی ئەڵمانی یەکەمجار لە ١٤٥٥ دا ئینجیلی چاپ کرد، کەواتە مێژووی کتێب لەچاو ئەو هەزاران ساڵەی تر کە کتێب نەبووە مێژوویەکی نزیکە، بەڵام بایەخ و گرینگی زۆرە.

هەندێک لەوانەی پێشنیاز و تەگبیر بۆ هەرحکومەتێکی نوێی کورستان دەکەن، چەردەیەک بەرنامە هەڵدەڕێژن، بەڵام کەس بە لای کتێبەوە ناچێ، لەکاتێکدا ئێمە لەهەموو شتێک زیاتر پێویستیمان بەخوێندنەوەو کتێبە.

عەدالەت بۆ حوکمڕانی و کتێب بۆ میللەت ئەو دووانەمان هەبێ سەرو زیادە و پێویست بەو هەموو زیاد گۆتنە ناکا.

کتێب دەتوانێ شوێنی زۆر نەبووشمان بۆ پڕ بکاتەوە.

نازانم کەی کتێب لای ئێمە پەیدابووە؟ ئەولیا چەلەبی لە سیاحەتنامەکەیدا کەدێتە سەرخانووی میرە کوردەکان دەڵێ،

باری ئەوەندە وڵاخ کتێبی تێدابووە، بە تایبەتیش کە باسی عەبدال خانی بەتلیس دەکا بۆ نموونە.

لەچلەکانەوە میریی عیراق کتێبخانەی لەکوردستاندا دامەزراند، ئێستاش هەر ئەوانەی ئەو دایمەزراندوون ماون وهیچیان لێ زیاد نەکراوە. یەک دووانێکیان نۆژەنکراونەتەوە و بەس.

کۆرییەکان کتێبخانەیەکی نوێیان لە هەولێر درووستکرد کەچی لەبری ئەوەی بە سەرچاوە و بەڵگەنامە وکتێبی نوێ پڕ بکرێتەوە، کتێبخانە کۆنەکەیان بردە ئەوێ.

گلەیی نییە لەکەس، دیارە کەس کتێبخانە بەپێویست نازانێ، ئەوانە نەبن کە لە بایەخی کتێب و خوێندنەوە تێدەگەن.

ڕاستە پێویستیی ژیان گۆڕاوە، ناوەندی تر هەن، ئینتەرنێت و چی و چی، بەڵام خۆ میللەتانیش هەموو ئەو شتانەیان هەیە بەزیادیشەوە، کەچی هیچ شتێک جێگەی کتێبی نەگرتەوە. بڕۆ بۆ هەر وێستگەو میترۆیەک، بۆ هەر پاس وقیتارێک لە وڵاتێکی دنیای پێشکەوتوو کەسانێکی بێشوومار دەبینی کتێبیان بە دەستەوەیە و سەریان شۆڕکردۆتەوە بەسەر لاپەڕەکانیدا و ئاگایان لە نەفەری تەنیشت خۆشیان نییە. ئەگەر ئێمەش پێشکەوتنمان مەبەستە هەرئەو ڕێیەمان لە پێشە. تەنیا هزر پێشکەوتن دروست دەکا و کۆمەڵیش دەجووڵێنێ نەک شتی تر.

دەمویست زانیاری لە بارەی کتێبخانەکانی کوردستانەوە بە دەست بێنم لە ئینتەرنێت گەڕام هیچم دەست نەکەوت، جگە لە هەندێک زانیاری

سەرەتایی لە بارەی کتێبخانەی سلێمانییەوە، ئەویش نە ژمارەی کتێب و نە ناوی کتێبەکانی تێدابوو، هەر هێندە نەبێ کە ناوی هۆڵەکانی خوێندنەوە لە کتێبخانەکەدا دروست هەڵبژێردراوە( شێخ محەمەدی خاڵ و پیرەمێرد و گۆران و باڵدار) نەک وەک کتێبخانەی  هەولێر کە موجامەلەی بێتامی پێوە دیارە لە هەڵبژاردنی ناوی هۆڵەکاندا! کە ئێرە جێگەی باسکردنی نییە.

کتێبخانەی ئەسکەندەرییە جگە لە نەخشەی هەمەجۆر و دەستنووس وسەرچاوەی ئەلکترۆنی زیاتر لە هەشت ملیۆن کتێبی تێدایە.

کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمەریکاش بیست و نۆ ملیۆن کتێبی تێدایە. من هەردووکیانم دیوە کە جگە لەکتێب وسەرچاوە، بیناکانیشیان بارستاییەکی هونەریی ومیعمارییین. سیستمی بەڕێوەبردن وپاراستنی کتێب لایان ئێجگار پێشکەوتووە.

حکومەتی ئێمە چی کردووە؟ دەزگاو بنکەی جدی هەن خزمەتی کتێبی کوردییان کردووە، گەورەترین موعاناتی ئەوانیش بڵاوکردنەوەی کتێبەکانیانە، کوا ئەدای حکومەت لەم رووەوە؟

ئەو پشتگوێ خستنەی کتێب نەوەیەک دروستدەکا بێ زمان وخەیاڵ، تۆ بڵێی حکومەتی کوردی ئەمەی مەبەست بێ ؟!

ئێمە لەسەردەمی بنیاتنانی وڵاتداین و لە هەموو شتێک پتر پێویستیمان بەخۆراکی ڕووح وفیکر هەیە، چ خێر لە وڵاتێکی کلۆر و لەمیللەتێکی بێ ئەندێشەدایە؟!

پەیامی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە ئەمەیە : ئێمە پەنجەرەی میسرین بەسەر دنیادا و پەنجەرەی دنیاشین بەسەر میسرەوە، ناوەندی فێربوون و لێبووردەیی وگفتوگۆو لێک تێگەیشتنین.

زمانی کتێب زمانێکی هاوبەشە، خەم و خولیاشی هێندە دوور نەکەوتۆتەوە تا دابمێنین لەئاستیدا.

لەپەنجاکانەوە تا کۆتایی هەشتاکان کتێبێکی کەممان هەبوو، کەچی خوێندنەوەو فیکر لەبرِشت بوو، چونکە پێویستییمان پێی بوو، کەم خوێندەواری واش هەبوو جگە لەزمانی دایک زمانێکی تر نەزانێ، ئێستا چیمان گۆڕاوە، ئایا ئازادی! کتێب دەکوژێ؟

لەئوستوورەی گلگامیشدا گیای نەمریی هەیە، لە سەردەمی نوێشدا کتێب.

بەتەواوی بیرم نییە کەی یەکەمجار ئاشنای کتێب بووم، دڵنیام کاتێکی زووی منداڵی نەبووە، چونکە لەناو خێزانێکی نەخوێندەواردا ژیاوم، ئەو جۆرە خێزانانە کەمتر ئاشنای کتێبن. باوکم نەخوێندەوار بوو بەڵام حەزی لە خەڵکی خوێندەوارو خاوەن شەهادە بوو، هەمیشە هانیدەدام بۆ خوێندن، لەبەر ئەوەی خۆی لە منداڵییەوە خەریکی کاسبی بوو، زۆریش هیلاک بوو، بۆیە نەیدەخواست منداڵەکانی هەمان ڕێچکەی ژیانی ئەو بگرن.

لەو ساوە کەکتێبم ناسیوە بووەتە نزیکترین برادەرم، بە ئەندازەیەک بیرم نایێ کە هەفتەیەک بێ کتێب لە شوێنێک مابمەوە و بۆ هەر شوێنێک چووبم کتێبم لەگەڵ خۆم بردووە.

سەرەتا لە کوردستاندا کتێب کەم بوو، تەنیا کتێبخانە گشتییەکان و دوو سێ کتێبخانەی بچووک لەهەر شارێکدا هەبوو، ئەوانیش ئەو کتێبانەی هەیانبوو زۆرکەم بوو. بە پلەی سەرەکی سوودم لەکتێبخانەی گشتی شارەکەم بینییوە بۆ خوێندنەوە. دواتر کە چوومە بەغدا بۆ خوێندن، کەوتمە ناو گەنجینەی کتێبی کتێبخانەی گشتی بەغدا و کتێبخانە زۆر و دەوڵەمەندەکانی تری.

به درێژایی ئەو چل و قسوور ساڵەی دەخوێنمەوە هەردەم کتێبم هەڵبژاردووە، کتێبێکم خوێندۆتەوە کە لە ژیانی دانەبڕیوم بەڵکو بۆتە مایەی دەوڵەمەندکردنی، هەرچەند هەندێکجار ئەوەی ویستوومە بە زەحمەت دەستم کەوتووە، یان لەسەر حسابی گوزەرانم بووە، چونکە داهاتی ئێمەومانان بەتایبەتیش ئەو کاتانەی قوتابیین دیاریکراوە، جاری وابووە نیوەی ئەوپارەیەی دەستم کەوتووە داومە بەکتێب.

سەبارەت بە هەڵبژاردنی کتێب دەمەوێ ئەو قەناعەتەی خۆم لێرە پاتەبکەمەوە کە بۆ نووسەر خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەران گرنگە، واتا ئەگەر بمەوێ لە شاعیرێک یان فەیلەسوفێک بگەم دەبێ بەرهەمەکانی بخوێنمەوە بەر لەوەی ڕاوبۆچوونی نووسەرانی تر لەبارەیەوە بزانم.

جگە لەوەش هەوڵمداوە خۆم بۆچوونێک گەڵاڵە بکەم لە بارەیەوە و بە تەنیا نەکەومە ژێر کاریگەری نووسەرانی دەستی دووەوە، هەرچەند هەندێک نووسەری دەستی دووی وا هەن ڕێنیشاندەرن و کاریگەریان هەبووە لەسەر سەردەمەکەی خۆیان و دواتریش لەوانە ڕەخنەگرە بەسەلیقەکان. بە داخەوە لای خۆمان زۆر بنووسی وامان هەن کە بۆچوونی کەسانی تر کاوێژدەکەنەوە  زۆرجاریش بە سەقەتی!

من کاتێک (دکتۆر جیڤاکۆ) ی بۆریس باسترناکم خوێندەوەو تێکستێکی شیعرییم دوای خوێندنەوەکە نووسی کە هێشتا لە ناوەندی ئەدەبی کوردییدا باش نەناسرابوو، چەندین نموونەی تریش کە ئێرە شوێنی باسکردنییان نییە.

کتێب فەزلی زۆر زیاترە لەوە بەسەرمەوە. ناپلیۆن وتەیەکی هەیە دەڵێ ، ئەوەی دەزانی بۆ کوێ دەچێ زۆر دوور ناڕوا. کتێب نەیهێشتووە زۆر دوور بڕۆم لە گەڕان بەدوای حەزەکانمدا.

ڕاستە کتێب بەدیلی ژیان نییە، بەڵام بۆ ئێمەومانان ژیان بێ کتێب هیچ مانا وتامێکی نەماوە. هەر خوێنەرێک، ئەگەر چاوێکی خێرا بە بەرهەمەکانمدا بخشێنێ دەزانی کتێب و خوێندنەوە چ کاریگەرییان هەبووە بەسەرمەوە، بە جۆرێک مەرجێکی تێگەیشتن لە بەرهەمەکانم ئەوەیە دەبێ ئەوەی دەیخوێنێتەوە جۆرە ڕۆشنبیرییەکی هەبێ بۆ ئەوەی بتوانێ بە باشی تێیان بگا، ڕەنگە ئەمە لای هەندێک جۆرە نەنگییەکی ئەفراندن بێ. ڕاستە داهێنان دووبارەکردنەوەی بەرهەمی ئەوانی تر نییە، بەڵام هەرس کردنی ئەوانی ترە بە مانایەک لە ماناکان.

نووسەرێک نەخوێنێتەوە گومان لە بەرهەمی دەکەم، لانیکەم ناتوانم قەناعەت بکەم کە تواناى تەجاوزکردنی خۆشی هەبێ. نووسەر بۆ ئەوەی بتوانێ بەردەوام بنووسێ و نوێ ببێتەوە دەبێ بخوێنێتەوە و شارەزای سەردەمەکەی خۆی بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ بمێنێتەوە و نەوەی داهاتووبیخوێننەوە دەبێ بەر لە خۆی خوێندبێتەوە.

شاعیرێکی عوسمانلی کە ناوەکەییم لە یاد نییە دەڵێ، هەموو کتێبێکی کتێبخانەکەم دۆستێکی ڕاستەقینەمەو خۆشەویستێکی خەم ڕەوێنە ". بایەخی کتێب هەر تەنیا لای نووسەران و خوێنەرانی نییە، داگیرکەران و دکتاتۆرەکان و نازیەکانیش کاتێک شوێنێکیان خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان کتێبەکانی ئەو شوێنەیان سووتاندووە.

کتێب لە کاغەز دروست دەکرێ،بەڵام وەکو ئەتۆم وایە ناسووتێ دەتەقێتەوە.

# گەڕان بەدوای ئارامی

**ئەگەر ئێوارە ئاسۆت دیت ڕەنگی سوورە ،**
**بزانە سبەینێ ڕۆژێکی خۆشە**
پەندێکی ئیتاڵیی

لە تانجنامەی ئیمام جەعفەری سادق دا هاتووە: تانج، یان تاج چییە؟ ئەو کڵاوەی پاشایان دەیکەنە سەر.

بەڵام مەبەستەکەی ئیمام جودایە، مەغزاو مانا فراوانترەو گشتی ترە.

قوببە چییە؟ کەنار و لەنگەری؟ کلیل و کەلیمەی؟ گیان وجەستەی؟ حەیات ومەماتی؟ ئەسڵ و بنەمای؟...تاد.

لەعالەمی خوارەوە چۆن دەگەین بە عالەمی سەرەوە؟ ئەو چەمکەی ئەوجودایە.

ئایین دوو دنیامان نیشاندەدا بەراوردکردنیان مەحاڵە. لەوێ خودای میهرەبان حاکمەو لێرە مەردم کە هەر لە ئەزەلەوە ئەو گۆی زەوییە بۆ ئەو دروستکراوە. ئەو بەستەزمانەیش هەرچەند دەکۆشێ ناتوانێ بەدڵی خۆی تێیدا بحەوێتەوە، پارچە خاکێک دەکا بە مەئوا لەناکاو گرووپێکی لێ

پەیدا دەبێ دەیکا بە ڕاوگەی جیهاد. هەر سەردەمەو لەژێر ناونیشانێکدا ئەو جەنگە بەرپایە.

جا تانج چییە؟

لەدنیای تاک و فەردانیەتدا تانج ئەوپەڕی دڵنیایی وئاسوودەیی ویژدانە. لەوەش زیاتر هەریەکەو بەپێوانەی تایبەتی دەیپێوێ، ئەوانە نەبن کە تا ئەمڕۆ هەر لەپەرۆشی بەشەردان.

دەڵێن کەس وەکو شاعیر نەرسیسی نییە، خەتای کەرەستەی کارەکەیەتی. ئەو هەستی خۆی دەنووسێتەوە. ئەو قسەیە وایە، بەڵام چوون تانجی ئیمام ئەویش ماناو مەغزای جودایە. بۆ تەواو کردنی ڕستەکەی سەرەوە دەبێ ئەوەش بووترێ، شاعیر ڕووحی سەردەمەکەیەتی، زمان وپوختەی ئەندێشەو خولیاکانییەتی.

بۆ شاعیر شیعر تانجە و ئاواز کەنار و وشە ڕووگە و ئەستەوای مەردمی ساڵح و ناساڵح لەنگەرییەتی، کلیل بێدەنگییە،گیانی پاکییە، حەیاتی ڕاستگۆییە، لقی تەنیاییەو لەسەر قوببەکەی بە خەتی موعانات هەڵکەندراوە: هەموو شتێک ڕوو لە نەمانە هەر شیعر باقییە.

لە (بەیروق)ی شەبەکان هاتووە:

ئەوەی تانج لەسەردابنێ دەبێ بڵێ: ئەوە وازم لەهەوای نەفس هێناو سەروگیانم فیدای ڕێگەی ئەولیا کرد، ئەگەر لەو بەڵێنەم پاشگەزبوومەوە شەرمەزاری دەرگای هەق دەبم. ئەو جۆرە پەیمان بەستنە بۆ هەمووان نییە، هەرچەندە هەوای نەفس و ئەولیا ودەرگای هەق بەگوێرەی کەس و سەردەم دەگۆڕێن. دەرگای هەق ڕوو لەمرۆ دەکرێتەوە کە خودا خۆیشی سوێندی پێی خواردووە.

لەسەرەتاوە وتم، هەرکەس بە پێوانەی خۆی دەیپێوێ؛ تالیس هات وتی، بنچینەی بوون ئاوە. هیراکلیتس هات وتی، نە، ئاگرە. پاشان یەکیتر

هات هەرچوار توخمەکەی دۆزییەوە. ئۆرفیۆس بە ئاواز ونازانم کێ هات سێ ڕەهەندی دۆزیەوەو ئەنیشتاین زەمەنی کرد بەڕەهەندی چوارەمی. ئەو هەموو هەرایە لە دەرەوە ڕوودەداو لە ناخی مرۆدا پەنگ دەخواتەوەو دەنگ دەداتەوە؟ یان، هەر لە بنچینەدا لەناوەوەی مەردمدا شین دەبێ؟ ئێستا بوون لەو مەتەڵانە دوورکەوتۆتەوەو تووشی مەتاهە بووە، چۆتە ناوگەردیلە و لەوێش پتر ڕۆیشتووە، (کوارگ)و(تاو)یشی تێپەڕاندووە و تیۆری (تارەکان) گەیشتۆتە ئەوبڕوایەی جیهان فرە ڕەهەندییە و هەندێک لە زانایانی فیزیا باسی (پەردەی سفر) دەکەن کە کات وشوێنی نییە چۆن نووسین لەپلەی سفردا نووسینی سپییە.

کەس زمانی ئادەمی لە بیر نەماوە و تۆفانی نووحیش ئەگەر ڕووبداتەوە هەمان تۆفان وهەمان هۆکار لە ئارادانییە، کەچی پێکەنین وگریان هەروەکو خۆیانن، شێوەو مەبەستیشیان، مەردمیش بەویستی خۆی دەیەوێ لێیان دوورکەوێتەوە.

(بەیروق) دەڵێ: دەستی کراوەو گوێی کراوەو زمانی کراوەو بزاوتی کراوەو شەوقی کراوەو یەقینی کراوە..

ئەی ئافەرێنەری ئافەرێنراوان! ئەو هەموو دەستە چۆن نووقان؟ ئەو هەمووگوێ وزمانە چۆن گرێدران؟ ئەو هەموو بزاوتە چۆن چەقین؟

ئەو هەموو شەوقە چۆن گەمارۆدران؟ ئەوهەموو یەقینە چۆن قفڵدران؟! ئەو دنیایە چۆن بچووک بۆتەوە بەهەموو کونێکەوە دەچێ؟

کە حەللاجیان بردەسەر سێدارە وتی: بە دوای ئارامیدا گەڕام لەهەموو خاکێک، نەمدۆزیەوە بۆخۆم لەسەر بستەخاکێک.

## لەو دیوی ئاوێنەکاندا

### ئەستێرە بە کراسی شەوەوە، ڕووتە ؟

ئاوێنە وەکو پێویستییەکی ژنانە ناسراوە. ئەو میتاڵەی گرینگە کەوتۆتە پشتی ئاوێنەوە و ڕووی تەنیا بۆ نمایشە.

کانوونی یەکەمی ٢٠١١ چوومە بەیرووت بۆ (٥٥) ەمین پێشانگەی ساڵانەی کتێب. ئەم پێشانگەیە لە ١٩٥٦ ەوە لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەکرێتەوە. بەڕێکەوت ساڵی لەدایکبوونی منیش هەمان ساڵ بوو، وتم دەبێ ٥٥ کتێب بکڕم، واشم کرد.

لە ساڵی ٢٠٠٦ ەوە ساڵانە لە مانگی نیسان لە هەولێریش شتێکی لەم چەشنە دەکرێتەوە بەڵام هەموو دەزگاکانی چاپەمەنی نیین، لێرە دەزگای مەدا دەیگێڕێ.

بە ڕێکەوت، لەو کتێبانەی دەستمکەوت لەم پێشانگەیەدا نووسەری بەشێکی زۆریان ژن بوون. خوێندنەوەی بەرهەمی ڕەگەزی مێ تامێکی تایبەتی هەیە، ئەگەرچی بەلای منەوە شتێک نییە بەناوی نووسینی ژن وپیاو، دژی دەستەواژەی ئەدەبی ژنانیشم، وەلێ ئەوە بەو مانایە نییە هەست و گەرمایی سۆزی ژن و پیاو جیاوازنیین. هیچ عەیبەیەک نییە ژنێک بەوپەڕی هەستی ژنانە بنووسێ. لە ئەدەبدا مرۆڤبوون گرینگە نەک جێندەر.

یەکێک لەو کتێبانە  ئەلنسیانی ئەحلام موستەغانمی بوو کە کاسێتێکی گۆرانیشی لەگەڵدا بوو بە دەنگی ژنە گۆرانیبێژی لوبنانی خاوەن گەرووی ئاوریشمین جاهیدە وەهبە. دەقی گۆرانییەکان هی ئەحلامن و لەکتێبەکە وەرگیراون و ناوی سیدیەکە ئەوەیە: ئەی لەبیرچوونەوە ماچی خۆتم وێدە.

ئەحلام یەکێکە لەنووسەرە دیارەکان و کتێبەکانی بە ملیۆن چاپ دەکرێن. پێشتر کتێبی یادەوەری جەستەی ئەو نووسەرەم خوێندبووەوە، شێوازی نووسینی ئیعلامییە، جورئەتی زۆری تێدایە لە دەربڕین. شێوە و دیزاینی کتێبەکەی سەرنجی ڕاکێشام، مۆر( تەمغە )ی خرابووە سەر بەرگ بە ڕەنگی سوور نووسرابوو: نابێ بفرۆشرێتە پیاوان! کەچی ئەحلام خوێنەری پیاوی زۆرترە لە ژن.

ئەو جۆرە ستایلە ئیعلامییە بۆ سەرنج ڕاکێشانە.

کتێبەکە هەمەڕەنگە لە شیعر و چیرۆکی کورت و نووسین و نامە و ئەزموون، هەمووشیان تیوریزەکردنی تیمەی لە بیرچوونەوەن لە هەموو ئاستەکاندا.

«ئەوەی لە پیاوەکانماندا دەمانەوێ لەفرۆت نایێ، نە(چین) دەتوانێ لاسایی درووستکردنیان بکاتەوە نە (تایلاند) پێیدەکرێ، تا بازاڕەکانی لێپڕ بکەن. سوارچاکی ونەفسبەرزی و دڵسۆزی بۆتاقەژن و پاراستنی ئەمانەتی سۆزداریی و ئامادەیی بۆبەرگریی لە شەرەفی دلبەر تا دوا تنۆک و پشت لێنەکردنی لەکاتی جودابوونەوەدا. ئەو ئاکار و ڕەوشتانە ئۆباڵ بەملم مایەی فرۆتن نین، کوا پیاوەکان چوونەکوێ؟ هەمووان دەپرسن. ونبوونی پیاوەتی هەرتەنیا زیانی بەخەونی ژنەکان و داهاتوویان نەگەیاند، بەڵکو زیانی بە یاساوڕێسای دنیا و بە قانوونی هێزی ڕاکێشانیش گەیاند. ئەدی گەرماگیران چییە؟مەگەر ناڕەزایی گۆی

زەوی نییە لەئاست دیارنەمانی ئەو پیاوانەی غیرەت لە کچێنییەکەی دەکەن. ئەویان وەکو ئێمە بەعلوجەکان سپارد، ئەوانیش بە ماشای خۆیان خاپوور وگەندەڵیان کردین. پیاوەتی.. بێگومان بۆئەوە دروستبووە تا ببەخشێ نەک ئازاربدا، تا بینابکا و ئەڤیندار و دڵاوا بێ.» دواتر وتەیەکی نووسەرێکی فەرەنسایی لەگەڵ نووسینەکەی مۆنتاج کراوە: پیاوی ڕاستەقینە ئەو کەسە نییە کە سەرنجی زۆرترین ژن ڕابکێشێ بۆ خۆی بەڵکو ئەو کەسەیە کە زۆرترین جار سەرنجی هەمان ژن ڕابکێشێ.

پووختەی تیمی وەفا و پیاوەتی لای ئەحلام بەم جۆرە باس کراوە.

کتێبی دووەم(جەستەو کۆمەڵ)ی ژنە نووسەری توونسی سۆفیە ئەلسحێری بن حەتیرە.

توێژینەوەیەکی ئەنسرۆپۆلۆجی دەوڵەمەندە سەبارەت هەندێک باوەڕ و لێکدانەوە بۆجەستەی مێینە لە کلتوور و هزری ئیسلامدا. ئەم میتۆدە بۆ هەڵکۆڵین و دۆزینەوەی لیتەی باوەڕە کۆنەکان گرینگە، جگە لەمەش هەر ئەو میتۆدە وای کرد کە سەرنجی جیهان لە سەنتەر کە ئەورووپایە بگۆڕی بۆ ناوچە دوورەکان کە میللەتانی تری پەراوێز کەوتوون. سۆفیە ئەکادیمیانە سڵی لەهیچ نەکردووەتەوە، زیاتر لەسێ سەت سەرچاوەی هەمووجۆری بەکارهێناوە.

بۆ لای ئیسلام جەستە فیتنەیە؟ بۆجەستەی ژن سەرچاوەی ئاژاوە و دەرگای هاتنەژوورەوەی شەیتانە؟ کتێبەکە بە دوای ئەو سەرچاوانە گەڕاوە بۆ دۆزینەوەی ڕەگی ئەم بیرکردنەوانە. سەرچاوەکانی هەمووجۆرن، لەڕووی پزیشکی و ئایین و شەرع و داب ونەریت و ئەدەبەوە.

جەستە بریتی نییە لە بونیادێکی فیزیکی کە پێی دەوترێ لەش، بەڵکو بریتییە لە هەموو ئەو شیفرە و هێما و دەلالەت و مانایانەی بەرهەمیشیان دێنێ یەک یەک و بە یەکیشەوە.

لە باوەڕی ئیسلامدا حوکمی جەستە دەدرێ بەسەر شتەکانی تری دەوروبەری مرۆڤ و گومانی شەیتانییەتی جەستە زاڵە بەسەر هەموو بیرکردنەوەی تردا. بۆ نموونە،

شوێن دوو جۆرە لایان، شوێنی گشتی هی پیاوانە و شوێنی تەسک و تایبەت هی ژنان. شوینە گشتییەکان : مزگەوت، گۆڕستان – چوونی ژن بۆ گۆڕستان وەکو ڕابواردن بە چاوی گومان سەیری کراوە. سەردانی مەزار، هەتا چوونە حەمام، بازاڕ، هەموو ئەو شوێنانە چونکە دەبن بە مایەی کات بەسەربردن و ڕابواردن بۆیە لە ژن قەدەغەیە.

هەروەها باسی بیناسازی خانووی عارەبی دەکا چۆن وەکو زیندانی ژن دروستکراوە.

باشە ئادەم و حەوا لە یەک جەستەوە هاتوون، چی وای کردووە تەنیا جەستەی یەکیان فیتنەبێ؟

شاعیر جەستە بە بەهەشتی وەسف و ئەندێشە دەبینێ، لەوەش زیاتر هەر بەشێکی سیحرێکی تایبەتی هەیەو جۆرە کار و بەرهەمێک ئەنجام دەدا کە مایەی بەختەوەرییە و بە یەکیشەوە وەکو تیپێکی ئۆرکستران. بۆ نموونە، چاو، کە وەکو کۆنترباس بڕبڕەی پشتی ئۆرکستراکەیە، هەروەها گەنجینەی فیلم و وێنەی بێ شوماری ئاوەهایە کە ئەگەر توانای سەرلەنوێ گێڕانەوەیانمان هەبێ مۆزەیەکی گەورەن.

لە بارەی کتێبی سێیەمەوە، (شوورەیی بەشەرییەت) ی نووسەری ئەمریکایی فیلیپ رۆسەکە شاعیری میسر فاتیمە ناعووت کردوویەتی بە

عارەبی، لەپێشەکییدا نووسیویە: رۆمانێکی بەڵایە و هی نووسەرێکی بەڵا. بەڵا بە مانای پڕ چوورتم و بلیمەت.

ئەوجۆرە کتێبانە دەتوانن ڕەوتی ئەدەب وهزر بگۆڕن.

فیلیپ ساڵی ٢٠١٢ دوای ٥٠ ساڵ لە نووسین وازی هێنا. نووسین لەعنەتە، ئەمە وتەیەکی ئەوە. بەداخەوە بەرهەمی فیلیپم نەخوێندووەتەوە.

کتێب زۆر جۆری هەیە، هەریەکێکمان لە کتێبخانەکەی خۆیدا جۆرێک، یان چەند جۆرێک کتێبی هەیە. هەندێک لەوانە هەر تەنیا جارێک لە ژیانتدا دەتوانی بیخوێنیتەوە، هی واش هەیە پێویست دەکا چەند جارێک وکتێبیش هەیە دەکرێ ساڵی جارێک بیخوێنیتەوە و هەرجارەش شتێکی نوێی لێ هەڵکرێنی. جۆری یەکەم ئێجگار زۆرە و جۆری دووەم کەمە بەڵام جۆری سێیەم لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێ.

لە بیرمان نەچێ هەندێک کتێب ڕێڕەوی بیرکردنەوەی بەشەریەتییان گۆڕی. هەندێک کتێبی ڕەخنەی ئەدەبی ڕەوتی ئەدەبی تەنیا میللەتێک نا هی چەند میللەت و چەندین نەوەشیان گۆڕی. جیمس فرێزەر و سۆزان بەرنار و ئیدمۆن ویلسۆن و ئەرشیباڵد ماکلیش و عەبدولواحید لوئلوئە و جاکۆپسن و کۆهیین و هی تر وەکو نموونە، لیستەکە زۆر لەوە زۆرترە.

توێژینەوەی ئەنترۆپۆلۆجی وەکو ئەوەی سۆفیە دەتوانێ زۆر نهێنی شراوەمان هەڵداتەوە. مێژووی کەڕو لاڵی خۆمان! پێ بناسێنێ.

# ناونیشان

**ماڵت کوێیە ؟ سەرزەمین**
**کەچی خەون بە قووڵایی دەریاوە دەبینم**
**کرمێک ئەمەی وت و پێدەکەنی.**

هەندێ ناونیشان هەڵخەڵتێنەرە، ناویش هەیە وایە.

زەعیم بەکەسێک وتراوە کە دواتر بە دەستی خەڵک کوژراوە.

هەزارویەک وەسف دراوەتە پاڵ یەکێک بۆ سەرفرازکردنی، دواتر بۆتە کوندەبۆی نەهامەتی و وێرانی.

سەرکردەی شۆڕشەکان هەتاسەر بە جوانی ماونەتەوە؟ کێ جوانی کردوون؟ ڕتووش، یان خۆیان بە ڕاستەقینە جوان بوون؟

هەندێ ناونیشان سەردەمێک جوانن دواتر دەشەمزێن .

عومەرموختار دەبێ بەموعەمەر قەزافی؟

یەکیان لەناو سیحر و ئەفسوونی بەرەنگاریی داگیرکاردا کاریزمای خوڵقا و ئەوەی تر لە ڕێی دەسەڵات و بەخشینەوەی خەڵات. شێخ مەحموود ئەوکاتەی لە داری کەلی وجاسەنە بوو کەس ناوی حاشییە و پیاوەکانی نەدەهێنا. مەلا مستەفا زۆرخزمەتی ناوبانگی خۆی کرد کاتێک نەهاتە ناو دەسەڵاتەوە و هەوڵیدا ئەو دیمەنە لەلای خەڵک نەسڕێتەوە کە ئەوی وەکو پێشمەرگەیەک نیشاندەدا. ئیتر نموونە زۆرن منیش ئەو سەرەتایەم بۆ شتێکی ترە کە زۆر جودایە، نیعمەتی دەسەڵات بە قسەی

سەتانی وەکو منیش لەلای ئەواندا بێ کەڵک نابێ ئەگەر خۆیان لە ناخەوە بڕیاریان نەدابێ کە هەتا ئەو شوێنە لەناو دەسەڵاتدا بمێننەوە کە خزمەت بەناوبانگیان دەکا، ئێستا کێ بیر لەناوبانگ دەکاتەوە هەی فەقیر؟!

لە یوتوپدا بە دوای سەرەتاکانی بوون دەگەڕام ناونیشانێک سەرنجی ڕاکێشام: کرۆنۆلۆجیای ڕووداوەکانی دنیا لە دروستبوونی زەوییەوە هەتا ساڵی فولانی..!

خەیاڵێکی تیژ بردمییەوە دوور بۆ ئەو شوێن و ڕۆژانەی بەرایی. ملیۆنان ملیۆن ساڵ ئەم دونیایە گازو چووزانم چی بوو بەناو یەکدا خولاوەتەوە، هیچ بووە لەناو هیچدا. لەناکاو دوای ئەو هەموو ملیۆنان ساڵە ئینسان دروست بوو، دەهری ژیانی سەرەتایی کۆتاییهات و مێژووی بەشەر دەستپێکرد. بەرلەوانیش ڕووەک و باڵندە وماسی و هەتا جاڵجاڵۆکە و مێشیش هەبوون!

چاخی کاربۆن وئاسن زەمینەسازیی بوو بۆ دەرکەوتنی ئەو ئاژەڵانەی بڕبڕەیان هەیە.

دیناسۆر ملیۆنان ساڵ بەر لەئادەمە، گوڵ وهەنگیش پێش ئێمە ئەو گۆی زەوییەیان کردووە بەجێی بەزمیان!

ئێستا کە ئەو ملیۆنان ساڵە تێپەڕیوون، سەر زەوی بەو چەشن و هەرایە پڕبووە. ملیۆنان شار و دێ دروستبوون و بەشێکی گۆی زەوی تژییە بە حەشاماتی خەڵک، کەچی تەنیایی هەتا دێ پەرەدەستێنێ.

ئەدی ئەوکات، لەو چۆلەوانییەدا چ هەستێکی تانیایی ناخی بەشەری تەنییە؟! گۆیە دنیا بۆ ئەو خولقاوە! کەچی لەسەر ئەم زەوییە هەر ئەو عەزاب دەخواو هەست بە تەنیایی دەکا. دیواری نێوانی ئەم وباڵندە و ئاژەڵان هێندە ئەستوور و بڵندە هیچمان لێوە دیار نییە! تا بڵێین

ئەوانیش ئاوەها دەژین و عەزاب دەخۆن و بیر لە دۆزەخ و بەهەشت دەکەنەوە! ئەوە لە کاتێکدا ئەگەر گریمان ژیانی سەر ئەم گۆی زەوییە تاکە ژیانی گەردوونە. ناچێتە عەقڵەوە، ئەو هەموو هەسارەو ڕۆژە بە فەزاوە و ژیان هەر لەسەر هاسارەیەکدا قەتیس بووبێ. قوڕەکە ئاوێکی زۆر هەڵدەگرێ.

ئەوەی پەیوەستە بەم ژیانەی ئێمەوە، واهیمە زۆرەو مەردم بۆخۆی دروستیکردوون. گەورەترینیان، جغزکێشانە بە دەوری یەک جۆر ژیندا، گینگڵدان لە دەوری ئەو جۆرەو داخستنی چاو و گوێ بەرانبەر بوونەوەرەکانی تر.

ماسییەکی سەلەموون ئەو هەزاران کیلۆمەترە ڕێگای ئاویی دەبڕێ تادەگەڕێتەوە ئەو شوێنەی تێیدا یەکەمجار دروستبووە تا ئەویش هێلکە دابنێ وسووڕی ژیانی تەواو بکاو ببێتە خۆراک بۆفەرخەی تازەخولقاوی. یان هەڵۆ کەدەزانی پیربووەو دندوکی کول بووە چۆن دەیدا لەبەرد و تازەی دەکاتەوە .....تاد، نموونە زۆرن، لەبارەی هەستی ئاژەڵ و فڕندان. باوکم هەمووجار دەیگێڕایەوە، بە خۆی ئەسپی دیوە بۆ مەرگی خاوەنی گریاوە. بۆ نا، ئەی ئەو ئولفەتەی دروست دەبێ لە خۆڕاییە؟

چما مرۆڤ درک بەو نهێنیانە ناکا ئەگەر سەرچیغ نەڕوا؟ ئەوەی تا ئێستا زانراوە مێشکی ئینسان گرنگترین ئەندامە لەناو هەموو ئەندامی بوونەوەراندا، ئەو ئەندامەش بەشێکی کەمی لەلایەن ئینسانەکان خۆیانەوە بەکار هاتووە و دۆزراوەتەوە. هەندێک دۆخیش هەیە هی حوکمی کورتی تەمەنە، ئەگەر نێوانی دوو هەسارە لەوسەرو ئەمسەری گێتیدا ملیۆنان ساڵی بوێ، مەگەر زەمەن لە ساتێکدا ڕابگیرێ کە ئەمەش تا ئەمڕۆ مەحاڵە.

له ڕێی هزرەوە ئینسان توانیویەتی بەشێکی زۆری دنیا بخاتە ژێر ڕکێفی، ئەو هەموو بوونەوەرە بخاتە خزمەتی خۆی؟ بەڵام ئەو خۆیشی وەهمی یەک ژیان هەڵیخەڵەتاندووە. سنووری هەستی کۆتی کردووە. وەهمی زانیارییەکانی هەڵیخەڵەتاندووە.

کێ دییویەتی کە بن لادنیان فڕێداوەتە دەریاوە؟ هەمووشمان باوەڕمان بە نەدیتراوێک هێنا.

خاڵی ناکۆک ئەوەیە کە ئینسان باوەڕدەکاو هەتا دێ بێ باوەڕتریشە.

جورئەتی پرسیار خاڵی هەرە بەهێز و پۆزەتیڤە بۆ ئەزموونی هەر کەسێک و میللەتێک، کە ئەو هێزە نەبوو تێپەڕاندن و ڕزگاربوون مەحاڵە.

ئینسانی دیلی ناو قەفەسی بیروباوەڕی داخراو دەتوانێ بەختەوەر بێ؟

خەڵک و میللەتێک لە گۆمی جەهالەتدا چ ڕێگایەکیان لەبەر دەمدایە جگە لەوەی ببن بە بۆق!

دوو هەزارودووسەت ساڵ پێش لەدایکبوونی مەسیح میللەتێک هەبوون لەچیای زاگرۆس ناویان گوتی بوو.

ئێستاش میللەتێک هەن هەرلەم شوێنەو بەهەمان ناونیشان وناویشیان لەگوتییەوە نزیکە،هەر وەکو خۆی ماوەتەوە.

ئەهلی کەهف سێ سەت وقسوورساڵ نووستن،

ئەو میللەتەی کە ناویان نزیکە لەگوتی ولەزاگرۆس دەژین چەند ساڵە نووستوون؟

گونجاوترین ناونیشان بۆ کرۆنۆلۆجیای ئەو میللەتەی لە خوار زاگرۆسەوە پەرتەوازەن:

سەفەرێک لە نادیارەوە بۆ نادیارتر!

# نووسینەوەی بیرەوەریی

## شەرمەزارییەکان بنووسەوە پێش سەرکەوتنەکان، جیاوازی لە نێوان فرزەندەکانت مەکە.

نووسینەوەی بیرەوەریی سەختترین جۆرەکانی پەخشانە ئەگەر ڕاستگۆیانە بنووسرێتەوە. هەندێک پێیانوایە جوانترین بیرەوەریی نووسین ئەوانەیە کە کەمترین دەستکاری گێڕانەوەی ژیانی تێدابێ، بەڵام مادامەکی گێڕانەوەیە قەت نابێ بە ژیان.

هی واش هەن مۆنتاج و دەرهێنانی هونەرییان لەلا مەبەستە.

مرۆ ئەگەر لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆ نەبێ گێڕانەوەی ژیانی چ کەڵکی دەبێ؟

ڕاستگۆیی لە گێڕانەوەدا پێویستە ئەگەر ژیانیشت پڕبێ لە فێڵ و تەڵەکەبازی. ئەوانەی ڕاستەقینە ژیاون بیرەوەرییان سەرنج ڕاکێشترە.

گێڕانەوە ئەدەبە، چونکە ڕامان و بیرکردنەوەی تێدایە. بۆیە دەبێ خەسڵەتەکانی ئەدەبی تێدا بێ. لە هەمان کاتدا دەچێتە سنووری مێژوو بۆیە دەڵێن دبێ ڕاستگۆیانە بنووسرێتەوە.

یاداشت و بیرەوەری دوو شتی جیاوازن، یەکەمیان تۆمارە ئەوەی تریان وەسف و گێڕانەوەیە.
جوانی ئەدەب لەوەدایە هەوڵی جێ گۆڕکێ دەدا و ژیان دەسڕێتەوە بۆئەوەی هەلی دەرکەوتنی ژیانێک زێتر بڕەخسێنێ.
یاداشت فۆتۆگراف کردنی ژیانە بە ڕەش و سپی کە ڕەنگی تێکەوت دەبێتە بیرەوەریی و لە ئەدەب نزیک دەبێتەوە.

*

برادەرێکم بەدەم گفتوگۆوە بەسەرهاتێکی بۆگێڕامەوە کە چەند ساڵێک پێشتر لەگەڵ سەرکردەیەک لێی قەومابوو،
ئەنجام غەدرێکی گەورەی لێکراو چەند مانگێکیش چووە زیندانو دواتر بێ هیچ جۆرە دادگاییکردنێک ئازادکرا،
نە ئەم دەنگو نە ئەو دەنگ!
چی دێتە زەینتەوە، تۆ بڵێی ئەو سەرکردەیە لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا سەرزەنشتی خۆی بکا و پەشیمانی دەربڕێ بەرانبەر ئەو کردەوەیەی کردی دەرهەق بە تۆ؟ لێم پرسی.
خۆ ئەگەر وەک یاداشت تۆماری کردبێ هیچ مانایەک نادا.
مرۆ بەوەوە جوانە هەڵە بکا و پەشیمان ببێتەوە و ویژدانی ئازاری بدا بەرانبەر ناهەقییەک کە ئەنجامی دابێ.
ئەو کەسانە کبریایان ڕێیان پێدەدا پەشیمانییان پێوە دیاربێ؟ لەخۆیانناپرسن، ئەوانەی غەدریان لێدەکرێ ئەوانیش مرۆن و کبریایان هەیە؟ ئەوانیش کەسوکارو ماڵ و منداڵیان هەیەو دۆست و ناحەزیش.
جارێکیان لەناو فڕۆکە پیاوێک لەگەڵ یەکێک لەکابتنەکان بووە دەمەقاڵێیان، دواتر کابتنەکە هاتەلای پیاوەکە و ویستی ئاشتی بکاتەوە،

پیاوەکە مکوڕبوو لەسەر ئەوەی لێی خۆش نەبێ چونکە بەبەر چاوی منداڵەکەیەوە هاواری بەسەرداکردووە و وتەی ناشیرینی پێ وتووە، دەیووت: منداڵەکەم لێرە بەدوا چۆن تەماشای باوکی دەکا؟!

خودایە باوکەکان چەندە بەستەزمانن ئەو هەموو سووکایەتییەیان بەرانبەر دەکرێ بەبەر چاوی منداڵەکانیانەوە.

ئایا لەدەفتەری بیرەوەریی ئەو سەرکردانەدا جێگەی پەشیمان بوونەوە دەمێنێ؟

ئەو وڵاتەی ئێمە لەبەرئەوەی شۆڕشو ڕاپەڕینی تێداکراوە، زوڵم و غەدری زۆری تێدا کراوە، کەسانێک بێ دادگا و لێپرسینەوە کوژراون، منداڵ بێ باوک کراوە، کەسانێک بێئەوەی تاوانیشی بووبێ ئەشکەنجەدراوە، سووکایەتی و هەتک کردن، بزرکردن، ماڵ سووتان و لانە تێکدان....تاد. دەبێ دەفتەری بیرەوەریی سەرکردەکان پڕ لە تۆماری لێبووردن و پەشیمانبوونەوە بێ.

*

چەند هەست بەشەرمەزاریی دەکەم لەسایەی حوکمڕانی خۆماڵیدا کەسانێک هەر لەبەرئەوەی قسەیەکی کردووە بەدڵی ئەم یان ئەو نەبووە، یان، ڕەفتارێکی نواندووە لەگەڵ بیرکردنەوەی ئەم یان ئەودا گونجاو نەبووە، یان، هەڵوێستێکی هەبووە با چەوتیش بووبێ، یان، لەبەر هەر هۆیەک و بە هەر بیانووەکەوەبێ، بێ دادگا و بە دواداچوون سووکایەتی پێ بکرێ. سەروەری یاسا لەم وڵاتەی مندا درۆیەکی گەورەیە!

لەدوای ڕاپەڕینەوە چەند دۆستی بیانیی هاتن و لە وڵاتی مندا تێرۆرکران، یان هەوڵی تیرۆرکردنیان درا، کوا دادگا و کوا دۆسییەیان، کوا تاوانبار؟ لە دوای ڕاپەڕینەوە چەند رووناکبیر و سیاسی خاوەنی

ڕای جیاواز تیرۆرکران، کوا دادگا و کوا دۆسییه و کوا تاوانبار؟ مەلەفی چەندینیان هێنایه گۆڕێ گوایه دەستیان لەگەڵ ئەم دەزگا و ئەو دەوڵەت هەبووه کوا مەلەف و کوا سزاو کوا..؟؟

مەلەفەکان داخران نه له ئێمه دەنگ و نه لەوان دەنگ.

بەڕێزان! ئەی ئەوانەی خۆتان له دۆڵێکدان و گەلەکەتان حەفت دۆڵ دووره لێتانەوه، ئەی سەرکردەکانی وەهم! پاڵەوانەکانی وێرانه، تکایه لەبیر مەکەن له دەفتەری بیرەوەرییەکانتاندا حیکایەتەکان به بێ گرێ بگێڕنەوه، لەبەر ئێمه نا لەبەر خۆتان تا خوێنەرێک له داهاتوودا شەرم نەکا که دەیانخوێنێتەوه.

# لەڕێگادا بەرەو گورجستان

**شەو کلی ڕژاوە**
**چاو دەزووریێتەوە بە کلچووکی ئەو کلە**

لەڕێگای بەرەو گورجستان و بەدرێژایی خاکی بەفرگرتووی کوردستانی گەورە، لەجزیرە و ماردینەوە هەتا ئاگری و بنگوێڵ وئەرزەڕۆم، هەتا لە شەختە و چلوورەی سەر ماڵەکانی قەرس ئاوابووم، بیرکردنەوەی نەتەوەپەرستانە دایگرتبووم زۆرجارانیش لە لەرینەوەدا دەگەیشتە لێواری فاشییەت. قەت خۆم بەو حەماس و بیرکردنەوەیە نەدیوە و من هەردەم گیانی لێبووردەییم لێی ڕژاوەو خۆم بەوشوێن و کاتە چوواندووە کە هەموو دژەکان دەتوانن تێیدا کۆببنەوە و دڵم بۆ دوژمنیش لێیداوە لەکاتی تەنگژە و لێقەوماندا. لەبەرچی بەو شەو و ڕۆژە واگۆڕا؟

(شوێن) کە دەکەوێتە حاڵەتی زەلیلییەوە لە مەردم زێتر کاردەکاتە سەر هەست و لەویش بەکول و کۆڤانتر دە لاوێتەوە.

ئەم خاکە بەندکراو و گاڵەدراوە بە چەشنێک دەستی خستبووە قورگم، بە هەموو هێزی پەنگ خواردووی‌دەیهەژاندم و دەیکوڵاندم، دەتووت مەنجەڵێکی هەڵمم بەسەر ئاگرێکی گەورەوە.

(قەرەسو) لەسەرخۆمەڕۆ بە خوڕتر بڕژێ ناو فورات! ئارارات توندتر بکوتە ئەو سینە و دڵە با جێی پەنجەکان تا رۆژی قیامەت دیار بێ! هەر ئەو هەستەیە کە ئەمین زەکی بەگ لەبارەیەوە دەڵێ، ویستم هەڵچوونی نەتەوایەتییم بە توندی و بەهێز دەرببڕم لە بەرانبەر تۆرانییەت.

کورد میللەتێکی پەرتەوازەی ئەم رۆژهەڵاتەیە، چوون تورک و فارس و عەرەب و لەگەڵ ئەواندا ژیاوە، لەو کاتانەی ئەو ناوچەیە لەشەڕ وشۆڕێکی گەورە و بەردەوام بووە، ئەو میللەتانە هەریەکە و هەلێکیان بۆ ڕێککەوتوە و لەو هەلە سوودیان بینیوە و بوون بەخاوەنی دەوڵەت و دەسەڵاتداریی خۆیان، لەبەرچییە کورد نەیتوانیوە هیچ بەهیچ بکا؟ دیارە لەسەرەتادا کورد نەیویستوە و پاشان کە دراوسێیەکان بوون بەخاوەنی دەوڵەت ڕێیان نەداوە بەئەو، یان پێکهاتەی نەتەوەیی ئەو درەنگترە، یان جیۆپۆلیتیکی وڵات هۆکارە، یان،کێماسییەک هەیە لەبونیادی نەتەوەییدا و هەر ئەویش ڕێگرە لەسەربەخۆبوونی؟

کەمتەرخەمیی خۆکردە، یان خۆڕسکە؟ بە هەردووباردا نەخۆشییەکی سەرەتانییە. (جوو )هەموو لایەکی بە دوژمن! تەنراوە، کەچی ئیرادە و پێداگری گەیاندی بەوەی دەیویست، فەلەستینیەکانیش پلیشانەوە لە غرووری خۆیاندا. کورد هەمیشە پلیشاوە بووە و کەمتر زوڵمی کردووە. هێز و دەسەڵاتی نەبووە،

شمشێری بەدەستەوە نەبووە، ئەوە کێماسییە لە مێژووی خوێنینی ئەم ناوچەیەدا.

پێش ئەو سەفەرە، کتێبێکی ئاخوەند محەمەد ساڵح زەنگەنە بەلوچم خوێندەوە کە چارسەد ساڵ پێش ئێستا نووسراوەو ناوی کتێوەکە( کوردگال نامەک)ە و گەنجینەی مێژووی دێرینی کورد و بەلوچە. بەگوێرەی ئەو کتێوە بەلوچ کوردن و پاش ڕووخانی میدیاکان چوونە ناوچەکانی خوار ئەرمەنستان کەپێی دەوترا تۆران و مەکران. جەمال نەبەز دەڵێ، ئەم کتێبە لەئاستی شەرەفنامەدایە لەڕووی مێژووییەوە. محەمەد ساڵح سەد پشتی خۆی تۆمارکردووە تادەگاتە یافسی کوڕی نووح. گورجییەکانیش هەمان حیکایەت دەگێڕنەوەو ئەوانیش دەڵێن لە نەوەی یافس (یافت)ن. ئەم کتێوە یەکەمجار لەکوێتەی پاکستان لەلایەن ئەکادیمیای بەلوچەوە چاپ بووە. مێژووی نێوان نەمانی ماد و سەردەمی تازە دەگێڕێتەوە. داب و نەریتی کوردە بەلوچەکان و مێژووی فەرمانڕەواکانی دەگێڕێتەوە.

لەبارەی داب ونەریتەوە دەڵێ: کوردە بەلوچەکان باوەڕیان بە ژیانی پاش مردن نەبووە، لاشەی مردوویان نەشاردۆتەوە. دواتر ئەو نەریتەیان تەرک کردووە و مردوویان لەناو گۆزەی گەورە داناوە و لە کێوان حەشاریان داوە. بەڵام ناڵێ بۆ وازیان لەو نەریتە هێناوە. فرەژنی یاساخ نەبووە و نەریتی مارە بڕین باونەبووە، تەنیا ڕەزامەندی کوڕوکچ و باوک، یان سەرۆکی بنەماڵە بەس بووە. کوشتنی کوڕی باڵغ نەبوو یاساخ بووە.....تاد. ئەو کتێبە شایەتە بۆ ڕابردووی دووری کورد لەمێژوودا. وەکو نووسەرەکە دەڵێ، سوودی لەو سەرچاوانەش وەرگرتووە کە لەجەنگەکاندا لە سووتان دەربازکراون. باسی ئەو سەردەمانەش دەکا کە کورد پێنچ سەدە لە

مەكران و توران فەرمانڕەوایی كردووە لەسەردەمی پاشاكانی بنەماڵەی ماد و هەخامەنشینی و بە درێژایی ئەو ماوەیە تووشی هەوراز و نشێوی گەلەك بوونەتەوە بەڵام كۆڵیان نەداوە. كەئەو هەموو حیكایەتەم هاتەوە یاد بیركردنەوەكەم ئاڵۆزتربوو: لەبەر چییە كورد نەبووە بە دەوڵەت؟

# ئاگری

**ئاگرێک دیارە لە دوور،شوانێک نوستووە**
**مەراقی ئیحسان- ە دەسووتێ بە دیارییەوە**

نیوەشەوێکی درەنگ شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە وتی، ئێرە ئاگرییە!
ئەم ڕستە ڕایچڵەکاندم.
هەرکێوێک و نواڵێک دەگری هەزار بیرەوەریی تاڵمان لە پەنایدا حەشارە.
ئەم وڵاتەی کوردگال دەبوو خاکی شیعەکان بایە، هەموو جلی ڕەشمان بۆ لەبەرکردبایە، بۆنەکانمان هەر سەر و سینگ کوتان بایە، حوسێنمان بە هەزارە کەربەلامان کوا؟
ئیحسان نووری پاشا لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویە: «بەم شێوەیە ئاگری، بنگەهێ ئازادی کوردا کەوتە دەستی ترکا».
دوای شکستی ڕاپەڕینی ئاگری، مەحموود عیزەتی وەزیری دادی ترکان لە ڕۆژنامەی (ملیت) ژمارە نۆزدەی ئەیلوولی نۆسەدوسی نووسیبووی: دەبێ دۆست و دوژمنان باش بزانن کە ترک خاوەنی ئەم نیشتمانەیە، ئەوانەش کە خوێنی پاکی ترکیان لە دەماردا نییە لەخزمەتکاریی و نۆکەریی بەولاوە هیچ مافێکی تریان نییە لە نیشتمانی ترکاندا.

پێشتریش تۆفیق ڕەشیدی وەزیری دەرەوەیان وتبووی، ئەوان چوون هیندییە سوورەکان پێویست بە مانیان ناکا!

دیمەنێکی تراجیدی : ئەوکاتەی بڕیاری یاساغکردنی زمانی کوردی درابوو خەڵکی لادێیەکان کە دەهاتنە بازاڕ، لەبەرئەوەی جگە لەزمانی کوردی هیچ زمانێکی تریان نەدەزانی بە هێما وەکو لاڵەپەتە دەدوان و داوای کەلوپەلی پێویستیان دەکرد،

دوکاندارەکانیش بە هەمان شێوە وەڵامیان دەدانەوە. میللەتێک لاڵەپەتە کرابوو! ئەمە ئەگەر وەحشییەتی ترک نیشان نەدا چییە؟

(ئاگری) وەکو چەرخی فیلمێکی مێژوو دەگەڕا و دیمەنی خوێنینی نیشان دەدا: جەندرمە بەنێزە و قەمەی سەرتفەنگەکانیان منداڵیان لە باوەشی دایک دەردەهەێنا. ئیحسان نووری پاشا دەگێڕێتەوە: ژنەکان لەبەر مێردەکانیان دەپاڕانەوە کە بە دەستی خۆیان بیانکوژن تا نەکەونە دەستی دوژمن.

کارەساتەکەی ئێمە لەهی کەربەلا دەچێ، بەڵام لەوێ دەستیان بۆ ژن و منداڵ نەدەبرد، لێرە نێزەی تفەنگەکان سکی ئافرەتی سکپڕیان دەدڕی و منداڵیشیان هەر بەو ڕمە لەناو منداڵدان دەردەهێنا و فڕێیان دەدا! (ئەگەر زێدە گۆییش بێ بۆ زوڵمی لە ڕادە بەدەری ترک دەگەڕێتەوە).

محۆی تەمر پیاوێکی بەساڵداچووی نەخۆش بوو،عەلی کۆیی هەسنی کە تازە عەمەلیات کرابوو لەگەڵ ژمارەیەک پیر و پەککەوتەی تر لەئاگری مابوونەوە، پاش ئەوەی بەدیل گیران جەستەی کەنەفت و نەخۆشیان بە نێزە هەنجن هەنجن کرا.

ئەم ڕووداوانە لەکاتێکدا ڕوویانداکە کورد شۆڕشێکی بەرپاکردبوو لەئاگری، بەڵام خۆ کورد ژن ومنداڵێکی ترکی نەکوشتبوو، شۆڕشی

بۆ ئازادی کردبوو. ئەو شۆڕشە بەکەمتر لەپێنج سەد شەرکەر پێنج ساڵو نیوی خایاند،لە ئەنجامی هاوکاریی نێوان ترک و فارسدا لەناوچوو. سەرکردەی شۆڕش پەنای بردە بەر ئێران و لەوێ ساڵی نۆسەد و حەفتا و پێنج ماتۆڕسکلێک لێیدا و لە ئاوارەییدا گیانی سپارد. بەم شێوەیە شۆڕشەکان تەواو دەبن و بەم شێوەیەش سەرکردەکانی لەنێودەچن.

لە ئەفسانەی چیای ئاگریی یەشارکەمال دا:

هەموو ساڵ کەبەهار لەچیا چاو هەڵدێنێ شوانە قامک درێژو باریکەلەکانی ئاگری بلوێرەکانیان لەبن پشتێنەکانیان دەردێنن دەست بەبلوێرلێدان دەکەن و تا رۆژئاوا دەبێ تووڕەیی هەزاران ساڵی ئاگری هەڵدەڕێژن. لە زەردەپەڕ مەلێکی چکۆلەی سپی وەکو بەفر بەسەر گۆلەکەدا دەست بەفڕین دەکا تا بە تەواوی ڕۆژئاوا دەبێ ئەوجا وەکو تریشقە لەئاسمانەوە دێتە خوارێ و شاباڵی سێ جاران لەئاوی گۆلی سەر ئاگری وەردەداو لە ئاسمانان ون دەبێ! ( بەکەمێک دەسکارییەوە).

ئەو شەوە خۆم بەو مەلە دەهاتە بەرچاو، لەسەری ئاگری هەر باڵم لێکدەداو نەدەگەیشتم بەهیچ کوێ. چاوم ببوو بەو گۆمەی سەری ئاگری و دڵم پڕبوو لە هاوار، فەلەکێ یەمان، بێ بەختێ یەمان، لێ وایێ یەمان، ماڵ خرابێ یەمان.

دوور و نزیکمان پڕە لە ئاگری و پڕە لە ئیحسان.

لە زانستگا و مەکتەبەکان چیان لەبارەوە دەخوێندرێ؟ کوا خوێندنەوە تازەکان لەبارەیانەوە، کوا قەدرگرتیان لە کوێیە؟

تا ئەو ڕۆژەی مۆزەیەک بۆ ئیحسان نووری پاشا و ئەوسەرکردە و ناودارانە دروست دەکرێ یادیان بەخێر.

## به بیانووی سەردانی گۆڕی جزیری یەوە

**شیعر تەمە، مەندیل نییە بە سەرمەوە.**

لە(جزیرە)ی هەواری سەرامەدان لاماندا. مەڵبەندی حوکمڕانی و ئەدەب و فیکر لە کۆندا، ئەی ئێستا؟

حکومەت هیچ بایەخێکی پێ نادا پیرێک لە حەوشەی مەزاری مەدرەسەی سۆر ئەمەی پێی وتم.

جزیرە ناوەندی دەسەڵاتی حوکمی ئیمارەتی بۆتان، دەکەوێتە تەنیشت چەمی دیجلەوە. ژمارەیەک ئەدیب و بیرمەندی تێدا ژیاوە، لەوانە مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و فەقێ تەیران و ئیبنو ئەسیر و بەدرخانییەکان. ئەوەی بۆمنی خولیای شیعر جێگەی بایەخ بوو لەسەردانێکی وا خێرادا بینینی مەدرەسەی سۆری جزیری وگۆڕی مەم وزین بوو.

گۆڕی مەلێ جزیری بە پەڕۆیەکی کەسک داپۆشراوە! گۆیە بەو چەشنە پیرۆزییەکەی دەردەکەوێ! گۆڕی پیاوچاکان بە پەڕۆی کەسک و چەند دێڕێک لە قورئان دەڕازێنرێتەوە. شاعیرێکی وەکو جزیری پێویستی بەو جۆرە تەدارەکانە نییە. لەسەرخۆ لچکێکی پەڕۆیەکەم لادا و گۆڕێکی سادە و جوانم دی، ئەمەیە کارەسات!

شاعیرێک که بناخه داڕێژەری شیعری کوردییه، لەبری ئەوەی دەوری گۆڕەکه و دیواری مەزاری پڕ بێ له بەیته شیعرەکانی، مەندێلێکیان داوه بەسەر کێلەکەیەوە، نەمزانی ئەو مەندیله هی خۆیەتی یان نا؟ هەوای شێداری ژوورەکه هێمای ئەوەی دەدا که ئەو مەندیله هی خۆی نەبێ، نوێ و سپی و پاک هیچ کۆنییەکی پێوه دیار نییه!

بولبولان سەد گول د چاڤن چاڤ ل سەد گول دی دکن

من ژ باغێ گولعوزاران یەک گول و گولنار بەس

بنوو! (مەلێ) خۆشخوان بنوو!

میللەت لەگۆمی جەهالەت نەهاتۆتەدەر ئەگینا دەبوو ئەم شوێنه له پارک و باخچەکانی جزیره و بۆتان رازاوەتر با.

که چوومه هەمەدان، یەکەم وێستگه گۆڕی باباتاهیر بوو ببینم. باخچه وگوڵزاری، دیوارو نەقش ونیگاریم له بیرناچنەوه. ئەوکاته کاتی کۆڕەوی ١٩٩١بوو، من و خێزانەکەم ئاوارەبووین لە(قروه). من به دزی چاوی پاسدار چوومه هەمەدان و دڵیشم پڕبوو، بەڵام مەزاری بابا دڵمی ئاوەدانکردەوه و ئاوارەیشی بۆ چەند ساتێک له بیر بردمەوە.

هەرچی بۆ جزیری بکرێ هێشتا کەمە، ئەو به شیعرەکانی دەتوانێ لەناخماندا بژی تا هەتایه، بەڵام دنیا بۆخۆی ڕێسای هەیه و میللەتانیش ڕێوڕەسم و تەدارەکی خۆیان. ئەگەر میللەتێک ئەو تەدارەکه بۆ کەسایەتییەکانی خۆی پشتگوێ بخا چ خێری لێ چاوەڕێ دەکەی.

جزیری حەفتا ساڵ ژیا، یەکەم شاعیری کوردە دوای بابا تاهیری هەمەدانی بناخەڕێژەری شیعری کوردییه. دیوانی له بەرلین و هەولێر و بەغداد و قامیشلۆ چاپ بووە. حەیف ئاوەها زەلیلی ناو میللەتی خۆیەتی!

لەسەرگۆڕی مەم و زینیش بۆ یادێکی (ئەحمەدی خانی) بێدەنگ وەستام لە ئاست نەفسی بەرز و بە عیزەتی عاشقان و شاعیران، ئەو بەیتەم بەبیرهاتەوە کە زین لەسەرگۆڕی مەم دا دەڵێ:

کەی مالکی ملکی جسم و جانی / ئەز باخچە و تو باغەبانی ... ئالوودە نەبوون بە خار و خاشاک / ئەڤ بوو ئەسەرا موحەبەتا پاک.

خانی دوا مونادیشی ئەوەیە:

یا ڕەب بە مەمی ووی ئەڤینی / یا ڕەب بە تەحەسورا لەزینی/ وەقتی کوو جودا دەکەی ژجانی / بێ بەهرە نەکەی ژ عیشق خانی.

بیلجوملە بەتال و بێ بەقانە/ بێ عاقیبەتن، هەمی خانانە.

حاجی- م هاتەوە یاد، خاکی جزیرە و بۆتان یانی وڵاتی کوردان / سەت حەیف و سەت مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان.

لەرێی گەڕانەوەدا خەیاڵم بەر تیشە بەردەکان دەکەوت و بە دیجلەدا شۆڕدەبووە و هەر ئاهو واوەیلایم دەهاتە گوێ.

مەی نەنوشی شێخی سەنعانی غەلەت / ئەو نەچۆ ناڤ ئەرمەنستانێ غەلەت

میسلی موسا وێ تەجەلایا تە دی / ئێ تو دی کانێ خەتا کانی غەلەت.

بنوو! خانی بنوو! لە کوردستانێ غەلەت.

یەکەم لانکەی ژیان دوای تۆفان ئێرەیە و نوح تێیدا ژیاوە و گۆڕەکەشی هەر لێرەیە!

ئەم گێڕانەوەیە ئەگەر حیکایەتیش بێ خۆشە. مێژووی میللەتان چەندی ڕاستییە و چەندی حیکایەت؟

لەگورجستان سەرەڕای نەداریی و بێ وەزعی دەیان پەیکەر و باخچەیان بۆ شاعیران ڕازاندۆتەوە،کە گەشتێکت پێدەکەن ناوی چەندین

ئەدیبت بۆ دەژمێرن لەوانەی خۆیان، دەتبەن بۆلای مۆزە و پەیکەرەکانیان. لەناو تەبلیسی پەیکەری شاعیران چی کەمتر نییە لەهی قرال و پاشاکان لەژمارە و جۆریش.

کاتی خۆی بۆدروستکردنی دیواربەندی ئازادی بەغدا جەواد سەلیمیان ناردە ئیتالیا، ئەی ئەوانی ئێمە بۆ واناکەن؟ بۆ جەواهیری شتێکی شایستەیان کرد و هەزارجار دەستیان خۆش، ئەی بۆچی بۆشاعیرێکی کوردیشی ناکەن؟!

(دلدار) و (حاجی) شایستەی ئەو مەهزەلەیەن لە کۆیە؟! مەلای جزیری شایستەی ئەو مەزارەیە لە جزیرە؟

لە نیۆیۆرک پرسیارم لە برادەرێک کرد، ئاخۆ شاعیران چۆن دەژین لە ئەمریکا؟

وتی، بەرهەمەکانیان دەیانژیێنین بە تایبەتی ئەوانەی ناوبانگیان هەیە، هەر ڕۆژنامەیەکی ناوداریش یەک دووانێکیانی کردووە بە ڕاوێژکار، لەزاکۆکانیش موحازەرە دەڵێنەوە، هەفتانە لەکتێبخانەکاندا دیداریان هەیە لەگەڵ ژمارەیەک لەو قوتابیانەی لە لایەن ئیدارەی قوتابخانەوە ئامادە دەکرێن بۆ ئاشنابوون بەکتێب و خوێندنەوە..ئەوە لە ئەمەریکای کارتلەکانی سەرمایەدار، کە خاوەنی دەیان شانازی ترە جگە لە شیعر، میللەتێک هیچی تری نەبێ جگە لە شیعر دەبێ چی بۆ شاعیرانی بکا؟!

گۆتێ لەفاوست دا دەڵێ،

ئەوەی دەدرەوشێتەوە بۆ ساتێک لە دایک دەبێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە بۆ نەوەکانی داهاتوو دەمێنێتەوە.

## گۆڕانی مانا

**ئازادی گوڵ لە باخچەیە**
**گوڵدانی سەر مێز زیندانە ،بولبول وتی**

لە حیکایەتەکانی ئیزۆپ-دا هاتووە، ڕێوییەک بە تەنیشت ڕەزێکدا دەڕوا و دەبینێ ترێیەکی زۆری گرتووە، حەزدەکا بچێتە ناو ڕەزەکە و لەو میوەیە بخوا، دەسووڕێتەوە بە دەوری تانۆکی شوورەی ڕەز و شوێنێک نابینێتەوە بۆ چوونە ژوورەوە جگە لە کونێکی بچووک، تەماشا دەکا لەشی بە کونەدا ناچێ، دوو ڕۆژ بەڕۆژوو دەبێ تا جێگەی دەبێتەوە، دەچێتە ژوورەوە و لەو تەعامەخۆشە دەخوا تا تێردەبێ، دواتر کە دەیەوێ بێتە دەرەوە دەبینێ هەمدیسان کونەکە بچووکە و ئەویش لەشی مڕبووە لە خۆشاوی ترێ، ناچار دوو ڕۆژ بەڕۆژوو دەبێ تابتوانێ بێتە دەرەوە و بگاتەوە دۆخی خۆی. ئەو هەرێمەی خۆمانم وەک ئەو ڕێوییە دێتە بەرچاو!

ئەم جۆرە حیکایەتە لە کولتووری میللەتاندا زۆرن،گیسکەکەی هەیاسیش بەو مانایەیە بەگێڕانەوەیەکی تر.

دنیا پیاوی ئازا دەیخوا! ئەم ئیدیۆمە بۆ هەموو سەردەمێک دەشێ، بە گۆڕینی وشەی(پیاو) بۆ (کەس) و مەفهومی ئازا وەکو خۆی دەمێنێ لە هەر سەردەمێکدا. دنیا کەسی ئازا دەیخوا، ئیدیۆمەکە وای لێ دێ. هەرچەندە مەبەست لە وشەی پیاو لەم ئیدیۆمەدا نێر نییە، چونکە پیاو و نێر دوو وشە و مەفهومی جیاوازن، بەهەرحاڵ بۆ ئەوەی لەو ئیشکالییەتە دەربازبین وشەی کەس گونجاوترە.

ئازا کێیە و ئازایەتی چییە؟

ئەگەر ئازایەتی تەعبیرکردن بێ لە خۆت، لە قەناعەت و بۆچوونەکانت، ئەوا ئازا ئەو کەسەیە کە هەمیشە دەربڕی خواستی خۆیەتی و ملکەچی دەرەوە نییە بە هەموو پێوەندەکانییەوە. پرسیارە سادەکەش ئەوەیە، ئایا ئەو کەسەت دیوە؟ کەسێک دەناسی بەو سیفەت و ناوەرۆکە؟

ئایا بەندە ئازاد دەبێ؟ ئازایی بە تێگەیشتنی تازە بریتییە لە تازەگەری لە بیر و ڕەفتاردا.

بەندە کەکۆتی مێژوو و زمان و پزدانی بە ملەوەیە، لە هەندێک باردا ئایین و باری کۆمەڵایەتیش، بۆیە هەموو ڕاپسکانێک لەو دۆخە باوە ئازایەتییە.

ئازادیش قەدەرە ئازا ناتوانێ لێی ڕابکا. ئەوەی توانای دەربڕینی هەبێ ئازایە و مەرجیشە ئازاد بێ. ئیشکالییەتی ئازادی پەیوەستە بە هزر و ئاستی هۆشدارییەوە، چونکە بولبول لەناو قەفەسیشدا بێ دەخوێنێ، مرۆڤ لە زیندانیشدا بێ توانای دەربڕینی دەمێنێ، لێرەدا مەبەست ئازادی ناخە کە مەرجی سەرەکی نووسینە.

ئازادی بەر لەهەموو شتێک زمانە، کە زمانێکی ڕەوان و گەشە سەندووت هەبوو بە ئاسانی دەتوانی پرۆسەی ئازادی ئەنجام بدەی.

دەمینێتەوە (دنیا خواردنەکە)! ئەمەیان دۆخێکی کۆمیدییە، مەجازە بۆ دەسەڵاتشکانی کەسێک بەسەر ژیانەوە.

دنیایەک بە کیمیاوی گەورەبووبێ تامی سارتکی لێ دێ!

لانیکەم ژیانی ژێر هەژموونی جیهانبینی ئەمریکا کە لە سەردەمی نوێدا جیهانی لە ڕێی تەکنەلۆجیای هێز و پەیوەندییەکانەوە خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. بە ڕەچاوکردنی ئەم سەردەمە ڕستەکە هەمووی بەسەریەکەوە وای لێ دێ– ئەم دنیایە کەسی ئازا دەیخوا –

ئەم ئیدیۆمە هی سەردەمی دیناسۆرەکانیش بێ، ئەمڕۆ لای ئەمریکا لە دەسەڵاتی دەوڵەتێکی زلهێزدا پاتە بۆتەوە بە شێوەیەکی وەحشیانە. ئازایەتی ئەگەر لە کرۆکدا بۆ خزمەتی مرۆڤ نەبێ جگە لە وەحشییەت چ مانایەکی تری نییە.

گەڕانەوە بۆ حیکایەتەکەی ئیزۆپ و ژیان لەم هەرێمە بچووکەی خۆمان کە بە ترێی ڕەزەکە و خۆمان بە ڕێویەکە بشوبهێنین! ترێیەکەمان بەکیمایی گەورە بووە و ماددەیەکی مەتاتی بێتام و بۆیە، قون دڕانەکەش بۆ ڕێوی دەمینێ! لە سایەی حوکمی جەهالەتی حزبی کوردییەوە.

ئەو جۆرە وشانە مانا مەغزای فەرهەنگی جارانیان لە دەستداوە، هەر سەردەمە و فەرهەنگ دەگۆڕێ، هەر دەسەڵاتە و فەرهەنگێک بۆ خۆی ڕەنگڕێژدەکا. ئەو ئازادییەی هەیە لەهەرێمی کوردستاندا ئەوەیە کە دەسەڵاتی کوردی بە ماشای خۆی دایڕشتووە.

دوای ئەوەی بەری ڕەز خورا، کاتی ئەوەیە لەکوونە تەسکەکە! بچینە دەرەوە، تانۆکی دڕکاویی بۆچییە؟ پرسیاری جیدی تر ئەوەیە، ئەوەی لەناو تانۆکی دڕکاوی مۆڵدراوە ژیانە، یان ڕەزەکە کەوتۆتە دەرەوەی تانۆکەوە؟!

دەڵێی کاوێژ دەکەینەوە،

ئەوەی کاوێژی دەکەینەوە کایە، ئەوەی دەیهێنینەوە خوێنی خۆمانە، ئەوەی کەڵکەڵەی خستۆتە سەرمان مەرگی خۆمانە.

ئەمە وڵاتە و هەرێم نییە تا یاسا و ڕێسای بە ماشای خۆتان بۆ داڕێژن بەڕێزان! لە بیرتان نەچێ ئەمە خاکی جزیری و خانی و نالییە بە وانەوە دەناسرێتەوە نەک تاپۆی ساختەی ئێوە!  ناوی وڵاتێک بێژن بە پیاوە بچووکەکانی بناسرێتەوە؟

ئەمە وڵاتە و هەر هێندە نییە کە بەرژەوەندی ئێوە پاسی دەکا، لەو سەرەوە بۆ ئەمسەری پڕە لە گۆمی خوێن، بێ باکانە بەسەریا ڕامەبوورن.

کێ مێژووی میرنشینەکانی لە یادە؟

تێکستەکانی نالی و جزیری هەمیشە لە یادمانن وکۆن نابن،  هەر سەردەمە و بە جۆرە تێگەیشتنێکی نوێ دەخوێنرێنەوە.

## ئارکیۆلۆجیای کات و شوێن

**هەتا دنیا وێران نەبوو**
**کەس ڕەنگی لە بیر نەبوو**

ـ نزگەیەک لەگەڵ **قەرەنی جەمیل** لەدوا پێشانگەیدا:
ئارکیۆلۆجیای کات دەمانبا بۆ (ناکات)و ئارکیۆلۆجیای شوێن دەمانگەینێتە (ناشوێن).
ئەو مەنتیقە لەو تابلۆ و کەڤالانە تێگەیشتم کە قەرەنی ناوی نابوون (ئارکیۆلۆجیای کات و شوێن).
هەروەها لەوەش گەیشتم کە ڕەنگ: قیژە و هاواریشە، دیار و نادیاریشە. تەلسکۆبە بۆ دیتنی دوورایی نەبینراو، میکرۆسکۆبە بۆ نیشاندانی ناخی ئاخ! ناخی ئاخ کوێیە؟ دۆزەخە، یان بەهەشت؟ قەرەنی بە ئاماژە ڕەنگی ناردووە بۆ دۆزینەوەی کە هاتۆتەوە پەنجەی گەستووە لەحەژمەت ئەوەی دیویەتی، چی دیووە؟
دۆزەخ هێندە دوورنییە، ئەوەتا بە تەنیشتمانەوەیە و لە پێشمانەوەیە و لە ناشوێندا. دۆزەخ هەر تەنیا ئاگر و لافاو نییە، تەنیا

مەنجەنیق و ئازار نییە، وێرانەش دۆزەخە و گەورەترین دۆزەخیش لە ناخی تەنیا دایە!

قەرەنی ناخی هەڵگێڕاوەتەوە و جارێکی تر ڕووبەڕوو شوێنەواری ئەو دۆزەخەی ناخی پشکنیووە و تراژیدیایەکی تازەی لێ دۆزیتەوە. لەکۆنەوە بەو جۆرە دۆزینەوە وتراوە هونەری کاکڵە. ئەو جۆرە هونەرەش دانسقەیە. ئەوەی یارمەتی قەرەنی داوە دوو شتە، یەکیان وەستایی وکارامەیی بە تەعبیری (ئیلیەت)، ئەوی تریان جورئەتی یاریی و سەمایە لەگەڵ ڕەنگ.کارامەیی قەرەنی گەیاندووەتە ئەوپەڕی و پێشانگەکەی دەڵێی کۆتایی دنیایە و دوای ئەوە هیچی تر نییە.

ئەو جۆرە مەترسییەی نیشانی داوە ناخ هەژێنە و هەر بە تەعبیری ئیلیەت دەمان تۆقێنێ، لەدوا ساتیشدا ئەرستۆیانە ترس دەڕەوێنتەوە.

ئەو جۆرە تێگەیشتنە لە هونەر تەنیا لای ئەفرێنەرە مەزنەکان دەبینرێن.

ئەو تابلۆیانە سەمفۆنیای پێنجەمی بتهۆڤن و هاملێتی شەکسپیریان هێنامەوە یاد. لەیەکەم سەرنجەوە بۆنی مەترسی هات و گومان سەریکرد، ڕەنگی قاوەیی بەهەموو شوێنێکدا پەرت ببوو، ڕەنگی ڕەش و خۆڵەمێشیی و تۆنەکانیان و تۆنی تۆنەکانیان. بەئەندازەیەک وێرانی بڵاوببووەوە مەترسی گەیشتبووە بزنە کێوییەکانیش ئەوانیش چووبوونە سەربەرزاییەکان و لە وێرانی ڕامابوون، ئەمما چ ڕامانێک؟!
( ئەم تەعبیرە لە کەڤاڵەکانییەوە سەچاوەیان گرتووە).

*

دەمەوێ بچمە ناو ئەو دنیایەی قەرەنییەوە: ئەو هەموو وێرانییە چییە و ئەو هەموو ترسە لەکوێ هات؟

خاک جێی دەرزییەکی تێدا نەماوە ژیان پێیدا بڕوات، دەبێ دووباڵی لێ بڕوێ. ئەو هەموو قاوەییە تۆخە شتێک بوو پێیان دەوت زەوی، و ئەو شلەیە مەیلە و سپیەش کە ڕەنگی گۆڕاوە و دەڵێی ژەهرە ڕژاوە پێیان دەوت ئاو. ئەدی مرۆ؟! نادیارە، بەڵام ئەوەی دەیبینی هەمووی دۆزەخی دەستکردی ئەوە!

لەو جیهانە سەراسیمە و لینجەدا ڕۆیشتن حەرامە چ جای پیاسە، هەناسە حەرامە چ جای گۆرانی، ئاسمانیش چەند پارچەیەک شینی جێماوە لەناو بۆشایی و ئەوپەڕی غەریبیدا.

حەسوودیم بەو بزنە کێویانە هات کە گەیشتبوونە ترۆپکی وێرانیی. حەسوودیم بەو کانیلەیە هات کە لەو وێرانەیە جێمابوو. حەسوودیم بەو خەیاڵە وردەی قەرەنی هات: ئەو دوو ڕەمزەی چۆن هێناو کردی بەشایەد؟

ئێمە لەناو جیهانێکدا دەژین کۆتایە، کەچی وەکو ئەوەی نەبامان دیبێ و نە باران. خودایە! قەرەنی چۆن زاتیکرد موغامەرە بە بوونەوە بکا: لەکاتێکدا کە بینا و باڵەخانە و چی و چی دروست دەکرێ، لەوکاتەی گۆیە وڵات سەرلەنوێ دروست دەکرێتەوە، ئەو زەنگی وێرانی لێدا. هونەرمەند زمانی ڕاستەقینەی سەردەمەکەیەتی، بۆیە دەبێ بەوپەڕی جیدییەتەوە گوێ لەو زەنگە بگیرێ. قەرەنی لەو ئاگادارکردنەوەیە سنووری ناوچەیەک و مەملەکەتێکی نەکێشاوە، بەڵکو گشتییە و خەمێکی سەرتاسەرییە و بەمەش لە تخوبی شوێن و کات چۆتە دەرەوە و هونەرەکەشی هونەری ناکات و ناشوێنە.

*

دنیای بێ ئەستێرە کوێیە؟

دنیای بێ خۆشەویستی کوا؟

کاری هونەر نیشاندانی ئەستێرەیە، یان ترووسکاییی؟ وەک تەلسکۆبێک گەردیلەکان لەناو گەورداوی گەورەدا نیشان بدا؟

تامی ژیان لە خودی ژیان خۆیدایە، یان کۆپیکردنی. هاوکێشەکە ئاڵۆزە.

قەرەنی وەستایانە خۆشەویستییەکی بێسنووری شاردۆتەوە لە پشت ئەو هەموو وێرانەیەدا. ستایش و سوپاس بۆ ماندووبوونی.

# ڕەنگ و بیابانی ڕەش

## لە بیرتە کۆنە کراسی ژنێک
## پێڵاوی لاستیکی، شانەی جێماوی چی گێڕایەوە؟

لە بەشی ئینگلیزەکان بووین لە بینالی ڤینیسیا ساڵی٢٠١١. **نامیق عەلی قادر** بەتەکمەوە بوو. هونەرەکە تراجیدی بوو، دەتوت ئەنفالە. پاشماوە تۆز لێنیشتووەکان، کەلوپەل وکەرەستەی هەرەکۆن، هەواش بۆنی شوێنە کۆنەکانی لێدەهات. وتم، ها! نامیق. وتی، ماوەیەکە خەریکی ئەنفالم، بابەتەکە قورسە و دەمەوێ زۆر بەوردی کاری تێدابکەم. بابەتی گەورە، ئەگەر دانایی نەبێ تووشی شکستی هونەریت دەکا.

بینالی جۆرە پێشانگەیەکە هەردوو ساڵ جارێک دەکرێتەوە و چەند وڵاتێک لە ڕێی چەند هونەرمەندێکیەوە بەشداریی تێدا دەکەن. بینالی ڤینیسیا یەکێکە لە بینالە کۆنەکان و لە١٨٩٥وە کراوەتەوە.

دوای نزیکەی ساڵێک لەو ڕووداوە، نامیق پێشانگەی (بیابانی رەش)ی کردەوە. کۆمەڵە کارێکی هونەری خۆی بوو دوای ئەو هەموو ئەزموونەی. ئەگەرچی هەموو هێما و رەمزەکان گێڕانەوەی ئەنفالە

لەڕێی پاشماوەی کەلوپەلی مەردمەکان، هەندێکیان سووتاون و هەندێکی تریان هەرەسی ڕووداو کۆنی کردوون. ئەو دیمەنانە کە بە نەسەقێکی هارمۆنی دەخرێنە پاڵ یەک، هونەرمەند هەوڵی بەخشینی مانای تر دەدا. ئەو هێمایانە خۆیان بەسن و چ پێویست ناکاژمارە و نووسینیان لەژێر، یان لەهەر شوێنێکی کەڤاڵەکە بۆ زیاد بکرێ. ئەم جۆرە زیادانە زیان بە هونەری بەرز دەبەخشن، وەک ئەوەی لە ژێرەوەی یەکێک لەتابلۆکانی ژمارە١٨٢٠٠٠ نووسرابوو کە ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی لە ئەنفالدا ونبوون. ژمارە لەم شوێنەدا زیان بەخشە. دڵنیام ئەو جۆرە هەڵە هونەرییە لە غەفڵەتەوەیە، ئەگینا هونەرمەندێکی وەکو نامیق بۆ سەلیقە و توانا تێی نەدەکەوت.

ئەنفال تەنیا یەک ڕووداو نییە، بەڵکو کۆمەڵێک ڕووداوە، بە گوێرەی دۆخەکان و کەسەکان، جگە لە دۆخە ئینسانییە گشتییەکەی، کە هونەر ئەرکی دەرخستنی ئەو لایەنە ئینسانییەیە نەک دڕندەیی دەسەڵاتێکی دیاریکراو. بۆیە هەریەکە و لە سووچێک و لەڕووداوێکەوەدەیگێڕێتەوە، ئەوە ئەگەر هونەر ئەرکی گێڕانەوەبێ .

نامیق هونەرمەندێکی مولتەزیمە، بە ئەرکی خۆی دەزانێ وەکو هونەرمەند کار لەناو ئەو بابەتانە بکا کە موعاناتی میللەتەکەیەتی، لەبەر ئەوەی هونەرمەندێکی خاوەن ئەزموونیشە بۆیە دەبێ حساب بۆ هونەرەکەی بکرێ، ئەو بەجیدی کار بۆ هونەر دەکا و کاری بازرگانی ناکا. بابەتی گەورە حوکمی خۆی هەیە و مەرج نییە هەموو جارێک پێی بوێرین. لەم پێشانگەیەیدا هونەرمەند توانیویەتی ئەنفال بگوازێتەوە بۆ ناو مێژوویەکی دیاریکراو، بازنەیەکی ئەفسانەیی بەدەوری پاشماوەکاندا بگێڕێ و لەڕێی پاشماوە سووتاو و پشتگوێخراوەکانیانەوە پێمان بڵێ لێرە کەسانێک ژیاون قوربانی بوون، ئەمە لایەنی ئەرێنییە لە کارەکانیدا،

هەر هێندەش نا، بەڵکو ئەنفال بکا بە بەشێک لە ئێستا و لە ڕێی دیمەنی دەرگایەکی نیوەکراوەی پڕ چاوەڕوانی. جگە لە هەموو ئەمانەش، تەرخانکردنی پێشانگەیەک بۆ بابەتێک ئەمەش بایەخی تایبەتی هەیە.

ئەنفال کۆمەڵە ڕووداوێکە و هەریەکە و دەکرێ بە شێوەیەک تەعبیری لێ بکا، بەڵام بۆ بیابانی رەش؟ ڕەنگ خۆی بێلایەنە، بەڵام ئەگەر ببێت بە هێما بۆ ئازاری بێسنووری ئەو خەڵکەی لەوێ زیندەبەچاڵ و بێسەروشوێن کران، ئەگەر بکرێ بە هێما بۆ ئەنفال شتێکی ترە. بەواتایەکی تر هەم بیابان و هەم ڕەش ئەگەر رەمزی موعاناتی بەشەربن جوانە، هەردووکیان خۆیان هەڵگری مانای ئینسانی گەورەن، بەهەر جۆرە مانایەکی تر بارگاوی بکرین کە دڵڕەقی پێوە دیاربێ گوناحە و دووریشە لەکرۆکی ئینسانی هونەرەوە.

هونەر کە موغامەرەی کرد بۆ کارکردن لەدەرەوە، بیەوێ یان نا، دەکەوێتە ناو تەنگوچەڵەمەکانی جەنگ و سیاسەت و ئاژاوە لە ناوچەیەکی وەکو وڵاتی مە، چونکە دەرەوە خۆی وایە، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەیادبچێ کە هونەرمەندیش ئینسانێکی هەستیاری خاوەن سۆزێکی لە ڕادەبەدەرە، سەرەڕای ئەوەی کە هیچ بوارێک نییە لە هونەر قۆرغ کرا بێ. بۆیە دەستبردن بۆ بابەتی گشتی بڤە نییە، بەڵام وەکو خاکێکی بە مین چێنراو دەبێ بە وریایی پێیدا بڕۆی. هەردوو کەڤاڵی ئازادی سەرکردایەتی میللەت دەکا و جێرنیکای گۆیا و پیکاسۆ دوو نموونەی نزیکن لەم ڕووەوە. لێرەدا جورئەتی هونەر دێتە ناوەوە، کە وەکو تەواو کەری بۆچوونی سەرەوەم دەمەوێ ئاماژەی بۆ بدەم. جورئەتی دەستبردن بۆ ئەم جۆرە بابەتە گشتییە و جورئەتی هەڵگێڕانەوەی بۆ دەرخستنی لایەنی تری هەست پێنەکراو.

ئیدانەکردنی  جەنگ و ئاژاوە و داپڵۆسین پێویستە، بەڵام ڕاگرتنی ئاستی بەرزی هونەرییش پێویستە، هەرچەند باجی بابەت هەر دەبێ بدرێ.

ئەوەی لێرەدا مەبەستمە ئەوەیە، ئەو لایەنداریییە لە دنیای دوای مۆدرنیزمدا بەو چەشنە نەماوە، شێوەی دەرخستنی بێلایەن  شەرتە، بۆ ئەوەی بینەر حوکمی خۆی بدا لەڕێی بەراوردی دیمەنەکان و خەیاڵ و بیرکردنەوەی خۆی بگا بە ئامانجی هونەرەکە.

بەهەرحاڵ هێشتا هونەری مۆدێرن جێگەی گفتوگۆیە لای ئێمە و هێشتا جێی نەهێستووین و نەپەڕیوەتەوە. بێلایەنیی پۆستمۆدێرنە کارێکی زەحمەتە لای ئەوانەی هێشتا لەژێر باری زوڵم و پشتگوێخستن دان. تەرەفداری و بێتەرەفی پێویستی بەوەیە خۆت ڕزگارکردبێ لە باوەڕە باوەکان و مرۆڤ بە هەموو دۆخەکانی بە یەکچاو ببینی. قوربانی و جەللاد ! هەردووکیان ئەنجام مرۆڤن دەتوانن ئازار بچێژن و تامی خۆشیش بکەن.

هونەر چۆن دەتوانێ بەسەر ئەو داوە باریکەدا بڕوا ؟ ئەگەر هەندێک ئاماژەی ناهونەریی لەناو تابلۆکانی ئەم پێشانگەیەدا نەبان ، زۆر دەلالەتی پۆستیان دەدا وبەرزتر خۆیان نمایش دەکرد.

# درێژترین ڕۆژی ئەنفال

**ئەو ڕۆژە چەند درێژە**
**ئای خودایە! دەڵێی، کەس لێرە نییە**

درێژترین رۆژی ئەنفال کامەیانە؟

لەنێوان (٢٣)ی شوباتی ١٩٨٨وە کە دەکاتە یەکەمین رۆژی ئەنفال تادەگاتە شەشی ئەیلوولی هەمان ساڵ، کامەیانە؟

جیمس جۆیس لە (یۆلیس)دا ڕۆژێکی ژیانی (بلوم)ی هەڵبژاردووە و کردوویەتی بە ئەستوندەک و کەسایەتی بلوم و سەردەمەکەی بەسەردا هەڵداوە و ئێستا بە درێژترین رۆژی ئەدەبی ئەژمار دەکرێ.

درێژترین رۆژی ئەنفال، ئەگەر بەو مانا ئەدەبییە بێ، هێشتا نەنووسراوەتەوە، کەچی هەر رۆژێکی ئەو شەش مانگەی نێوان شوبات و ئەیلوول هەموویان پڕۆژەن بۆ ئەو کارە ئەدەبییە چاوەڕوانکراوە. مەرجیش نییە ئەو رۆژە پڕ کارەساتترین رۆژی ئەو شەش مانگەبێ،

ڕەنگە رۆژێکی مەیلە و ئاسایی بێ لەچاو رۆژانی تری ئەنفالدا، یان ڕەنگە ئەو رۆژە بکەوێتە دەرەوەی ئەو شەش مانگە و لەڕێی گێڕانەوەو داوی ئارمووشینی ئەدەبەوە ببەسترێتەوە بەو کارەساتەوە.

شێوەی کارکردنی ئەدەب جودایە. دەستبردن بۆ بابەتی گەورە وەستای کارامەی دەوێ.

خەیاڵی ئەدەبی فراوانە، کەس ناتوانێ مەزەندەی ئەوە بکات ئەنفال چۆن دەبێتە دەقی ئەدەبی باڵا، نەک دەقی ڕاستەوخۆی پڕ هەڵچوون و بارگاوی بە ڕقێکی لەشێوەی ڕقی بەرانبەر، فاشیانە!

ئەو جۆرە ئەدەبەی ڕاستەوخۆ دەربڕی ڕووداوە گشتییەکانن، هەڵخەڵەتێنەرە و خۆی وا نیشاندەدا کە لەو دڵسۆزترنییە، بەڵام لەگەڵ یەکەم پێچی زەمەن دەپووکێتەوە.

ئەدەبی کوردی کەمتر توانیویەتی جورئەت بکاو دەست بۆ هەندێک بابەتی گشتی لەمجۆرە ببا و نەکەوێتە ژێر کاریگەریی دەرەوەی دنیای داهێنانەوە.

مەرج نییە ئەنفال لەگۆشەنیگای یەکەمەوە (گۆشەی قوربانی و شۆڕشەوە) بنووسرێتەوە، ئەو جۆرە نووسینە مەنتیقێکی گشتی ئامادە هەیە بۆ پشتگیریی لێکردنی، بەڵام تواناو لێهاتوویی ئەدەب ئەوکاتە باش دەردەکەوێ کە مەنتیقی ئەدەبی لەدەرەوەی قەناعەتی باوەوە بێ و شتێک دابهێنێ کە ئامادەبوونی پێشوەخت نییە بۆ وەرگرتنی.

بۆ نموونە ئەنفال لەگۆشەنیگای دووەمەوە (جاشێک، یان خائینێک، یان کەسێک لەناو سوپای بەعسەوە) بگێڕێتەوە و وەستایی و خەیاڵی بەهێز و زمان بتوانێ وا لە خوێنەر بکا ئەو مەنتیقە قبووڵ بکا، ئەمەیان وردەکاریی هونەری زیاتر هەڵدەگرێ. نابێ ئەوەشمان لەیادبچێ کە دواجار ئەوانیش مرۆڤن و دەکرێ لەساتێکی تراجیدیدا ویژدانیان بجووڵێ یان ئەگەر ئەوەش ڕووی نەدا، ئەمجۆرە پاکبوونەوەیە، دەقی ئەدەبی لەناو ئەدەبدا بەرهەمی بێنێ. واتا مادامەکی ئەوەی غەدریش دەکا ئینسانە، ئەگەری پەشیمانبوونەوە مەحاڵ نییە.

مەرج نییە ئەدەبی زیندوو پاڵەوان دروستی بکا، ئەوپاڵەوانەی ژیان دروستدەکا لەساتەکانی وەرچەرخاندا. بە هامان شێوەش مەرج نییە ئەدەبی جیدی لەو ساتانەدا دروست بێ. حوکمی زەمەن سەیرە، هەندێک بابەت هەیە لەو جۆرە ساتانەدا ناتوانی بەشێوەیەکی ئاساییش باسی بکەی، تەنیا بەگریان و فیغان و لاواندەوە تێپەڕ دەبێ، کەچی پاش تێپەڕینی زەمەن دەتوانرێ بکرێ بەبابەتی هزریی و ئەدبیی. زەمەنی کارەسات جیاوازە، زەمەنی ئەدەب زۆرجار لەدەرەوەی کاتە فیزیکییەکەوە دێ.

چاو لەگەڵ ئەوەی فەزڵی زۆرە بەسەر زمانەوە، بەڵام لەبەرانبەر ئەو جۆرە دیمەنە کارەساتبارانەدا ئاوەز و زمان تووشی دەستەپاچەیی دەبێ و ئیفلیجی دەکا، ئەدەبیش بەزمان دەنووسرێ نەک بە چاو! تەنیا هونەرێک کە دەتوانێ هێزی چاو لەو جۆرە ڕووداوانە بفرێنێ فۆتۆگراف و کامێرایە.

ئەدەب پاڵەوانی ئەدەبی دروستدەکا و بەهۆی ئەفسوونی ئەفراندنەوە دەپەڕێتەوە ناو ژیان. ئایا ئەمجۆرە پاڵەوانە کاتی بەسەرچووە و سەردەم سەردەمێکی ترە؟ باوەڕم وایە ئەم سەردەمەش پاڵەوانی خۆی هەیە بەو شێوەی کە سەردەمەکە پەسەندی دەکا یان شوێنی دەبێتەوە.

تا ئێستا پاڵەوانەکانی کافکا زیندوون و ڕەنگە تا ماوەیەکی زۆرتریش بمێننەوە .

ئەدەب جێگە و پێگەی بۆ هیچ شتێک چۆڵ نەکردووە و هەر ئەویشە تا ئێستا دەتوانێ ڕەوایەتی ببەخشێ بە ژیان.

## تایلەند

**بەتیشێرتێکی پرتەقاڵییەوە گوڵی دەبەخشییەوە**
**گوڵێکم پێ بدە بیبەم بۆ وڵاتی خۆم، ئەی بوودا**

جۆ تەواو زەرد بوو، لە هەندێک شوێندا دروێنەش کرابوو. دیمەنی ئەوکاتەی ساڵ سەرنجڕاکێشە بە تۆنی ڕەنگ و جموجووڵی باڵندە و فەزای زەردایی کە جۆرە ئارامییەک دەبەخشێ بە دەروون.

ئەو بەیانییە زۆر هێمنتر خۆی دەنواند، یان من لەگۆشەنیگایەکی ترەوە دەمڕوانی؟

سەفەر بۆ وڵاتی یاجوج وماجوج، بۆ دنیای بێ بنی ڕۆژهەڵاتی دوور جگە لە خۆشی هەستێکی نامۆشی لا دروستکردبووم.

بەر لەسەفەر هەندێک زانیارییم لەبارەی تایلاند و چین- ەوە هەبوو. چینم لەڕێی (ماو) و شۆڕشەکەیەوە دەناسی.بەڵام سەبارەت تایلەند هەر هێندەم دەزانی کە وڵاتێکی هەژارە و پشت بە گەشتوگوزار دەبەستێ بۆ بژێوی خەڵکەکە و حکومەت و ئاینی بوودایی پەیڕەو دەکەن.

ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٦ بوو. سەفەرەکەم لە هەولێرەوە بۆ بەغداد و لەوێشەوە بۆ عەممان و ئینجا تایلەند و چین بوو.

بەیانی زوو بەسەیارەیەکی جێمسی بەرەو عەممان بەڕێ کەوتم، شۆفێرگەنجێکی خانەقینی بوو. کە گەیشتینە لای ئەبوغرێب بیرەوەری ساڵانێکی هەشتاکانم هاتەوە یاد.پێنج ساڵان لەوێ لە زانستگای کشتوکاڵ خوێندم .

لەناو ئۆتۆمبێلدا شریتی ڕابردووم دەخولایەوە. لەحەفتاوسێوە تا حەفتاونۆ تەنیا ساڵێک پێشمەرگایەتی و دەنا ئەوی تر هەموو ساڵێک نزیکەی حەفت مانگ لەو ئەبوغرێبە ژیاوم. ئەوکات گەرمەی چالاکی ئەدەبی بوو. ئەبوغرێب چونکە لاچەپ و هێمن بوو، هەمووشی دارستان بوو، شوێنێکی گونجاوبوو بۆ خوێندنەوە و لەهەمانکاتیشدا بۆ ڕامان و بیرکردنەوە. لەم ڕووەوە زۆر سوودی هەبوو بۆم.

لە ژیانمدا زۆر بایەخم بە شوێن داوە، بەڵام هەمیشە غەریب و نامۆش بووم تێیدا.

ڕابردوو هێزێکی ئیحاییە،هەمیشە بە تەکمەوەیە و گوڕوتین دەبەخشێ بە ئێستام، بۆ وانەبێ ئەدی ئەزموون و شارەزایی چییە؟ ئەوانەی لەڕابردووی خۆیان ڕادەکەن، ئەوانەن کە باوەڕیان بە ئێستای خۆیان لەقە.

مرۆ لە درەخت دەچێ بەوەی لە ڕابردووی خۆی دانابڕدرێ،هێزی سەوزایی پەیوەستە بە ڕابردوویەوە . هەور ڕابردووی بارانە، بەڵام هێزی ڕووبار لەوەدایە هەردەم لە تەکاندابێ بۆ پێشێ. ڕابردووی ڕووبار زەریایە یان دڵۆپێک؟!

ڕۆژی سەفەرم یەکشەممەیە. ئەو ڕۆژە ئەگەرچی سەرەتای هەفتەیە، بەڵام ڕۆژێکی دیاری هەفتە نییەلای ئێمە وەکو ئەوروپا. لەناو ڕۆژانی هەفتەدا یەکشەمە نەسەری سیرە نەقونکی پیازە.

مانگی جۆزەردانە و بە ڕێگایەکی قیرتاوی نێودەوڵەتیدا کە درێژییەکەی پێنجسەد کیلۆ مەترە  بە خێراییەکی مامناوەندی دەڕۆین ، لەبەر ئەوەی لەهەر چەند دەقەیەکدا تووشی  ئۆتۆمبێلی ئەمریکییەکان دەبین و دەبێ ڕێگا بگۆڕین و خێرایی زۆر کەم بکەینەوە.

چەند خوولەکێک و گەیشینە زیندانی ئەبوغرێب. قوللەی پاسەوانەکان بەدەوری زیندانەکەوە بەرزکراونەتەوە، ئەو زیندانەش دەناسم و ماوەی دووساڵ هەموو مانگێک دووجاران سەردانیم کردووە بەهۆی چەند برادەرێکمەوە کە زیندانی بوون. ئێستا پڕە لەخەڵک. ئەوانەی ئێستا لەوێ زیندانین هەندێکیان دەسەڵاتدارانی ئەوسای زیندانەکەن. لەبەردەم دەرگای زینداندا ژمارەیەک خەڵک وەستاون ئەوسا و ئێستا هەر ئەو خەڵکەن: دایک و باب و کەسوکاری زیندانییەکان. ئەو خەڵکانە بەشیان لە ژیاندا هەر هێندەیە.

ئەوەی هیلاکە بە ژیانەوە کەمترین بەشی پێ براوە و ئەوەی خوا پێداوە کەمترین ڕەنجی بۆ ژیان داوە.

ئێوارە بوو گەیشتینە عەممان، کاری خۆمان ڕێکخست و ڕۆژی دواتر لە فڕۆکەخانەی عەممانەوە فڕین .

لەو ئاسمانە بەرینەدا هەستم بەهیلاکی دەکرد بەڵام سیحری ڕۆژهەڵات ئارامی پێدەدام. لە بەرزییەوە دەتووت بە باڵی خۆم دەفڕم، ئەو کاتەی لەناکاو زنجیرە شاخێک لەسەر زەوی دەرکەوتن تەماشای شاشەی بەردەمی خۆم کرد لایەکمان دەریای عومان و لایەکمان

مەکران و کەراچییە. کێوەکانی مەکران شوێنی نیشتەجێی کوردە براخۆییەکانی بلوچ. خەیاڵ دەفڕێ بۆ دوور: ئەوەی دەیەوێ با باوەڕ بێنێ و ئەوەی دەیەوێ با کوفر بکا! بەر لەچەندین سەدە لە مەملەکەتی مادەوە چەند هەزار خێزانێک پەڕاگەندەی ئەو شاخانەبوون کە ئێستا بەئاسمانیەوەم. ماوەیەک میرەکانیان حوکمی ئەو شوێنانەیان کرد.

چەند لەیەک دەچن کێوەکان لێرەو لەوێ!

چیانشین کە چاویان بەشاخ دەکەوێ باڵ دەگرن، سارانشینیش کە بیابان دەبینن دین دەبن!

بیابان مەئوای عیشقە، بۆیە مەجنوون کردی بەماڵی، لای ئێمەش یەکێک ئەڤیندار و شەیدا و یاخی بێ دەڵێن، دایە کێو!کەچی کەس وەک عاشق بێئاگا نییە لە شوێن. سڕینەوەی شوێن دۆخێکی سۆفیانەیە، گەیشتنە بە دۆخی باڵا کە هەردوو توخمی زەمەن و شوێن دیار نامێنن. ئەوەی لای من ڕوودەدا گەڕانەوەیە بۆ دیرۆکی شوێن، هەڵکۆڵینی شوێنە بە دمکی زام وەکو فەرهاد و بێستوون. ئەوەی تر کە پەیوەستە بە مێژووی مەکرانەوە ئێرە شوێنی ناسکردنی نییە.

کەنداوی بەنگال و هەندێک وردە دوورگەمان بڕی و نیوەڕۆ گەیشتینە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بانکۆک. ڕەفتاری فەرمانبەرانی فڕگە سەرنجڕاکێش بوو، هێمن و لەسەرخۆ و بێفیز، ڕێز لەبەرانبەر دەگرن، ناچارت دەکەن خۆشیانت بوێ. بیست خوولەکێک زیاتری ویست تا گەیشتینە ناوشار. بانکۆک دەتووت، بووکە لەباوەشی کەنداوی تایلەنددا دەڕەقسێ. لە ئوتێل دابەزین و چێشتخانەیەکی گونجاومان دۆزییەوە، خەڵکی عەرەب و فارسی لێبوو، کابرایەکی

فارس کەوتە قسە لەگەڵمدا و وتی، بەقەڵەمەکەی سەرگیرفانتەوە زانییم کە نووسەری! کێ پاندان هەڵدەگرێ جگە لە نووسەر؟ وتی، ئێرانی لێرە زۆرن، دەمێکە ئەو دوورگەیەمان دۆزیوەتەوە.

ئێوارە، لەقاتی خوارەوەی ئوتێل چەند کچێک مەساجیان دەکرد. مەساج بیدعە نییە بەڵکو وەرزشێکی گرینگی لەش و ڕووحە لەو وڵاتانەدا. لەماوەی یەک کاتژمێردا قاچەکانیان شێلاین و دەست وپەنجە و کەللەسەر و دەمارەکانی سەر شان ومل، هەتا تەواو هیلاکی دەرچوو لە جەستەی ماندوومان. بە دیواری شوێنی مەساجکردنەوە نەخشەیەکی قاچی مرۆ هەڵواسراوە، دەمار و ماسوولکەکان دیاریکراون و بۆت باسدەکەن چۆن هەریەکەیان بەستراوەتەوە بە ئەندامێکی جەستەوە. قاچ تەنیا ئەندامی تایبەت بە ڕۆیشتن وجووڵە نییە، بەڵکو ئەندامی ئیسراحەت بەخشینە بەئەندامەکانی تر، هەتا ئەو ئیسراحەت نەکا مەحاڵە ئەوانی تر ئیسراحەت بکەن. لای خۆشمان شتێکی لەو جۆرە هەیە، بەڵام سەرەتاییە، کاتێک کە هیلاک دەبین قاچمان دەخەینە ناو تەشتێک ئاوی ساردەوە.

یەکەم شت کە دەیبینی لەتایلەند زەردەخەنەیە و دوا شتیش کە دەیبینی هەر زەردەخەنەیە. کولتووری ئەوان پشتی بە دوو کۆڵەگەی بلوورین بەستووە، ئایینەکەیان کە زۆرینەیان بوودایین و تاسەر ئێسقان گۆشکراوی خۆشەویستی و لێبووردەیین.(٤٠٠) هەزار شوێن و پەرستگای بوودایی لەتایلەنددا هەیە و (٤٠) هەزاری لەناو بانکۆکە. کۆڵەکەی دووەم، کولتوور و ڕێنماییەکانی پاشایە بۆ خزمەتی گەشتیار.

هەر کارێکی دەیکەن سەرەتا دەستیان بەیەکدا دەدەن و هەردوو دەست بەرزدەکەنەوە تا ئاستی چاویان و ئینجا دەنووشتێنەوە و دەست بەو کارەدەکەن کەمەبەستیانە ئەنجامی بدەن. دیمەنیان زۆر ئینسانی هاتە پێش چاوم و زۆر ئارامی پێدام.

بانکۆک دە ملیۆنی تێدا دەژی و کەمترین کێشەی تێدا ڕوودەدا. ناوەکەی مانای شاری فریشتان دەگەیەنێ و ئەوان شانازی بەوە دەکەن کە تا ئەمڕۆ وڵاتەکەیان لەلایەن هیچ دەوڵەتێکی ترەوە داگیر نەکراوە.

بوودا هەر تەنیا پەیامبەر نییە و بەس بەڵکو ڕووحی ئەو لەهەموو جێیەکدا دەبینی، لە کردار و گوفتاری گەورە و بچووکی خەڵک، لە شەقام و کۆڵان، لەناو خێزاندا. ئەو شوێنەی پەیکەری تێدایە بۆن و بخووری بۆ دێنن، رازی خۆیانی لادەدرکێنن، قوربانی بۆ دەدەن و گوڵی زەردی بۆ دادەنێن وکڕنووشی بۆ دەبەن.

بانکۆک کەوتۆتە سەر ڕووباری (چاوفرایا)و هەندێک لەبەر ئەو هەموو کەناڵ و لقەی هەیەتی و بەناو شاردا بڵاوبۆتەوە بە ڤینیسیای ڕۆژهەلاتی دوور ناوی دەبەن، ئەو شارەی ئیتاڵیا کەبووکی سەر زەریای ئەدریاتیکە.

تایلەند سێ کەشی هەیە، بەهارێکی گەرم و هاوینی گەرم و باراناوی و زستانی کەمێک سارد، سەیرە پایزیان نییە!

زمان و ئەلفوبێی تایبەتی خۆیان هەیە و ساڵی خۆشیان هەیە لەوکاتەوە دەستیپێکردووە کە بوودایان ناسیووە و باوەڕیان هێناوە، ٥٤٣ ساڵ دەخەنە سەر ساڵی لەدایکبوونی مەسیح و دەبێتە ساڵی تایلەندی.

بوودایی نەبا هەژاریی و ئەو تەشقە شێتەیان چۆن بەڕێدەکرد ئەو پێست زەردە کەنارییانە؟!

هێشتا هەرزاڵەی رۆژهەڵات زۆر شوێنی ماوە تاشتومەکی سەمەرە و گرانبایی لەسەر هەڵبخەین. کووپەی سیحری گەورەگەورەی ماوە تائێستا پیاڵەی تێ نەخراوە و قومێکی نەخوراوەتەوە، هەندێکیشی ئەوەندەی خوراوەتەوە سێ هێندەی پڕبووەتەوە.

ئەو رۆژهەڵاتەگەنجینەی قاڕوونە کۆتایی نایێ.

گێڕانەوەی حیکایەتەکانی بوودا و شوێنکەوتووانی شانامەیەکی هەزار لاپەڕەی دەوێ.

ئەبو عەلی ڕوودباریی لەبارەی بایەزیدی بەستامییەوە وتوویەتی: (بایەزید لەنێو قەومدا هەتاوێکە بەسەر هەموو عالەمدا دەدرەوشێتەوە). ئەو وەسفە بۆ بوودا شیاوە و پتریش: نەک هەر هەتاو ئاویشە بۆ هەموو عالەم جگە لە دەدرەوشانەوە تەڕو پاراویشیان دەکا، ئاسمان و زەوی پڕاوپڕکردووە لە ئیلهام.

لەتایلەند ئەدەب و هونەر هێندە چۆتە ژێر سێبەری ئەو ئایینەوە کەسایەتی خۆی لەدەستداوە، ئەگەر شیعر و هونەر ئەوەندە پایەیان بڵند نەبایە دەمووت چ قەیدی دەکا، ئەو بوودایە خۆی هێندە سادە و بێ فیزە و ئەو نەتەوانەش هێندەی تر خاکییان کردووە، لەپلەی خواوەندەکەچی هەندێک جار هەستم دەکرد لە شەقامێکدا بە شۆرت و نەعلێکی قایشەوە بە تەنیشتمدا تێدەپەڕێ و شانی بەرشانم دەکەوێ، کە ئاوڕدەدەمەوە دەست بەیەکدا دەداودەنووشتێتەوە داوای لێبووردن دەکا! لێبووردن نەک هەر وشەیەکی جوانە دیمەنی نمایشکردنیشی جوانە.

تایلەند ماوەیەکی زۆر بە تەنیشت کوورەی ئاگرەوە بووە و پڕووشکی بەرنەکەوتووە. لایەکی فێتنام ولاوس و لایتری کەمبۆدیا. ئەو وڵاتانە سەرچاوەی شۆڕشێکی سووری ئێجگار خوێناوی بوون، کەچی تایلەند نە شۆڕشی تێدا قەوماو نە شەڕوشۆڕێکی ئەوتۆش کە ببێتە مایەی وێران بوونی. خوێندنەوەی ئەو جۆرە مێژووە سەلیقە و جورئەتی دەوێ: کێ چاکی کرد و کێ خراپ؟ ئەو میللەتانەی شۆڕش و شەڕیان تێدا قەوما ڕووبەڕووی ئەو جۆرە پرسیارانە دەبنەوە لەلایەن نەوەکانی خۆیانەوە.

تایلەند لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیشەوە جێگیرترە لە دەوروبەرەکەی، ئایا لەبەرئەوە نییە کە شەڕ نەیهاڕیووە؟

پرسیاری بۆنە و جەژنەکانم کرد، وتیان جەژنەکانمان یەکیان جەژنی ئاوە کە سێ ڕۆژە و ئەوی تریان هی کامڵبوونی مانگی تابان و ئەوەی تر هی سەری ساڵە لەگەڵ هەموو دنیا و ڕۆژی شوکریشیان هەیە کە لە ئەمریکا و لە چینیشدا هەیە، سەرای ڕۆژی جووتیاران و ڕۆژی مەرگی شاژن! لەم بۆنانەوە مێژووی وڵاتەکەت بۆ دەردەکەوێ.

سێ چوار ساڵ پێش ئێستا، درەختێکیان هێنایە کوردستان ناوی واشنتۆنیایە. داری جوانییە، بەرگەی گەرما دەگرێ و بە تەمەنە، قەدێکی باریک و ڕێکی هەیە، لە تەوقی سەریدا هەندێک گەڵای سەوز هەیە ساویان لووسە و دیمەنیان جوانە. دارێکە بۆ جوانی پاراستنی ژینگە و لە شێوەی دار خورمایە. هەندێک لەوانەی دەماری نەتەوەپەرستیان گرژە، کەوتنە دژایەتی ئەم درەختە بەسەزمانە، وتیان، ئەوە ڕەمزی عروبەیە! دار بوونەوەرێکی بێلایەنە کەچی مرۆ بیانووی پێ دەگرێ! ئەم جۆرە درەختەم پێشتر لە بەغداد دیوە و

سۆزێکی ئینسانیشم هەیە بەرانبەری و بەدەست خۆم نییە کە دەیبینم مەجنوونم بە بیردێتەوە. ئەو واشنتۆنیایە لەشەقامەکانی تایلەند زۆرن.

داریش مەغزایەکی ئینسانی هەیە. محەمەدی پێغەمبەر جوانی وتووە، داری خورما کچە ئامۆزای بەشەرە! هەندێک شوێن هەن بە دار دەناسرێنەوە، دارگوێزی هەورامان و دار هەناری شارەبان، هەن بە تاقە دارێک وەکی داری شەکران لەناوچەی زرارەتی هەولێر، شوێنەکە بەو تاقە درەختە دەناسرا، بەداخەوە ئێستا نەماوە.

ڕۆژهەڵاتی دوور ناسراو نییە بۆ ئێمە، لەکۆندا چین لە ڕێی ئاوریشمەوە ناسرا بوو، بەڵام تایلاند لە ساڵانی هەشتاکاندا بە هۆی جۆرە برنجێکەوە ناسرا کە لەوێوە دەهات، هەروەها بازرگانی قوماش

.

شتێک کە لە هەموو شتەکانی تر سەرنج ڕاکێشترە ئەوەیە، بوودایی بۆتە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک و وەکو هەموو شتێکی ئاسایی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرێ. بوودا نە هەڕەشە لەکەس دەکا و نە شمشێری بە دەستەوەیە، خودایە لە جەستەی مرۆڤدا.

## ئەندێشەی ڕووبار

**کۆن کە بەردەوام بوو نوێیە**
**زەمەن بە شەپۆل دەپێورێ نەک بە کەنار**

ڕووبار هەمیشە ئێستایە،ئەم ڕستە شیعرییە نزیکترین بیرۆکەیە لە بیرکردنەوەی من.

ئەگەر داهاتوو زەریابێ بەگوێرەی ئەومەنتیقە، ئەوا دەبێ ڕابردوو دەزوولە ئاوی بن تاشەبەردان بێ.

ئاو لە تاریکاییەوە بەزەحمەت دێ و چینی خاک هەڵ دەدڕێ و دەبێ بە چەم و ڕووبار.

هەریەک لەو سەرەتا و کۆتایە جێگەی بایەخن، بەڵام حیکمەت لە ئێستادایە.

ڕووبار چەشنی مرۆ گەنجیی و پێگەیشتن و پیریی هەیە. هەر قۆناغێکیش لەو قۆناغانە شێوەی ڕژان و پەیوەندی لەگەڵ خاک و چڕی وجۆڕی ڕەوتی دەگۆڕێ. هەستێک هەیە لە ڕووباردا،کاتێک زەوی هەڵدەدڕێ تا ئەو شوێنە قووڵدەبێتەوە کە دەگا بەئاستی ڕووی

دەریا! چۆن دەزانێ ئەوە ئاستی ڕووکاری دەریایە؟ ئەوە نهێنییە، یان پرۆسەیەکی فیزیکی ڕووتە؟ ئەی ڕووبار چۆن هەستی پێ دەکا؟ نازانم.

که له قۆناغی پێگەیشتنیش دایە بە خێرایی ئەولاوئەملای هەڵدەدڕێ و شەپۆل دەدا، کە دەگاتە پیریی ئیتر قورس دەڕوا، ڕێک دەڵێی مرۆڤە.

هەر ڕووبارە و ناوی خۆی هەیە لە هەندێک جێگا چۆم و جۆگەش ناوی خۆیان هەیە. کەواتا، ڕووبار لەیەکەم هەنگاوەوە هەوڵی بۆ گەیشتن بە دەریایە .

لە زمانی کوردییدا دەریا و ڕووبار دوو وشەی دوورن لە یەکتر لەڕووی پێکهاتەی دەنگ و حەرفەکانەوە، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیشد sea,riverا. کەچی لە عەرەبیدا بحر و نهر نزیکن لە یەک هەر یەک حەرفیان دەگۆڕێ.

ئایا دەریاکان سەرەتا دروست بوون ئەوجا ڕووبارەکان، یان بە پێچەوانەوە؟ بە گوێرەی گێڕانەوەی دروستبوونی گەردوون بێ، دەریاکان کۆنترن وبەر لە دروستبوونی زەویشن. کەچی مەنتیقی سادە ئەوەیە هەموو شتێک لە بچووکەوە دەست پێدەکا، ئەو مەنتیقە زۆر خۆی ناگرێ لەبەردەم پرسیاری زانست و عەقڵدا. سەرەتاییترین پرسیار ئەوەیە، مادامەکی سێبەشی دنیا ئاوە، کەواتا گەورە پێش بچووکە و زەریا بەر لە ڕووبارە!!

ئاوی ڕووبار و دەریا ئەمیان سازگارە و ئەویان سوێرە. ئاوێکیش هەیە لە قووڵایی دەریاکان دا هەڵدەقووڵێ سازگارترین ئاوی گەردوونە و ڕێژەی لە هەموو ئاوە سازگارەکان زیاترە.

ئەو پرسیارەی دەریا و ڕووبارە، پرسیاری مریشک و هێلکە نییە. دەکرێ شۆڕی بکەینەوە بۆ زۆر بواری تر.

هۆمیرۆس لەسەرەتاوە چۆڕێک بوو ....تاد. شیعریش دەریایە و بەر لە وشە دروست بووە...تاد. ( بیرۆکەیەکی میتافیزیقی).

ئینسان دروست بوو ئەوجا نێر و مێ و پاشان نەتەوە و چی وچی. گوڵ دروست بوو ئەوجا جۆر دۆزرایەوە...تاد.

هەردوو مەنتیق دژ بە یەک خەیاڵدانی بەشەریەت دەجووڵێنن، زەحمەتە بتوانن تاسەر قەناعەت بەکەس بێنن.

هەندێکجار بەناو ڕەشنووس و کۆنە کاغەزی ڕەشکراوی خۆمدا دەگەڕێم، هەندێک بیرۆکەیان تێدا دەبینمەوە کە شایستەی ئەوەن تێکستی وایانم لێ هەڵێنجابایەکە خۆمی پێوە بابدەم. ڕستەی وای تێدایە دەستپێکی شیعرێکن. پڕۆژەی ئەوتۆشیان تێدایە داخ دەخۆم جێبەجێ نەکراون. ڕەشنووسەکان خۆمن بەهەموو شکست و پەشیمان بوونەوەکانەوە، ڕابردووش بەوەوە جوانە کەهەندێکی با بردوویەتی!

هەر لەبارەی رابردووەوە:

-بەشێکی وەکو ترێیە و لەگۆزان کۆکراوەتەوە (بەبێ ئەوەی پێ بزانی) بۆتە شەراب هەر کە ویستت دەفری خۆتی تێ دەهاوێی و ساتێکی ئێستای پێ دەخرۆشێنی.

- ئەوەی تر دانسقەی پارێزراون لەناو دەقی شووشەییدا وەکو کەرەستە و کەلوپەلی ناو مۆزە دەبێ هەر تەماشایان بکەی و دەستیان لێ نەدەی.

- هی تریان سێبەرن، بۆماوەن هەتا هەتایە هەر دەکشێن.

- باقییەکەشی خاپەرۆکە و لەسندووقی گەورەدا هەڵدەگیرێن و ماوەماوە پاک دەکرێنەوە نەوەکو وردە زێڕیان تێدابێ!

ئەوانە لایەکی ژیانن بەهاوبەشی لەگەڵ دەقەکانم و ئەوەی خوێندوومەتەوە و ئەوەی لەنەوەی پێش خۆمەوە بۆم ماوەتەوە. هەندێکی هێندە گوشراون هەر توێکڵیان بەحاڵ ماوە. ئەم جیهانە سیحرەکانی بەتاڵ نابن، مانا و مەغزای بەسەرناچن، ئەوەی بوو بوو، ئەوەی نەبوو جارێکی تر چەشنێکی تر دێتەوە.

(بوون بەڕووبارم مەبەستە) هەموو شتێک ئێستایە. تەڕاتی بن گاشەبەردی کێوەکان دوور، ئێ زەریاش دوور.

ئەو دەنگە دوورانە فریام ناکەون، ئەو قەناعەتە کۆنانە باوەڕم پێ ناهێنن، ئەو ئاوازانە لەخشتەیان نەبردم. پشتم لە جیهانی مردووان و ڕێی خۆم ئەوەیە دەیگرم، ئەم سەفەرە (حەجە!) هەر دەبێ بکرێ، کەس نییە ڕێگای خۆی نەبێ .

هەر جارەو پڕۆژەیەک یان یەک دوو بیرۆکە و چەند ڕستەیەک لەوانەی رابردوو دێنەوە سەرێ :

(فێتنامییەکان هەموو توانایان دا بە جەنگ، وێرانەی دوای جەنگ چۆن دروستدەبێتەوە؟). ئەو بیرۆکەیە بۆ ئێمەش پەسەندە، بۆ زۆرانی تریش .

(جەزائیرییەکان فەڕەنسایان شکاند کە گەڕانەوە هێزی دروستکردنیان نەمابوو). هەروەها .....

(ئەمریکاییەکان لەجەنگی ناوخۆدا بردیانەوە! ئەمریکایان دروستکرد). وەک خۆیان . کێ لەوان دەچێ؟

(کوردەکان لەجەنگەکاندا لەت لەت بوون، چونکە بێکەس بوون خوای جەنگ فریایان کەوت و ڕەشەبای ناردە گژ لەشکری دوژمن، برووسکە

دای لەئۆردوو و بارەگاکانیان، ئەنجام جەنگیان بردەوە! چونکە خۆیان جەنگەکەیان نەبردبووەوە خۆیان بەبراوە نەدەزانی! هەتا رۆژێک باڵندەیەک چووە خەونی سەرکردەیەکییانەوە و شتێکی پێ وت. سبەینێ هەرچی حەکیمی وڵاتە قسەی تەیرەکەی لێکدەدایەوە. هەتا یەکێک پەیدابوو وتی، ئەو هەمووە و قسەی مەلێکی بۆ لێک نادرێتەوە. ئەو مەلە دەڵێ، نیشتمان هێلانەیە تێکی مەدەن)!.

ئەم پڕۆژەیە بۆ چیرۆک و بۆ دراما دەشێ، دەکرێ لەناو بیرەوەریشدا جێگەی بکرێتەوە.

ڕستەیەک دەشێ دەستپێکی شیعرێک بێ: ئەوسەرو ئەمسەری بوون چاکەیە (منداڵی و خواوەندی)، خراپە چۆن جێگەی بووەوە و ئەو هەموو شوێنەی داگیرکرد؟! بوودا هەردوو جەمسەری لەیەک گرێدا و منداڵی بردە لای خوداوەند و خوداوەندیشی هێنایە لای منداڵی! مەسیح کە نەیتوانی خۆی چووە لای خودا. ئەوبەینە چەند گوشادە بۆمن؟! هەردوولا بەرگوشادن هەم منداڵی و هەم خودا! ئەوانە ڕابردوونین هەردەم ئێستان. مەسیح کۆن نەبووە، بوودا کۆن نەبووە، ئەوانە خۆیان ڕووبارن!

## به بیانووی بینینێکەوە

**دوور نزیک دەکاتەوە  دڵ**
**نزیکیش بە هەناسە دەشکێ**

مرۆڤ دەشکێ کە هەلێکی بۆ دەڕەخسێ و ناتوانێ بیقۆزێتەوە.

لە یەکێک لە سەفەرەکانم بۆ پاریس لە قاوەخانەی دیفلۆر کەسێکم بینی دڵنیابووم شیمۆس هینی شاعیری ئیرلەندی - یە. پێشتر لەڕێی خوێندنەوەی بەرهەمییەوە دەمناسی، بەبۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبلەوە زۆربەی بەرهەمەکانیشیم خوێندبووەوە، ئەوانەی کراون بە عارەبی. چەند ساڵێکیش بەرلەئێستا لەڕێی برادەرێکەوە بیستم کەمێک ئاگاداری هەیە لەبارەی ئەدەبی کوردییەوە، بەقسەی ئەو برادەرە بێ ناوی بەشێک لە شاعیرانی نوێی کوردی پێ ئاشناکردووە. من زۆر دڵم بەو قسانە خۆش نییە، خۆم لە هەندێکیانم دیوە، جگە لەوەش جۆرە خۆپەرستییەک هەیە لای تاکی کورد کە ناتوانێ بە ئاسانی دەستبەرداری بێ. بەهەرحاڵ مەبەست لێرە ئەوە نییە.

دیتنی هینی بۆ من هەلێک بوو، بەداخەوە جارێکی تر دووبارە نەبووەوە و کۆچی دوایی کرد.

هینی لە قۆناغی خوێندنی زانستگادا دەستی بە شیعرنووسین کرد، دواتر ناوبانگی لە ئێرلەندا وجیهان زۆر بڵاو بووەوە و ماوەی چەند

ساڵێک بەهۆی نەخۆشییەوە توانای نووسینی نەما، دواتر دەستی پێکردەوە. بەشێک لەبەرهەمەکانی کراون بە عارەبی، ئەوەی سەرنجم داوە وەرگێڕانی شیعرەکانی قورسن لەبەر ئەوەی بە زمانێکی شیعریی مەیلە و کلاسیک و بارگاوی بە فەزای ئەفسانەی کۆن دەنووسێ و بە سوودوەرگرتن لەو فەزایە بایەخێکی زۆر بە دروستکردنی ڕستە و پێکهاتەی نوێ دەدا. سەرگۆن پۆلس هەوڵی داوە هەندێک لەو ئەزموونەی شاعیر بە جوانی بگوازێتەوە لە کاتی وەرگێڕانی بەشێک لە شیعرەکانیدا.

بەداخەوە زمان بەربەست بوو لەبەردەممدا نەمتوانی تەعاروفی لەگەڵ بکەم. ئەو لەگەڵ ژنێک لە نزیکمەوە دانیشتبوو، وەکو خۆ هەڵقوورتاندنێک پێم زەحمەت بوو ئەو بەربەستە دەروونییە ببڕم، هەرچەندە پێشم خۆش بوو.

شیمۆس هینی حەفتاوچوار ساڵ ژیا و ٢٠١٣ مرد. دوای ییتس بەگرنگترین شاعیری ئێرلەندا دەژمێردرێ.

ئەو موعاناتەی خۆم لای برادەرێک باسکرد، کەچی وتی، من شاعیری گەورەی نیکاراگوا ئەرنستۆ کاردینال ـ م دی، لە بۆنەیەکی جیهانی و لەگەڵ ئەدیبێکی تر وەرگێڕیان لە نێواندا بوو. کاردینالی شاعیر و قەشە، ئینگلیزی زانیووە، بەڵام دیارە وا نەبووە بتوانێ باش تەعبیری پێ بکا، ئەگینا ئەو لە ئەمریکا خوێندوویەتی.

لە هەشتاکانەوە جۆرە بۆچوونێک هەیە لە ئەدەبدا کە پێی وایە، داهێنان قایمترین سەنگەرە بۆ بەرگری و پاراستنی مانەوەی میللەتی زوڵملێکراو، نموونەی ئەم بیرکردنەوەیەش ئەدەبی ئیرلەندییە. ئەو ئەدەبە لە شۆڕشی ئێرلەندی زیاتر ناوبانگی ئێرلەندای بە دنیا ناساند. شۆڕش دەبێتە بارگرانی بەسەر شانی میللەتەوە، ئەدەب هەمیشە ئەو

باره سووک دەکاو واش لە میللەت دەکات بە ڕۆحێکی بەهێزتر ڕووبەڕووی ئێستاو داهاتووی ببێتەوە. من زۆر باوەڕم بەم بۆچوونە هەیە لە کۆنەوە. ئەو کاتەی هەشتاکان بەشێک لە ئەدیبان پێیان وابوو چوونە ناو شۆڕش گرنگە، من بە پێچەوانەوە بۆچوونم وابوو ئەم جۆرە ژیانە زیان بە ئەدەب دەگەیێنێ و بە نێگەتیڤ کار دەکاتە سەر سەلیقەی ئەدەبی.

(دبلن)ی پایتەختی ئێرلەندا بە قیبلەی وشەی نووسراو وەسف دەکرێ. هێندەکتێبخانەی تێدایە، ئەوەندەش بایەخ بە ئەدەب دەدرێ بۆیە یۆنسکۆ سالێکیان کردی بەشاری یۆنسکۆ بۆ ئەدەب و رۆشنبیریی. بینای گەورە و شەقامی فراوان ڕووی گەشی شارن، کتێبخانە ناخ و ڕۆحی شارە. دبلنم نەدیوە بەلام لەو شارانەیە کە لەڕێی ئەدیبەکانییەوە دەیناسم .

ئەو هەموو ساڵە بەسەر ئەو دیتنە یەکلایەنییە تێپەڕیوە من هێشتا ئەو گرێیەم لە دڵدا نەکراوەتەوە. ئەدیبی کورد نموونەی ئەدیبی ئەو میللەتە بێکەسانەیە کە دێ و دەنووسێ و دەمرێ جگە لە هاوزمانی کەس نایناسێ! ئەو دۆخەی بۆ من لوا، ڕەنگە لە ڕووی قازانجی ئەدەبییەوە شتێکی وەهای لێ شین نەدەبوو، وەلێ ئەو جۆرە دیدارانە خۆشییەکەیان پێش سازبوونیانە، چونکە من پێشتر ئەو نووسەرەم لەڕێی بەرهەمەکانییەوە دەناسی و وێنەیەکم لە خەیاڵی خۆمدا بۆ کێشابوو. پاشان کێ دەڵێ ئەو جۆرە دیتنانە هەر لە سنووری ئەو دیدارە کورت دەبووەوە، جاری وایە بە ڕێکەوت کەسێک دەناسی دواتر تا ماون دەبن بە دۆست و ...تاد.

ئەگەر تەمەن باقی بێ دەبێ ڕۆژێک لەسەر گۆڕەکەی بچەمێمەوە و کێڵەکەی ماچ بکەم لە بری تەعاروف.

# هەندێک دیمەن لەڕۆژژمێرەوە

**لاپەڕەکان هەڵمەدەوە دەترسم بتدۆزنەوە**
**بێدەنگیت بشکێنن، گلێنەت دەربێنن**

**هەولێر:**

– جەنگ بەردەوامە و ئێران لە چوارتاوە هاتۆتە ناوەوە و دوێ شەو ناو سلێمانیش تۆپباران کرا، ئەوە گۆڕانێکی ترسناک بوو. خەڵکەکە مەترسییەکی تریشی بۆ دروستبوو. فڕۆکە بەس نەبوو ئەمەشی هاتەسەر. ئەو وڵاتەی ئێمە هەر شەڕگەی دوژمنەکانییەتی.

– هەندێک کەسیان لەناو شار گرتووە و ناردوویانن بۆ بەرەکانی جەنگ کە لەژیانیاندا دەستیان بەر چەک نەکەوتووە، بەو خەڵکە چۆن شەڕ دەکرێ؟!.

– پاسێکی زۆریان گرتبوو، ترسێکی ئەستوور نیشتبوو. کەس نەیدەزانی ئەو هەموو پاسە بۆ چییە؟

بەیانی جووتیارەکانی قوشتەپە هاتن وتیان، سوپا دەوری ئۆردووگای بارزانییەکانی گرتووە لە قوشتەپە. نیوەڕۆ کە دەگەڕامەوە بۆ ماڵ پاسەکانم بینی لە قوشتەپەوە دەگەڕانەوە، چی

ببینم، خودایە ئەوانەش بەندەی تۆ نین ئەدی بۆ زەلیلت کردوون بە دەست ئەو زاڵمانەوە؟!

لە پاسەکان ئاخنرابوون ئەو خەڵکە بێوانە خۆیان و بوزگڕو لانکی منداڵەکانیان. منداڵێک لەپشت پەنجەرەی پاسەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد دەتووت، مانگە لەپشت هەورەوە: بۆ کوێت دەبەن بەرخۆلەکە! بەسەر شۆستەکەوە خەریکبوو سنگم شەق بێ لە حەژمەتیان، بۆ کوێیان دەبەن؟ ئێوارەکەی زانیم بەرەو (شێروان مەزن) بردوویانن، ئەوێ سەرەتای دۆزەخە، ئەو بەعسە هاربووە!.

شەو پیاسەیەکی خێرام کرد بەنێو شاردا، کۆنە سندووق و کۆنە کەلوپەلی ئەو بارزانییانە لەبەردەم شێخەڵڵا دانرابوون و نایلۆنیان پێدادرابوو لەبەرباران. پاشماوەکانیان وەکو خۆیان غەریبن!.

- بەیانییەکی نەورۆزە و باران نم نم دەبارێ، کەس بیر لە چوونە دەرەوە ناکاتەوە. ئێوارەکەی خۆشیکردەوە. لە ماڵ دانیشتبووم تەنیا، میسرییەکەی هاوسێمان لە دەرگای دا وتی، بیستوومە لای ئێوە لە نەورۆزدا سەیران و ئاهەنگ دەگێڕن. وتم، ئێستا شین دەگێڕین! وەڵامم داوە، دڵنیابووم لێی و دەمزانی ئەویش دژی بەعسە، وتم کەس ناوێرێ بچێتە دەرەوە. وتی، لای ئێمە خەڵکێک هەیە سەدامی خۆشدەوێ. ئەوانە یان لەبەر عرووبەیە یان بێ ئاگان.

- چوومە گوندی (هەوێرە). گوندێکی نزیک گوێڕە دانیشتووانی عارەبن. دنیا تەواو تەڕبوو بە بارانی ئەو چەند رۆژە. لە ڕێگە گوندەڕووخاوەکان دەتووت گۆڕن سەریان کراوەتەوە، مەسیح چوویتە کوێ؟ دیوارە سووتاوەکان غەریبتر لە جاران دەیاننواند، ژیان بە دژوارترین سەردەمیدا تێپەڕدەبێ. دەڵێی، خمی پێدارژاوە ئەو

دەشتی شەمامکە. لیژنەیەکی دابەشکردنی زەوی کشتوکاڵ بووین! یەکێ دەردەکرێ و یەکێ زەوی پێ دەدرێ.

شێتێک لە هەوێرە بوو لاقێکی بە بوورغوو بوو دیاربوو سەقەتە، بانگم کرد و وتم پارچە زەوییەک بدەن بەو شێتە، هەندێک لە جووتیارەکان ویستیان نارەزایی دەرببڕن، شێتەکە دەستی بردوو بوورغووەکانی قاچی لێکردەوە و بۆ موختاری هاویشت. دواتر زانیم ئەویش قوربانی  جەنگی قادسییەیە.

- بەتەنیا لە ماڵەوەم. ماسییەکانم لەناو حەوزەکەدا دەخولێنەوە منیش بیر لەو جەنگە دەکەمەوە کە خەریکە هەمووان هەڵووشێ، لەناکاو   ماسییەکان تروکان، تاڵە هیوایەکی باریک لە دەمارەکانمدا گەڕا. چوومە بەردەم مێزەکەم و تا درەنگی شەو خەریکی نووسین بووم کە چوومە سەر جێگای نووستن وەک ئەوەی ماسییەکان گەرایان لەناو خەیاڵی من دانابێ وابووم.

- (حەیدەر)مان بەخاکسپارد. خوێن و خیزاو بە تەرمەکەیدا هاتبووە خوار، هەر بەکفنی خوێناوی و قایشەکەی مەچەکییەوە کە لەزیندان بەر لەکوشتن دەیکەنەدەستی، ناشتمان.

نۆ مانگ گیرا، بەنۆ مانگ هاتوو بە نۆ مانگیش ڕۆی.

- لەگەلی عەلی بەگ لە باڕێک لاماندا. سەربازێک هات و لەتەکمانەوە دانیشت بیرەیەکی خواردەوە و جلیکانەکەشی پڕکرد لەبیرە و سواری زیلەکە بووەوە. پرسیم، ئەوە مشتەری ڕۆژانەتە، عومەر کە خاوەنی باڕەکە بوو وتی، ئیشم لەسەر ئەوانەیە و شەوانیش قومار. سەربازێک پێی وتبوو، وانەبێ سەربازیی تەواو نابێ.

- محەمەد خزەیر لە چیرۆکێکیدا دەنووسێ: (رۆژانێک، جەنگ براوەتەوە و سەربازەکان گەڕاونەتەوەماڵەکانیان، بەیانییەک پاش ساڵانێک، خودەیەک لە بەردەم قووللەی پاسەوانێک دەوەستێ لە قەراخی رووبارێکدا)... جەنگەکانیش ببڕێنەوە پاشماوەکانیان دەمێنن.

- پاشماوەکان!!

- پاشماوەکان!!!

- هەردوولا هیلاک بوون لە جەنگ. خومەینی وتی، بڕیاری ٥٩٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشم بەناچاری قبوولکرد! پەرداخە ژەهرێکم خواردبایەوە لام خۆشتربوو. ئەمە قسەی ئیمام بوو. یەک ملیۆن کەس لەجەنگی هەشت ساڵەی ئێران و عیراق کوژران وچەند ئەوەندەش یەخسیر و سەقەت و پەراگەندە. ئەوجا ڕاگرتنی لە پەرداخە ژەهر بۆی ناخۆشتر بوو!

پەیامنێری رادیۆی بی. بی. سی لە تاران لە هاووڵاتیەکی پرسی، ئەو بارانە چییە بەو هاوینە؟ وتی، ڕەحمەتی خودایە بەرامبەر قبوولکردنی بڕیاری ٥٩٨!

رادیۆی ئیسرائیل دوو رۆژ پێشتر لەزاری ئەفسەرێکی موخابەراتەوە بڵاویکردەوە کە ئێران بڕیارەکە قبوولّ دەکا، کەچی مۆساد درایە دادگا چونکە ئەوانیش هەواڵەکەیان لە ئێزگەوە بیستووە!!

عیراق لەڕێی موجاهیدینەوە چۆتە ناو خاکی ئێران لەلای کرماشانەوە، ریگان و گۆرباچۆف یەکتریان بینی لە مۆسکۆ و پێکەوە بڕیاریاندا ململانێ هەرێمایەتییەکان رابگرن لە: کەنداو، کۆریا و ڤێتنام، کوبا و ئەنگۆلا، ئەفغانستان، فەلەستین. دەیانەوێ کۆنگرەیەکی ئاشتی

ببەستن (کێ جەنگ هەڵدەگیرسێنێ و کێ ئاشتی بەرپا دەکا؟)و ئاسایشی ئیسرائیل لەبەرچاو بگرن و مافی چارەنووسی فەلەستینییەکان دیاری بکرێ و پەیوەندی دبلۆماسی نێوان سۆڤیەت و ئیسرائیل دەستپێبکا..

- جیاوازی نێوان شەوی ٩/٢٢/ ١٩٨٠و شەوی ١٩٨٨/٨/٨: لەیەکەمیاندا خەڵکی عیراق لە ژێرزەمینەکاندا خۆیان حەشاردابوو لە دووەمیاندا بەسەر شەقامەکانەوەبوون، لەویان گوللەی راستەقینە ئاسمانی تاریکی کردبوو بەچراخان و لەمیاندا فیشەکە تۆمتەرەقە ئاسمانی ئاهەنگی ڕووناک کردبووەوە، ئەو خەڵکە چەند گرفتارن بە دەست حاکمەکانیانەوە؟!

- عیراق دوای هەشت ساڵ جەنگ سەرلەنوێ چووە ناو تونێلی جەنگێکی ترەوە لەکوێت بە بیانووی ئەوەی کۆمەڵە (شۆڕشگێڕێک!) کودەتایان کردووە لەکوێت ٦٠ هەزار سەرباز و ٥٠٠ دەبابەی عیراق چووە ناو کوێت.

ئیسرائیل تەماشاکەرە! لەهەردوو جەنگەکەدا. ئەمریکا سەرکردایەتی جەنگی ڕاگەیاند لەدژی عیراق. ئەمجارە ئێرانیش تەماشاکەرە بەگومانەوە.

- لە١٩٩٠/٨/٢ەوە تا ٢٧/ ٨/ ١٩٩٠ ترسێکی گەورە ناوچەکەی گرتۆتەوە لەکاتێکدا دەبوو بەگوێرەی ڕێکەوتنی مۆسکۆ ناوچەکە ئارام بکرێتەوە!

- یەخسیرەکانی جەنگ لەئێران دەگەڕێنەوە: سمکۆ وتی، چوار رۆژە ئیسراحەتم و نوێژی بەزۆریم نەکردووە. زەکەریا وتی، لەئۆردوگای گورگان بەدەست مار بارین و بۆق بارینەوە هەراسان ببووین، بارزان لەسەر باسکی نووسیبووی( الله محەمەد عومەر)

ئیسحاق وتی، بۆئەوەی بمکەن بەئیسلام خەتەنەیان کردم! ئەوانە نموونەیەکن لەموعاناتی یەخسیریی.

- یەکێک دەستێکی هاتبووەوە لە بەرەی جەنگەوە، کەسوکاری ئەو دەستەیان ناشتبوو، خۆی کە بەساغی هاتەوە کەسوکار نەیاندەزانی چی لەو گۆڕو لەو دەستەبکەن کە ببوو بە بەشێک لەوان!!!

ئەو هەموو پارچە مرۆیە زەلیلن بەدەست لەش ساغەکانەوە!

- شەوی١٩٩١/١/١٧ سەعات هەشت و نیو ئێزگەی ئیسرائیل وتی، ئەمشەو هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بەغداد دەستپێدەکات. دوای نیوەشەو (سەعات سێو چارەگ) دەستیپێکرد!

لەڕۆژی دواترەوە ئیتر عیراق گەڕایەوە سەر: رادیۆ، پاش ئەوەی پەخشی تەلەفزیۆن نەما، نانی جۆ، توتنی خۆماڵی و دەفتەری بافرە، فانووس و لۆکس...

ئێران تەماشاکەرە و ئیسرائیل تەماشاکەرە و ئەمریکا بکەرە!

ئێستا دوای ئەو هەموو جەنگە، ئێران هەر تەماشاکەرە و گومانەکەی زۆرتر بووە. عیراق (وڵاتی تارمایی)، فەلەستین(سفری دوای فاریزە)، ئیسرائیل هەر تەماشاکەرە و بزەی سمێڵی دێ، ئەمریکاش دووشەشی بۆ دەرچووە!

- حوشتر زێڕی لێ باردەکرێ و حوشترالوک دەخوا کابرایەکی عارەب وای پێوتم لەوەڵامی پرسیارێکمدا سەبارەت خەڵکی ڕەشۆک.

ئەوانەی زێڕیان لێ باردەکرێ سەبریان زۆرگرت، بەڵام خۆ دەبێ تووڕەبوونیشیان وەکو توڕەبوونی حوشتر بێ!

- ئەمریکا و ئێران لەناو گۆڕەپانەکەدان یاریکەری سێیەم کێیە؟

خوێنەر دەبێ لێم ببوورێ هەندێکجار گەردەلوولی ڕووداوەکان لەدنیای خۆم دەرم دێنن، چی بکەم ئەو فەزایە گشتییە باڵی کێشاوە

بەسەر هەموو شتێکدا منیش ڕۆژانی جەنگەکان پڕووشکی ئەو جەنگەم بەرکەوتووە و لەڕۆژژمێریشدا ڕەنگی داوەتەوە.

جەنگ بوومەلەرزەیە بەناچاری دەتباتە دەرەوە!

**مۆسکۆ** :

ـ یادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە و کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ڕووسیا خەڵکی سەر شەقام دەدوێنێ. هەندێک دەڵێن، شۆڕش بوو، هەندێک دەڵێن، نەگبەتی بوو!

جوانترین ڕابردوو ئەوەیە کە لەداهاتوودا ناسنامەی ناگۆڕێ.

ـ کەدەچیتە ئۆپیرا دەڵێی، هەموو خەڵکی خەریکی هونەرن، لەناو میترۆدا، دەڵێی، هەموو خەریکی خوێندنەوەن، کە دەشچیتە بازاڕ ئاگایان لەمەحموودی بێ زەواد نییە.

ـ (لینین) بەسەرە ڕووتاوە و سەکسووکە خەنەییەکەی لەپاڵ دیواری کرملین لەناو شووشەبەندێکی پاکدا نووستوە. لێیگەڕێن با خەبەری نەبێتەوە.

ـ خاتوو سمیرنۆفا دەڵێ: زازا کوردن.

زازا کوردن، کوردن زازا
زازا زازان، کوردیش کوردن
زازا زازا کوردن کوردن !

ئەدی خۆیان .. چی دەڵێن؟

ـ شاکرۆمحۆ مەڕێکی کڕیە و دەڵێ نەزری دەکەم بۆ ئاشتی کوردستان. بڕیارە ئەم ئێوارەیە لەو ئاشتییەی کوردستان تێر بخۆین!

حیکایەتی ئیسماعیل پێغەمبەرم بەبیر هاتەوە.

ـ ( ئاپۆ) لەئیتاڵیا گیرا، ڕۆژنامەیەکی ڕووسی نووسی، ڕووس ئۆجەلانی تەسلیم کرد!

رووسیا ئاگای لەسەری هارووماری ئەم رۆژهەڵاتەیە!

لەبەرئەوەیە، کە هەواکەی خۆشە یان لەبەر خاکەکەیەتی؟! دڵنیام کەس لەبەر خەڵکەکەی چارەی ناوێ.

- لە ماڵەکەی (د. ئەمین کەکوردێکی کازاخییە) لە قەراخی مۆسکۆ هەموومان پێکەوە گۆرانیمان دەوت، کوردی هەر دە دوازدە پارچەکە! حوسێن ناوێک کە خەڵکی چاچان بوو وتی، زۆرم پێ جوانە کە گۆرانی ئەوها کۆتانی کردووەتەوە.

- کۆرشی هەخامەنشی باپیری خۆی لەناو قەفەس زیندانی کرد تا کوشتی. کە خۆشیان کوشت، سەریان بڕی و کەللەیان خستە ناو تەشتێک کە پڕبوو لەخوێنی پێیان وت، دەتێر خوێن بە هەی خوێنڕێژ!!

- محەمەد خاتەمی سەرۆکی ئێران ئەوکاتەی سەری لەپاپا یۆحناپۆلسی دووەم دا لەڕۆما وتی، ئێستا جیهان لەهەموو کاتێک زێتر پێویستی بەئاشتییە، هەموو کەس بێزاربووە لە توندوتیژی.

ئاشتی کات و ناکاتی نییە هەموو کات پێویستە، ئێستا لەهەموو کات زێتر. ئەو حەسرەتە لەدڵی هەمووماندایە. جەنگ و توندوتیژیی وابڕوا ئەم دنیایە نغرۆ دەکەن لە خۆیان.

- حوسێن حوزنی لەمەهاباد لەدایک بوو، بە مێردمنداڵی کەسوکاری جێهێشت، لە یەریڤان قوتابخانەی کوردی دانا، لە١٩١٥ چاپخانەی کڕی و ماوەیەک لەحەلەب کاری پێکردوو ئینجا لە١٩٢٥ هێنایە ڕواندز و کۆوار و کتێبی پێ چاپکرد، دواتر لەسلێمانی لەگەڵ پیرەمێرد پێکەوە رۆژنامەی (ژیان)یان دەرکرد لە١٩٤٧ مردنێکی تەمومژاویی کۆتایی بەژیانی هێنا.

دروستکردنی مێژوو لەدروستکردنی دنیا زەحمەتترە!

ـ حەللاج دەڵێ : ژیانم لەکوشتنمدایە. داهاتووی خۆی بە ڕوونی دەدی!

ـ کردگار بەخەتی خۆی شتێکی لەسەر جەستەی مەردم نووسیوە، تەمەن هەمووی سەرف دەکەی لەخوێندەوەی کە دەگەیتە کۆتایی دەڵێی، هەمووت بەهەڵە خوێندووەتەوە، کاتی ئەوەش نامینێ سەرلەنوێ تێ هەڵچیتەوە.

ـ لای سۆفییەکان هەر پیتە و هێمایە بۆهەناسەیەک و بۆ خولیایەک. ئەلیف هەوایە و میم ئاوە و شین ئاگرە و هەرسێکیشیان حەرفی دایکن و هەریەکە و هێمان بۆ وەرزێک. خۆم وادێتە بەرچاو هاتبم ڕەگی پیتی(گ) بدۆزمەوە. ( گ ) هێمای زەمەنە، بەڵام زەمەنێکی کوردی! مەگەر هەروانییە، هەرکەسەو دەگەڕێ بەدوای بەهەشتە ونبووەکەی خۆی .

ـ دڵ مەیخانەیە، هەر بادەی یاقووتییە بەدەست سەرخۆشەکانەوە. مەیخانە جمەی دێ لەعیشق تا ئەو رۆژەی دەرگاکەی بەیەکجاری کلۆم دەدرێ. دڵ لەدڵ مەدە ئەوساش هەرچی شووشەی شەرابە لەڕووباری بەهەشت دەکرێ، هەڵیدە دڵشاد! ئەو رۆژە کەیە حەللاج؟!

# ژەهر و قەڵا

**لەدەرگای بایەزیدی بەستامیاندا**
**ئەویش لەپشت دەرگاوە وتی، کێتان دەوێ**
**وتیان، بایەزید.**
**وتی، لە ماڵ نییە!**

هەشتاکان شەڕی ناوخۆ لە چیاکان لەو پەڕی گەرمی دابوو، پەلوپۆشی پەڕیبووەوە ناو شارەکان.

ئەهریمەن ئامادەییەکی کاریگەری هەیە لەحیکایەتەکانی ئێمەدا، چ وەکو هێزی ڕێنیشادەر بۆ دۆزینەوەی پەنهانی پشت بیرکردنەوە، لەحیکایەتی یەکەم ئافەرێنراوەوە تا مەلەکە تاووس و یەشتەکانی زەردەشت. ئەهریمەن هێزی بێسنووری سەرکێش و شکاندنی ڕیتم و مل نەدانە بۆ بڕیار. یەکێک لە پایەکانی بیروباوەڕی کۆنی کورد لەسەر ئەم هێزە هەڵچنراوە. بەدەگمەن حیکایەتێکی میللی، یان ئەفسانەیەک دەدۆزیتەوە دێو، یان هێزێکی شەیتانی تێدا بەرجەستە نەبێ جا لە بەشەر، یان لە سروشتدا.

شەیتان و ئەهریمەن بە تێگەیشتنی ئیسلام یەک شتن، بە گوێرەی کلتووری غەیرە عەرەب دوو شتی جودان. شەیتان توانای ئەوەی

هەیە بخزێتە ناو دەروونی مەردمەوە و خۆی لە وردودرشتی کارەکان هەڵقورتێنێ، بە پێچەوانەوە لای ئێزدییەکان و زەدەشتییەکان لە ئاستێکی باڵادایە و لە پیرۆزیی نایێتە خوارەوە، لەسەر ئاستی باڵا لە ململانێدایە لەگەڵ ئاهورا و هەر یەکە و کاریگەری خۆیان هەیە تا ئەو ڕۆژەی ئاهورا لە ڕۆژی قیامەتدا ئەهریمەن دەشکێنێ!

گۆتە لە فاوستدا پەیمانبەستن لەگەڵ شەیتان، یان مفستۆفیلس دەکاتە بناخە بۆ بە دیهێنانی کامڵبوون و پەیمانەکە بەخوێنی فاوست دەنووسرێ .

هەشتاکان، باوەڕم وابوو کە نووسینی تێکست پرۆژەیە، پێویستی بە نەخشە و دارشتنە.گەڕان و پشکنین و کۆکردنەوەی زانیاری بەر دەستکردن بە نووسین پێویستە. دەمویست شتێک بنووسم سەبارەت بەو شەڕەی لە جەستەی کورددا بۆتە تیراوە !

شیعر سۆزێکی ڕووت نییە بارگاوییە بە ئەزموون .

دەمویست ڕەهەندێکی ئەفسانەیی ببەخشم بەوەی ڕوویدەدا لە جەنگی ناوخۆدا، بۆئەوەی لە ڕاستەوخۆیی خۆم بەدوور بگرم . دۆزینەوەی ڕەگی شەیتان! بۆ ئەم مەبەستەم شیاو بوو. دەبوو بگەڕێم و کتێبی کۆن بپشکنم. لەناو حیکایەتەکاندا دەقی (قەڵای جوڵندی)م هەڵبژارد.

قەڵا ڕەمزی بەرەنگارییە و شوێن و پەناگەیە .

قەڵای جوڵندێ کەوتۆتە نزیک دوکان لە شاخی ( ....... ) و ئەو پاشایەی حوکمی تێدا گێڕاوە فاوست ئاسا پەیمانی لەگەڵ شەیتان هەبوو، لەڕێی پیلانێکەوە ژەهری بۆ کراوەتە ناو تووتنی قەڵنەکەی و کوژراوە.

ئەم ئەفسانەیە لەگەڵ ڕەگی ژەهراوی دووبەرەکیدا دەگونجا.

جوڵندی دووقەڵابووە بەیەکەوە بەستراونەتەوەو ژەهر لەم قەڵایەوە بۆ ئەویتریان دەچێ و شەیتانیش ئامادەیە لەناو ڕووداوەکەدا. ئەنجام پاشا دەکوژرێ و حیکایەتی قەڵا دەبڕێتەوە !

زۆر گەڕام و سەرچاوەیەکی ئەوتۆم دەست نەکەوت لەبارەی ئەم ئەفسانەوە. لەڕێی مەحموود زامدارەوە گۆڕی پڕ نوور و جێگەی سەر ڕووباری شەرابی ئەبەدی بێ (زۆر دڵم خۆشبوو کە لەسەر گۆڕەکەی زامدار بە وردە بەرد نووسرابوو: تۆ نامری!( مەردم سروشتی نییەمێژووی هەیە بەڵام زامدار سروشتی هەبوو مێژووی نەبوو!) پەیوەندیم بە حەمە بۆرەوە کرد،گۆڕی ئەویش پڕبێ لە نوور، ماڵەکەی لەگەڕەکی بەتاوینی بەغداد بوو، ئەویش مەردانە چەند کتێبێکی پێدام و کەوتمە خوێندنەوەیان و زانیارییەکی باشم دەستکەوت لەبارەی جوڵندییەوە. پاش ماوەیەک شیعری (ژەهرو قەڵا)م نووسی. ئەم دەقە لەناوەڕاستی هەشتاکان بڵاوبووەوە، تیمەکەی بریتییە لەوەی، لەڕێی مەرگەوە درێژە بەژیانێکی ئەفسانەیی دەدرێ.

سۆردیللۆ لەکۆمیدیادا هاوڕێیەتی (دانتی) دەکاوڕەمزی نیشتمانپەروەرییە، لەوێ نووسیومە من سۆردیللۆم!

ڕەمزەکان دەتوانن کەش و تەشقی شیعرەکە لەپشت پەردەوە نیشان بدەن، ئەوکاتیش وابوو ئەو شتانەی دەنووسران لەبەر سانسۆر ئەگەر شراوە نەبووان بەزەحمەت ڕێی بڵاوبوونەوەیان دەبوو بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی تیمەیەکی مەیلەو سیاسی هەڵدەگرن. سەردەمی قادسییەی سەدام ئەو جۆرە بیرکردنەوانە لەلایەن بەعسەوەبە هی(فورسی مەجووس!) ناوزەد دەکران و تۆمەت هەڵبەستن ئاسان بوو. شیعرەکە جەنگی ئومێدو نائومێدی بوو .

یەکێک لەو کتێبانەی ئەوکاتە خوێندمەوە کتێوی «گەشتێک بۆ بووخارا لە١٨٤٣ تا ١٨٤٥» بوو، لە کتێوەکەدا هاتووە: پیرێکی جوو هاتەلام دەروێشێکی لەگەڵ بوو، دەروێشەکە لێی پرسیم، کێ ئاگر و ئاوی دروستکردووە؟ وتم دیارە کە خودا دروستیکردوون. وتی، ئەوانە وێرانکەر و مەترسیدارن و خودا ئەو جۆرە شتانەی دروست نەکردووە، دوو خواوەند هەیە یەکیان گوڵ و ڕووناکی و بلبلی ئەفراندووە و ئەوی تریان ئاوو ئاور و مار... .

نزیک کردنەوەی زەمەنەکان لە یەکتر و پەنابردن بۆ ئەفسانە بەشێکی دیاری بەرهەمەکانم پێکدێنن. ئەفسانەبە دیدی بلوم- ی جیمس جویس کە لەژیانی ڕۆژانەدا ڕەنگڕێژ بێ. لەم لایەنەوە سوودم لە ئەزموونی شیعریی ئیلییەت وەرگرتووە.

فرۆید ڕەگی خێر و شەڕی لە تەمی ئەفسانە دەرهێنا و بردیەوە ناو ناخی مەردم و کۆتایی بەئەفسانەی دەرەوەهێنا.

حیکایەتی ئایینەکان لەمەڕ ئیبلیس و کێ دروستیکردووە و بە ئەمری کێ ئادەمیزادی لە خشتە بردوو مار کێ دروستیکرد و بۆ هێز و مەنتیقی قەناعەتپێکردنی ئەو زیاتربوو. ئەم پرسیارانە هزری ئیماندارییان هێنایە لەرزین، بەڵام فرۆید هات و حیکایەتی نەگێڕاوە، بەڵکو ڕووی کردە نەستی مەردم و کەوتە شیکرنەوەی. ئەدەب داوی ئەفسانەی لەخۆی داماڵی و سەردەمی نوێ دەسەڵاتی بە یەکجاری گێڕایەوە بۆ مرۆڤ.

مرۆ کە فێربوو سەر دانەنوێنێ زەحمەتە بتوانێ بیرکردنەوەی بەکوێرەڕێدا ببا، مەرج نییە هەموو ئەوانەی ئامادە نیین ملکەچ بن ئەهریمەنی بن، چۆن مەرج نییە ئەوانەی ملکەچن ئاهورایی بن. ئەهریمەن سەرقافڵەی سەکێش و یاخیانە لەناو کتێبان. لەم بارەیەوە

زۆر حیکایەت سەیروسەمەرە هەیە، لەوانە حیکایەتێک بەناوبانگی نێوان موسا و شەیتان کە لە کێوی تور تووشی یەک دەبن و موسا بە ئیبلیس دەڵێ( لە ناو ئیسلام ئیبلیسە و لای زەردەشتی ئەهریمەن ...)، چی وای لێکردی سوجدە نەبەی؟ ئەویش وەڵامی دەداتەوە، ئەوەی بەربەست بوو بانگی یەکتا پەرستی بوو، ئەگەر سوجدەم بردبا وەک تۆ دەبووم، تۆ یەکجار وتیان تەماشای کێو بکە تەماشات کرد،من هەزارجار وتیان سوجدە ببە نەمبرد بەو مانایەی خۆم دەیزانم. حەللاج جوانترین وەسفی ئەو دۆخەی ئیبلیسی کردووە کە دەڵێ،

ئەگەر سوجدەی بۆ ئادەم بردبا ئیشکالێک دروست دەبوو لە بارەی خواوە.

دۆزینەوە وگەیشتن بەحەقیقەت دوو ڕێگای هەیە، ڕێی فیکر و ڕێی ئیمان، ڕێبوارانی ئەو دوو ڕێیە جودان. ئەوانەی هەردوو ڕێ لە خۆیاندا کۆدەکەنەوە عارفە گەورەکانن. کە هێندەی ئاهوراییین هێندەش ئەهریمەنین .

# کێڵگەی گەنم

ئەو هەموو بینا بەرز و بازاڕی گەورە و ئەو هەموو تەن کۆنکرێت و قیرە،
باخ و گوڵەگەنم دەسووتێنن
ژیان لەگوڵەگەنم دایە

*

هەر سەردەمە و پێویستی بەو بیروباوەڕە هەیە کە یارمەتی خەڵک دەدا بۆ تێگەیشتن
ژیان بەو بیروباوەڕانەوە گەشەدەکا

*

کتێب ئومێد دەبەخشێ و ئەدیبان باخەوانن
باخەوانەکان رەنج بەخەسارنیین

*

لە(پاریس) خەڵکی رێکوپێک و کەشخە دەبینی،
لە(لادێ)یش خەڵکی ئاکار بەرز دەبینێ. نازانم ئەم وتەیە هی کێیە.

*

(خاکی حەرام) لە جەنگدا پێویستە تێکبشکێنرێ، لەبیرکردنەوەشدا.
جەنگاوەر دەشێ ئازابێ بەڵام مەرج نییە ئازادبێ.
ئازادی بە جەنگ وەدەست نایێ بە ئاشتی وەدەست دێ.

*

هەر زاڵمەو زەواڵێکی هەیە
ئەو پەندە هەڵە ناکا، زاڵمەکان هەڵە دەکەن.

*

هەتا هاتووە ئازادی بەرتەسک کراوە و مرۆ کەوڵ کراوە و فیکر لەدار دراوە.

ئەو جورئەتەی سەردەمی عەباسییەکان لەناو ئیسلامدا دووبارە دەبێتەوە؟

بەشار بن برد لەو سەردەمەدا دەڵێ:

ابليس اشرف من ابيكم ادم     فتبينوا يا معشر الاشرار

(ئیبلیس شەرەفمەندترە لە باوە ئادەمتان لاتان ڕوون بێ ئەی شەڕەنگێزان)

یان ئەبو عەلای معەڕیی دەڵێ:

اذا ما ذكرنا ادما و فعالــه     وتزويجه بنتيه لابنيه فى الخنا

علمنا بان الخلق من اصله زنيه     وان جميع الناس من عنصر الزنا

الخنا: فحش ( داوێنپیسی ).

(وا دەزانن هەموو ئەو خەڵکە سەرخۆشن، خۆ مەستیش نین).

سوورەتی حەج

*

شەرەفخان، شەرەفنامەی بۆ داهاتوو نووسی. خانی، مەم و زینی بۆداهاتوو نووسی

کەچی هەوێنی بەرهەمەکانیان ڕابردووە .

ڕابردوو کە دەگاتە داهاتوو بە نەمریی دەمێنێتەوە

*

شەرەفخان لەدەربەدەریدا دەنووسێ:

لەو تۆپە دەچم کە لەگۆڕەپانێکی گەورەدا،
مانگ و ساڵەکان، کوتەکی چارەنووس، ئەمسەرو ئەوسەری پێدەکا.

*

لەهەموو نووسینێکدا غەفڵەت هەیە. لە(سفری تەکوین)ی تەوراتدا:

قابیل دەترسا لەوەی کەسێک بیکوژێ، لەخوا پاڕایەوەو ئەویش هێمایەکی لەسەر جەستەی نەخشکرد بۆ ئەوەی هەرکەس بیبینێ نەیکوژێ.

جیمس فرێزەر لەکتێبی (فۆلکلۆر لەتەورات)دا دەپرسێ، کێ هەبوولەسەر گۆی زەوی، جگە لە قابیل و هابیل و ئەدەم و حەوا؟ کەسێک! مەبەستی لە کێیە؟

هەر لە تەوراتدا لە ئیسحاحی یەکەمدا هاتووە، چۆن ئافەرێنەر هەموو زیندەوەری ناو ئاوو سەر زەوی دروستکردووە و لەڕۆژی شەشەمدا، مەردمی بەنێرومێیەوە لەسەر شێوەی خۆی ئافەراند، ئەوجا پیرۆزیکردن. کەچی لە ئیسحاحی دووەمدا هاتووە، کە ئادەمی ئافەراند پاشان هەموو بوونەوەری بۆ دروستکرد، کەچی ئادەم هەر هەستی بە تەنیایی کرد، ئەوجا ئافەرێنەر ئادەمی خەواند و لەپەراسووی ئادەم حەوای دروستکرد. جیمس فرێزەر جیاوازی نێوان ئەو دوو گێڕانەوەیە بۆ جیاوازی سەرچاوەکانیان دەگێڕێتەوە.

ئەوەش کتێبی کتێبەکان! مرۆ بە هەڵەوە جوانە.

*

داری قەزوان لای زەردەشتیان پیرۆزە، لەشیرەکەی شەرابی(هۆما) دروستدەکەن.

بڕواشیان وایە ئەو ساڵەی قەزوان زۆر بێ ساڵی قڕانی سەرۆکە زۆردارەکانە.

قەزوان زۆرە لەشام!
قەزوان زۆرە لە ئێران و تووران!
قەزوان زۆرە لای خۆشمان! ئامین.

❊

(کە گەیشتنە ئەودیو ڕووبار کەڵەک لەخۆ مەکەنە بار)
چۆن دەگەینە ئەودیو ڕووبار ئەی بوودا؟!